# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٣٨ ▪ پێنجشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا





## شەهیدبوونی ١٢١ کەس لە کوردستان

لە ١٠٠ ڕۆژەی ڕاپەڕینی سەرانسەری لە کوردستان و ئێراندا، ١٢١ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم شەهید کراون. بەپێی ئەم ئامارە ١٢ کەس لە شەهیدانی ڕاپەڕینی ژینا تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە و ٥ کەسیشیان ژن بوون.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان باس لەوە دەکەن چەندین کەس لە شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینە بە لێدانی باتۆم لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە شەهید کراون و زۆرینەشیان بە فیشەکی جەنگی کراونەتە ئامانجی هێزەکانی ڕێژیم.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە، ٤٠ کەس لەو شەهیدانە لە پارێزگای سنە، ٤٩ کەس لە پارێزگای ورمێ، ٢٩ کەس لە پارێزگای کرماشان و یەک کەس لە پارێزگای خوراسان و لە درێژەی ڕاپەڕینی ژینادا چوونەتە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە کە سێ کەسیان خەڵکی سونقوڕ بوونە و لە شارەکانی کەرەج، قەرچەک و قەزوین شەهید کراون.

# مەرجی هاوبەشیمان لە هەر هاوپەیمانییەکدا

# دانانە بە فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانمان




**مستەفا هیجری:**

## تێچووی زۆری کوردستان لە شۆڕشی ژینادا نیشانەی ڕقی ڕێژیم و بەچۆکدانەهاتنی کوردە

کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیەکدا لەگەڵ «کوردکاناڵ» ڕایگەیاند ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە هەرەسی هێناوە و تووشی هەڵوەرینی هێزەکانیشی بووە. بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزب دێموکرات ڕۆڵ و پێشەنگایەتیی ژنان لە ڕاپەڕینی ژینای بەرز نرخاند و گوتی ڕەنگە ئێمە ئەوە کە ژنان سەرپۆشی ئیجباری لەسەر خۆیان لا دەبن بە شتێکی کەم بزانین، بەڵام ئەوە یەکێک لە کۆڵەکە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ژنان بە دەستی خۆیان ڕووخاندیان و یەک لە بەها سەرەکییەکانی ڕێژیمیان خستە ژێر پێی خۆیان.

کاک مستەفا هیجری لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر سیاسەتی دەیان ساڵەی ڕێژیم بۆ نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران و گوتی ئەزموونی ئەو سەد ڕۆژەی ڕاپەڕین نیشانی دا کە نەک سیاسەتەکانی ڕێژیم جێ نەکەوتوون، بەڵکوو دروست بەپێچەوانەی ئەوان، نەتەوە جیاوازەکان و ئایینەکانی جیاوازەکان بە لایەنگری لە یەکتر دروشمیان دا و ئەو یەکیەتی و یەکڕیزی و یەکدەنگییە کە بە مانای هەرەسهێنانی ویستەکانی ڕێژیمە، دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو.

ڕۆڵی بەرچاوی مامۆستایانی ئایینی لە پشتگیریی خەڵکی ڕاپەڕیو و پشتکردن لە کۆماری ئیسلامی بابەتێکی دیکە بوو کە بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزب دێموکرات بە بایەخەوە باسی کرد. بەڕێزیان لە درێژەی وتووێژەکەیدا



باسی لەوە کرد کە کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا تێچووی مرۆیی زۆری دا و ئەوە بە ئاماری شەهیدەکان، گرتن و بریندارەکان و میلیتاریزەکردنی کوردستانەوە دیارە، هۆکارەکەشی قینلەدڵیی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و بەچۆکدانەهاتنی جووڵانەوەی شۆڕشی کوردە.

پێویستیی یەکخستنی توانا و وزەی خەباتگێڕی لە کوردستان و لە ئاستی سەرانسەریدا تەوەرێکی دیکەی وتووێژەکەی کاک مستەفا هیجری بوو. بەڕێزیان بە بایەخەوە باسی لە یەکگری و یەکڕیزیی کورد کرد و لەسەر پێویستیی هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەنێوان هەموو نەتەوە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا پێی داگرت. بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزب دێموکرات گوتی ئێمە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرانبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی ئێراندا، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە و هێز لە یەکگرتوویی دایە. ئێمە لە کوردستان هەرچەند یەکگرتووش بین لەبەر ئەوەی ناتوانین بەتەنیا ڕێژیم بڕووخێنین و لە تاران ناتوانین ببینە ئاڵترناتیو؛ دەبێ ئەو ئەرکە بە یەکگرتوویی زیاتر لەگەڵ خەڵکی ئێران بە ئەنجام بگەیەنین. (٣-٢)

## بڵاڤۆکی شارلی ئێبدۆ و کاریکاتۆری خامنەیی



بڵاڤۆکی «شارلی ئێبدۆ» لە فەرانسە لە یەکەمین ژمارەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠٢٣دا، وێنەکانی کۆتایی کێبڕکێی کێشانەوەی کاریکاتۆری خامنەیی بڵاو کردەوە. بڵاڤۆکی شارلی ئێندۆ لە وێنەکانیدا دەڵێت خامنەیی سەمبولی کەسێکی قاتڵە. لە وێنەکاندا خامنەیی بە پرچی ژنانەوە هەڵواسراوە و کۆتایی بە تەمەن و دەسەڵاتەکەی هاتووە.

بەڕێوەبەری ئەو بڵاڤۆکە گوتوویەتی بەهۆی بایەخی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کە لە ئاستی جیهاندا گرینگییەکی تایبەتی هەیە، دەبوا شارلی ئێندۆ گرینگی بەو ڕاپەڕینە بدات. بڵاڤۆکی شارلی ئێبدۆ لە ژمارەی ڕۆژی هەینی، ١٨ی سەرماوەزیدا وێڕای ناوبردنی عەلی خامنەیی بە ڕێبەرێکی ئایینیی دواکەوتوو و بێمێشک، گوتبووی خامنەیی ڕێبەری تەنیا ئەو کەسانەیە کە بوونەتە کۆیلەی. هەر لەو ژمارەیەشدا ڕایگەیاندبوو کە پێشبڕکێیەکی نێونەتەوەیی کێشانەوەی کاریکاتۆری خامنەیی بەڕێوە دەبا و داوای کردبوو کە دەبێ کاریکاتۆریستەکان، بە گاڵتەپێکردنی خامنەیی وێنەیەکی ڕێبەرێکی ئایینیی دواکەوتوو لە سەردەمی ئێستادا وێنا بکەن.


هێمن بایەزیدپوور:
**زانکۆکان سەنگەری ئاوەدانیی شۆڕشی ژینا** ٨

شاهۆ حوسێنی:
**من کوردانە بیر دەکەمەوە کە واتە هەم** ٤

حەسەن ساڵحزادە:
**پرسی فێرکاری و شۆڕشی ژیان لە کوردستان** ١٠

ئاسۆ مینبەری:
**ژینای ئێمە یان مەهسای ئەوان؟** ٧

برایم چووکەڵی:
**سترانبێژەکەی نێو خەون و خوێن** ٨

ڕەزا دانشجوو:
**تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات** ٩

### ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات:

## ئەزموون و دەسکەوتەکانی ١٠٠ ڕۆژی ڕابردووی ڕاپەڕینی ژینا، سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک بە سەر ڕێژیمی دیکتاتۆریدا دەنوێنێ

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا ئیرادەی بەردەوامبوونی گەلانی ئێران لە درێژەدان بە ڕاپەڕین و هەڵوێستی وشیارانەی کوردستانی لەم پێوەندییەدا بەرز نرخاند.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی (٢٤ی دیسامبری ٢٠٢٢ی زایینی) ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕاپەڕینەی لە ڕەهەند و بەستێنی جۆراوجۆری کوردستانی، ئێرانی و نێونەتەوەییدا تاوتوێ کرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەی بەڕێوەبەریی حیزبدا بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دانەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر دوایین سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات و بەشدارییان لە کۆنگرەی ئینترناسیونال سۆسیالیست و دیدارەکانی لەگەڵ کۆڕ و پارلمانتارانی ئورووپایی بە بەڕێوەبەریی حیزب، لەسەر ڕەوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان دژ بە دیکتاتۆری لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژەی ڕاپەڕینی ژینادا باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد.

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی حیزب لەسەر ئەم ڕاپەڕینە و وڵامدانەوەی خەڵکی کوردستان بە داوا و بانگەوازەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئاماژەی بە سیاسەت و پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکان کرد. هەروەها بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا هاوکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی دەسکەوتە گرینگ و پربایەخەکانی ئەم ڕاپەڕینە لە ماوەی کورتی چەند مانگی ڕابردوودا، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسی لە خاڵە لاوازەکانی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە کرد.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وردبوونەوە لە ئاستی بەشداریی خەڵک لە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان، نێوەڕۆکی دروشم و داخوازییەکان، ئاستی سەرکوتی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، ڕۆڵ و کاریگەریی کوردستان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئاستی پشتیوانیی دیاسپۆرای کورد و ئێرانی، دەوری تەشکیلاتی حیزب و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە خەڵکی ڕاپەڕیو دژ بە دیکتاتۆری لە ئێران، هاوپێوەندیی و هاوکاریی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و پرسی ئاڵترناتیڤ بۆ ئێرانی دوارۆژ، لەو باوەڕەدا بوو کە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینا دژ بە دیکتاتۆری لە ماوەی ١٠٠ڕۆژەی خۆیدا گەلێک هەنگاوی پڕ لە دەسکەوت و ئەزموونی بڕیون و ئەوەی تا ئێستا براوەی ئەم گۆڕەپانەیە، گەلانی مافخوازی ئێرانن.

لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستاندا ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب وێڕای قورس و گران بەراوەردکردنی تێچووەکانی تا ئێستای ئەم ڕاپەڕینە کە بریتین لە شەهید و بریندار بوونی سەدان و هەزاران کەس و دەستبەسەرکرانی هەزارانی دیکە لە لاوانی نیشتمان، ڕۆڵی وشیارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی لەم ڕاپەڕینەدا بەرز و بەرچاو لە قەڵەم دا کە بەپێی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەریی حیزب، کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ حیزبە سیاسییەکان و خودی کۆمەڵگەی کوردستان خوڵقاندووە.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ بەدەسکەوت گرتنی ڕۆڵی بەرچاوی ژنان و لاوان لە خۆپێشاندانەکان و ڕۆڵی بەرچاوی کاسبکاران و بازاڕییان لە داخستنی دووکان و بازاڕ و مانگرتنەکان، هاتنە مەیدانی خوێندکاران، مامۆستایان و قوتابیان لە زانکۆ و قوتابخانەکان و هەڵوێستی نەتەوەیی و پشتیوانیی دەروەستانەی مامۆستایانی ئایینی لە خەڵکی ڕاپەڕیو، نەبوونی ڕێبەرییەکی گشتگیر بۆ قۆناغی ئێستای ڕاپەڕینەکە و ئاڵترناتیڤ بۆ بەڕێوەبەریی سیاسیی دوارۆژ لە ئێرانی بە یەکێک لە کەمایەسییەکان زانی. لەم پێوەندییەدا بەسەرنجدان بە ڕۆڵ و قورسایی حیزب و لایەنەکانی کوردستان و چاوەڕوانییەک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ، بەڕێوەبەریی حیزب لە هەر دوو بەستێنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا کارکردن بۆ لابردنی ئەم کەمایەسییەی بە زەرووری زانی.

### مستەفا هیجری:

# ڕێژیم لە بواری ئیدئۆلۆژییەوە ڕووخاوە و هێزەکانی خەریکە هەڵدەوەرن

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی



**ئاماژە: تێپەڕینی ١٠٠ ڕۆژ بەسەر ڕاپەڕینی ژینا دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی ڕاپەڕین و تاوتوێی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بکرێت، دەسکەوت و کەموکوڕییەکانی لێک بدرێتەوە و وێنایەک لە دوورەدیمەنەکانی بەدەستەوە بدەین. هەروەها بەدوای وەڵامی کۆمەڵە پرسیارێکدا بگەڕێین کە کۆمەڵگەکە لەو چەقبەستووییە ڕزگار بکات. "کوردکاناڵ" بۆ ئەو مەبەستە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبوو کە "کوردستان" پوختە و کاکڵی ئەم دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.**

**کاک مستەفا ١٠٠ ڕۆژ لە ڕاپەڕینی ژینا تێپەڕیوە. بەرلەوەی چەند پرس و پرسیارێکی تایبەت لە خزمەت جەنابتدا بێنینە گۆڕێ، پێمان باشە لێکدانەوەی جەنابت لەسەر دۆخی ئێستای ئێران بزانین. ئێرانی دوای ئەم ڕاپەڕینە چ جیاوازییەکی لەگەڵ دۆخی پێش ئەو ڕووداوە هەیە؟**

ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەبێ باس بکرێ دوو بەشە، واتە دۆخی خەڵک و دۆخی دەسەڵات. بە نیسبەت کۆماری ئیسلامیی هەڵوەرین لە ڕێژیمدا دوای ئەو سەد ڕۆژە زۆرتر بووە و ئەگەر پێشتر گرووپێک، یان بە نیسبەتی کەم خەڵکێک بە دەوریانەوە مابوون و باوەڕیان پێ دەکردن، ئەوەش زۆر لە کەمی داوە. تەنانەت لەنێو هێزەکانی سەرکوتکەر، بەتایبەتی لەنێو مەرجەعەکانی شیعەدا کە پشتیوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، لەنێو ئەوانیشدا درزی تێکەوتووە و ئەو یەکدەستییەی لە هێرەمی دەسەڵاتی ڕێژیمدا هەبوو، ئێمە ئێستا ئەوە نابینین. بێجگە لەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە باری ئیدئۆلۆژیشەوە شکستێکی تەواوی خواردووە.

ئەگەر سەرنجتان دابێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، بەشێکی زۆر لە وزە، سامان و دارایی ئەو وڵاتەی تەرخان کرد بۆ ناوەندە ئایینیەکان بۆوەی بتوانێ ئەو نۆڕم و بەهاگەلەی بۆخۆیان وەکوو نۆڕم و بەهای ئیسلامی دەیناسن، نەوەیی نوێی پێ گۆش بکەن. لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، ئیدارە و تەنانەت کارگە و کارخانەکان و لە هەموو شوێنێک ئەو سیاسەتە گیرایە بەر. بەڵام ئێستا دەبینین ئەو نەسڵە کە ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەیان لەسەر کردووە و، بە تەمابوون بۆیان ببێتە پشتیوانی ڕێژیمەکەیان، ئەوە ئەوانن لەسەر شەقامەکان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دروشم دەدەن و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمن. بەتایبەت دەمەوێ ئاماژە بکەم بە دەوری بەرچاو و قارەمانانەی ژنانی ئێران کە زیاتر لە خەڵکی دیکە ستەملێکراو بوون. ڕەنگە ئێمە ئەوە کە ژنان سەرپۆشی ئیجباری لەسەر خۆیان لا دەبن بە شتێکی کەم بزانین، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە یەکێک لە کۆڵەکە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە ئەو خەڵکە بە دەستی خۆیان ڕووخاندیان و یەک لە بەها سەرەکییەکانی ڕێژیمیان خستە ژێر پێی خۆیان و ئەوانە دەستکەوتی زۆر گرینگن.

بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، ساڵانێکە پڕوپاگەندە دەکا بۆ ئەوەی شیعە و سوونی و نەتەوەکانی جیاوازەکان کە پێکهاتەی ئێران پێک دێنن، لەبەرامبەر یەکتردا ڕابگرێ؛ بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی، بە سیاسەتی هەڵاواردن، بە لێدانی تۆمەتی جیاییخوازی و... . بەڵام ئەزموونی ئەو سەد ڕۆژە نیشانی دا کە نەک سیاسەتەکانی ڕێژیم جێ نەکەوتوون، بەڵکوو دروست بەپێچەوانەی ئەوان، نەتەوە جیاوازەکان و ئایینەکانی جیاوازەکان بە لایەنگری لە یەکتر دروشمیان دا. ئەو یەکیەتی و یەکڕیزی و یەکدەنگییە کە بە مانای هەرەسهێنانی ویستەکانی ڕێژیمە، دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. لە بەشەکانی دیکەش وەک ئابووری و سیاسەتی دەرەکی، ڕێژیم تووشی داڕمان و هەرەس بووە. بەڵام ئەگەر بێینە سەر خەڵک، ئەو خەڵکە لەگەڵ ئەوەی تازیەباری لەدەستدانی خۆشەویستەکانیانن، ناڕاحەتن لەوەی بریندارییان زۆرن، خەڵکێکی زۆر گیراون و بێسەروشوێن کراون؛ بەڵام خەڵک براوەن و ئەو وێنایەیان دروست کرد کە خەڵک دەتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنێ و نیزامی سیاسیی دڵخوازی خۆی بێنێتە ئاراوە. خەڵک ئێستا ئیدی بەتەواوی ترسیان لە ڕێژیم شکاوە و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن. بەتایبەتی دەبینین خەڵکی دنیا لە پاڕلمانەکان، دەوڵەتەکان لە نێو ڕۆژنامەنووسەکان، هونەرمەندان و بە ئیستلاح سلیبریتییەکان، لە هەموو شوێنێک هاتوونەتە پشت خەڵک و بە ئاشکرا دژی ڕێژیم هەڵوێست دەگرن.

دەستکەوتێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە ئەگەر لە ساڵەکانی ڕابردوودا، دەماندیت خەڵک دەهاتنە سەر شەقامەکان، داواکان بۆ مووچەی دواکەوتوو، یان داخوازیی سینفییان هەبوو؛ بەڵام لەو سەد ڕۆژەدا دروشمەکان لەوە تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد ئامانج و دروشمی مەرگ بۆ ڕێبەری ڕێژیم بەرز کرایەوە. ئەوە پێمان دەڵێ کە ئەو خەڵکە ئیدی هیچ هیوایەکی بە ڕێژیم نەماوە و ئەو قەناعەتەی لەلا دروست بووە کە بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانەکانی و، بۆ ژیانێکی سەربەرزانەتر دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بڕوا.

**کاک مستەفا باستان لە دۆخ و دەسکەوتەکانی ئەم ڕاپەڕینە کرد. بەڵام دەرفەتەکان چی؟ ئەم دەرفەتانە چین کە بۆ پرسی کورد لە ئێران دروست بووە؟ هەروەها کورد چۆن دەتوانێ ئەم دەرفەتانە بقۆزێتەوە و لەپێناو دۆز و پرسە گەورەکەی خۆیدا بەکاری بێنێ؟**

گرینگتر لە هەموو شت ئەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، تەنانەت پێش کۆماری ئیسلامی و لە ڕێژیمی پەهلەویشدا کورد وەکوو خەڵکێکی یاخی و سەربڕ پێناسە دەکرا. کورد لەو سۆنگەیەوە بەتوندی سەرکوت دەکرا، زوڵمی لێ دەکرا و نەیاندەهێشت سەر هەڵێنێ، بەڵام ئێستا لە تاران، لە تەورێز، لە بەلووچستان خەڵک بۆ پشتیوانی لە کوردستان دروشم دەدەن. ئەوە دەرفتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لە زمان خەڵکی دیکەوە دەناسرێ. ئەوە دەرفەتێکی زێڕینە و ئێمە هان دەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەی غەیری کوردستان پێوەندی بگرین و ئەو پێوەندییە، مەعنەوی و سیاسییە کە هاتووەتە پێش بتوانین بەهێزتری بکەین. لێرەدا پێمخۆشە داوا لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بەتایبەت لاوەکان بکەم کە ئەو دەسکەوت و یەکگرتوویە بە هەند وەربگرن. ماوەیەکی زۆری کێشاوە، کورد زۆری خوێن داوە تاوەکوو ئازادیخوازی و بەها مرۆییەکانی خۆی بە خەڵکی ئێران و جیهان بسەلمێنێ. لەبیریشمان نەچێ ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بەشێوەی بەربڵاو دەنگی داوەتەوە و دنیا هاتووەتە پشتی؛ لەسۆنگەی ئەو یەکگرتوویەیە. ئێمە شان بە شانی خەڵکی ئێران دەتوانین، ڕێژیم بڕووخێنین و ویست داخوازییەکانی خۆمان بێنییە دی، بۆیە لەو پێوەندییەدا ئەوەندی ئیمکانمان هەیە و بۆمان دەلوێ دەبێ پتر تێبکۆشن و کەلکی پتر لەو دەسکەوتە وەرگرین.

دەرفەتێکی دیکە کە دێتە پێشێ مەسەلەی ڕۆژئاوایە بە ئەمریکا و ئورووپاوە. ئێستا جیهان دەزانێ کە ئەو ڕاپەڕینە، یەکەم هەنگاو لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد. ئێستا دەزانن کە ئەوە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بوون کە داوایان کرد خەڵک بێنە سەر شەقام و مان بگرن و خەڵک بە گوێیان کردن. ئەوە ئێعتبارێکی تازەتری داوە بە کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان داوە کە دەبێ بیکەینە دەسمایەیەکی باش بۆ دیپلۆماسییەکی بەهێز. ئەمن هەر لەو سەفەرە کورتەی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هەمبوو، ئەو تامەزرۆییەم بینی.

**کاک مستەفا لە تەنیشت ئەو باسانەی کە لەسەر دەسکەوتەکان و دەرفەتەکانی ئەم جووڵانەوەیە کردتان، بۆ هەمووان ئاشکرایە کە جووڵانەوەکە لە کوردستان هێندێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ نموونە ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی. واتە ئەگەر لە دەرەوی کوردستان دەبینین دیاردەی مەندیلفڕێدان هەیە و خەڵکەکە بە بێزراوییەوە لە ئاخوندەکان دەڕوانن، بەڵام لە کوردستان هەم ڕەفتاری مامۆستاییانی ئایینی جیاواز بووە و خەڵکیش ڕێزێکی زۆر تایبەتیی بۆ ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی هەیە. بەڕێزتان چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو جیاوازییانە هەیە؟**

جیاوازییەکی گرینگ هەیە لەنێوان ئەو دوو تەیفە لە کوردستان و دەرەوی کوردستان. ئەوەی کە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەوانەی کە موجتەهیدن خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی هەبووە کە لەسەر ئەو زوڵموزۆرییەی ڕێژیم لەو ماوەیەدا لە خەڵکی کردووە بێنە جواب. ئەوان بەپێی بنەما ئایینییەکانی خۆیان، دەبێ داکۆکی لە ستەملێکراو بکەن. بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بێجگە لە هێندێک لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە، ئەوانی دیکە هەر لەگەڵ ڕێژیمن و پشتیان لە خەڵک کردووە. بەڵام لە کوردستاندا بەپێچەوانەیە. لە کوردستان کەسایەتییە ئایینییەکان لەگەڵ خەڵکن، نیشتمانپەروەرن و لەو ماوەیەدا پشتی خەڵکیان گرتووە و دژی ڕێژیم ڕاوەستاون. هەرچەند ئەوە ڕەنگە بۆ ئەوان تێچووی زۆریشی هەبێت و لەو سۆنگەیەوە تووشی زیندان و لێپرسینەوە و سزای جۆراوجۆر بن، بەڵام ئەوان ئەرکی ئایینی و ئەخلاقیی خۆیان بەجێ هێناوە و بەرگرییان لە خەڵک کردووە، قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لەپێناو خەڵکەکەدا فیدا، کردووە و بێجگە لە ژمارەیەکی کەم ئەوانی دیکە لەو بارەوە بۆ خەڵک جێگای ڕێزن. بۆیە ئەمن ڕێزی یەکجار زۆرم بۆ ئەو مامۆستا و کەسایەتییە ئایینییانە هەیە و دەستخۆشیان لێ دەکەم و دەڵێم هەر ئەوە شایستەیانە کە بەرانبەر خەڵکەکەیان ئاوا ئامادەی فیداکارین؛ بێگومان کەسایەتی و خۆشەویستی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

**کاک مستەفا ئەم ڕاپەڕینە تێچووی زۆریشی بووە، بەتایبەت بۆ خەڵکی کوردستان تێچووەکان لەچاو شوێنەکانی دی قورس بووە، ئەوە بە ئاماری کوشتنەکان، ژمارەی برینداران، زۆریی گرتن و ڕەشبگیرەکان و شێوەی سەرکوتی خەڵک لە کوردستانەوە دیارە. بۆ؟ لەبەرچی؟**

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، نەتەوەکان بەتایبەتی کورد، لەژێر هەڵاواردنی زۆر ئاشکرادا بووە. ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە کورد هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، ئەو ڕێژیمەی باش ناسیوە

کوردستان
• ژمارە: ٨٣٨
١٥ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٢

**خەبات و تێکۆشانی کورد بۆ مافەکانی لە ئێران هەمیشە پڕ تێچوو بووە، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیتوانیوە خەڵکی کورد بەچۆک دابێنێ، بەڵکوو دەبینین کە ئەو نەتەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیرانەتر و بەورەتر دێنە مەیدان و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش کۆڵ نادەن**

و زانیوەتی کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ ویست و داخوازییەکانی خەڵک دابین بکا، بۆیە لەدژی ڕاوەستاوە. گەلی کورد لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا لە خەباتی خۆی بەردەوام بووە. بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە نیسبەتی خەڵکی کورد هەر پیلانگێڕی کردووە، زوڵموزۆری نواندووە، خەڵکی کوشتووە، ڕێبەرانی جووڵانەوەکەمانی تیرۆر کردووە و دوژمنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ کورد بووە. لەو سۆنگەیەوە خەبات و تێکۆشان و نارەزایەتییەکانی کورد لە ئێران هەمیشە پڕ تێچوو بووە. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیتوانییوە خەڵکی کورد بەچۆک دابێنێ، بەڵکوو دەبینین کە ئەو نەتەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژیرانەتر و بەورەتر دێنە مەیدان و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆڵ نادەن.

**واتە ئێوە دەڵێن کە ئەو تێچووانە بە هیچ شێوەیەک خەڵک چاوترسێن ناکەن و پاشگەزیان ناکەنەوە؟**

بێگومان. ئەمن پێموابێ هەر ئێستا ئەو خەڵکە کە تێچووی زۆریشیان داوە، ئەوان بە ئیرادەترن. ئەگەر سەرنجتان دابێ، ئەوەی ئێمە لەو ماڵەیەدا لە بنەماڵەی شەهیدان بینیمان، لە بابی شەهیدەکان، لە دایک و خوشک و برا و منداڵی شەهیدەکان، ئەوان هەمووی هاندەر و وەرەبەخش بوون. لەباتی لالانەوە و پاڕانەوە، لەباتی لاوازی و کەساسی، بەڵام وەک لیدێرێکی سیاسی خەڵکیان بۆ درێژەدانی خەبات هان دەدا. ئەوە نیشان دەدا، خەڵک دڵبریندارە، نارەحەتە، تازیەبارە، بەڵام لە عەینی حاڵدا، ورەی بەهێزتر و هیوای قاییمترە.

**کاک مستەفا وەکوو باستان کرد، ئەم ڕاپەڕینە دەسکەوتی زۆری بۆ پرسی کورد بووە، بەڵام لە تەنیشت ئەو دەستکەوتانە بێگومان ڕەنگە کەموکووڕی و کەمایەسییش بە ڕاپەڕینەکەوە دیار بێ، ئەگەر جەنابت بتەوێ خاڵە لاوازەکانی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەی، ئەوانە لە چیدا دەبینی؟**

ئەو سەد ڕۆژە تاقیکارییەکی زۆر گرینگ و مێژوویی بوو بۆ گەلەکەمان و خەڵکی ئێران بە تەواوەتی. لەوەڕاش کە ئەو خەباتە کۆتایی نەهاتووە، پێویستە وەک چۆن خاڵە بەهێز و دەسکەوتەکان باس دەکەین، خاڵە لاوازەکانیش ببینین. ئەمەش بۆ ئەوەیە بۆ داهاتوو خاڵە لاوازەکان بنەبڕ بکرێن هەتا تێچوومان کەمتر بێ. خاڵێکی لاوازی بنەڕەتی لە ئاستی سەرانسەریدا ئەوەیە لە شارە گەورەکان هێشتا خۆپێشاندانەکان میلیۆنی نین، تەنانەت چەند سەت هەزار کەسییش نین. بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێ پێویستە هەمووان بەشدار بن.

لە کوردستانیش لەگەڵ هەموو سەرکەوتنەکان کە بوومانە، بەڵام ئێمە دەمانتوانی بە وردبینیی زۆرتر، تێفکرین و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و بە لێکدانەوە و مشوورخۆریی زیاترەوە تێچووی ڕاپەڕینەکەمان کەمتر بکەین و ئەوەندە شەهید و بریندارەمان نەدابا. ئێمە وەکوو خەڵکی کورد کەممان نەهێناوە لە خەباتدا. ئەو دەمەی کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران خومەینییان لە مانگدا دەدیت و پیرۆزییەکی ئاسمانی بۆ ئەو ڕێژیمە قاییل بوون، کورد ئەوکاتە لەدژی ئەو ڕێژیمە خەباتی کردووە. یانی ئێمە ٤٤ ساڵە قوربانی دەدەین. ٤٤ ساڵە ئێمە دەڵێین ئەو ڕێژیمە کۆسپی سەر ڕێگای ئازادییە، ئەو ڕێژیمە زاڵمە و دەبێ بڕوا و و نەمێنێ. ئیدی پێویست ناکا ئێمە لە درێژەی خەباتەکماندا، بمانەوێ بیسەلمێنین کە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕین. بەڵکوو دەبێ شانبەشانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران بڕۆینە پێشێ، نە زۆرتر و نە کەمتر. ئەمن دەزانم لاوەکانمان تووڕەن، بێزان لەو ڕێژیمە، چونکە گەورەترین زوڵم لە لاوەکانمان کراوە بە کچ و کوڕەوە. بەڵام خەباتکردن دژی ڕێژیمێکی ئاوا پێویستیی بە تێفکرین و هەڵسەنگاندنە. هیوادارم ئەوە ببێتە دەرسێک لە داهاتوودا، لەگەڵ بەشداری زۆر چالاکمان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵام شانبەشانی خەڵکی ئێران بچینە پێشێ، بۆ ئەوەی تێچوومان کەمتر و لە ئەنجامدا دەسکەوتمان زیاتر بێ.

خاڵێکی لاوازی دیکە ئەوەیە هێشتا ئاڵترناتیڤی ڕێژیم دروست نەبووە و ئۆپۆزیسیۆنیش هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پلان و بەرنامەکانی توێژی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە بێنێتە سەر شەقام کە هیوادارم لە بەردەوامیی خەبات و بەرەوپێشچوونی جووڵانەوەکەدا هەمووان بتوانین ئەو کەمایەسییانە چارەسەر بکەین.

**لە دەرەوەی ئەو هیوادارییە بەڕێزتان کە زۆر جێگای سەرنجن، بەڵام پرسیاری خەڵک ئەوەیە کە ئەم ئاڵترناتیوە بۆ دروست نابێ. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆ بارتەقای گۆڕانکارییەکانی، کۆمەڵگەی ئێران ناجووڵێتەوە و ئەو کێشە و ناکۆکییانە چین کە ناتوان لە بارودۆخێکی ئاوا هەستیاریشدا کە ڕێژیم لە لێواری ڕووخانە؛ ئەوان لە دەوری لانیکەمی خاڵە هاوبەشەکان ساغ ببنەوە؟**

ئەمن سەرەتا کوردستان لە دەرەوەی ئەو باسە دادەنێم. بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە سیستمێکی دێموکراتیکمان لە وڵاتدا نەبووە کە خەڵک فێری کاری هاوبەش بکا. هەر کەس بۆخۆی، خۆی بە جەمسەرێک دەزانێ. خۆیان بێنیاز لە خەڵک و ڕاوێژی خەڵکی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دیوە. بەرژەوەندییەکان تەسک و سنووردار بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا و لە دۆخێکدا کە نوخبەکانی ئێرانی باس لە دێموکراسی دەکەن، خوێندەوارن و لە جیهانی ئازادی دەرەوەدا دەژین و ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە دێموکراتانەشیان هەیە؛ کەچی ناتوانن پێکەوە کار بکەن. بەداخەوە هەتا ئێستا کەس بیروبۆچوونی ئەویدیی قبووڵ نییە و هەر کەس پێیوایە بۆخۆی حەقیقەتیی موتڵەقە و ئەوە ئەوانی دیکەن کە دەبێ لە دەوری ئەو بهاڵێن. ئەوە بە داخەوە واقعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتە. بەڵام لە کوردستان، ڕاست بەپێچەوانەی ئەو دۆخەیە. لە کوردستان خەڵک لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەدا، ئەزموونی گەورەیان لە خەباتدا وەدەست هێناوە و تاقیکاریی زۆریان بووە. ئەزموون لە شکاندنی یەکتر، لە کوشتن و بوغزاندنی یەکتر و هەموو ئەوانەی تاقی کردووەتەوە. بەڵام بەو دەرەنجامە گەیشتوون هیچکام لەوانە ڕێگای ڕزگاری نین. ڕێگای ڕزگاری لە یەکگرتوویی و لە بەهێزبوون‌دایە. ئێمە پێشتریش ڕامانگەیاندووە، خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبێ ببێتە هێزی شوێندانەر. بۆ ئەوەش کە ببێتە هێزی شوێندانەر دەبێ یەکگرتوو بێ. هێز لە یەکگرتوویی‌دایە و بۆ ئەوەی بتەوێ لەگەڵ لایەنی دیکە یەکگرتوویی پێک بێنی، دەبێ حەقانییەتێک کە بیری لێ دەکەیە و باسی لێ دەکەی هەمووی لە خۆتدا نەیبینی و لە خەڵکی دیکەشدا ببینی بۆوەی بتوانی بەرنامەی هاوبەشت لەگەڵی هەبێت. ئێستا پێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە کوردستان یەکگرتوویی بەکردەوە هەیە و ئەوە جیاوازییەکی گەورەیە لەنێوان ئەو دوو بەشە لە ئێراندا.

**لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئێمە سیستمێکی دێموکراتیکمان لە وڵاتدا نەبووە کە خەڵک فێری کاری هاوبەش بکا. هەر کەس بۆخۆی، خۆی بە جەمسەرێک دەزانێ. خۆیان بێنیاز لە خەڵک و ڕاوێژی خەڵکی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دیوە. بەرژەوەندییەکان تەسک و سنووردار بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا و لە دۆخێکدا کە نوخبەکانی ئێرانی باس لە دێموکراسی دەکەن، خوێندەوارن و لە جیهانی ئازادی دەرەوەدا دەژین و ئەزموونی پێشکەوتووی ئەو وڵاتە دێموکراتانەشیان هەیە؛ کەچی ناتوانن پێکەوە کار بکەن**

**هەر ئەم جیاوازییانە لەو ماوەیەدا واقعی سیاسیی گرینگی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە هەرکات ناوەندی هاوکاریی دوای مانگرتنی کردووە، وەڵامی خۆی لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتووە. بەڵام کاک مستەفای بەڕێز ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، یان ناوەندی هاوکاری هەر بەو مێتۆدە لە خەبات لە کوردستان بەردەوام دەبێ، یان پلان و بەرنامەیەکی دیکەتان بۆ ڕاپەڕین هەیە؟**

بێگومان هەر قۆناغێک لە خەبات، ڕێوشوێن و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر بەو شێوەیە کە کۆمەڵگە دەگۆڕێ، خەبات ڕەنگی جیاواز بە خۆییەوە دەگرێ و دروشمەکان دەگۆڕدرێن و داخوازیی خەڵکیش دەگۆڕدرێن و دەبێ حیزبە سیاسییەکان پێ بەپێی ئەوە ئاڵوگۆڕ لە بەرنامەکانی خۆیاندا پێک بێنن. ڕەنگە ئەو شێوە خەباتە لە ماوەی ئەو سێ مانگە یان ١٠٠ ڕۆژەدا لە پشت سەری خۆمان بەجێمان هێشت، نەتوانین بە عەینی، ئەو مێتۆدە دووبارە سەرکەوتن بەدەست بێنێ. بۆیە ئێمە ئێستا هەم لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەمان و، هەم لە ناوەندی هاوکاریی خەریکی لێکدانەوە و تاوتوێکردنی ئەزموونی ئەو ماوەیەین، بۆ ئەوەی بزانین چ ڕێگەچارەیەکی دیکە دەتوانین بێنینە پێشێ کە هەم خەباتەکە بەردەوام بێ، هەم خەڵکیش ماندوو نەبێ و بتوانی بچێتە لە خەباتەکە بچێتە پێش.

**کاک مستەفا جەنابت دەورە دیمەنەکانی ئەو ڕاپەڕینە چۆن دەبینی؟**

من ئەوە قسە و بیرباوەڕی ئێستام نییە، بەڵکوو زۆر لەمێژە گوتوومە لەوەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەڕووخێ و ناتوانێ درێژە بە مانەوەی خۆی بدا، ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم و ئەو باوەڕەم بەهێزتر بووە. ئەوەی ئێستا بڕوای منی بەهێزتر کردووە ئەو دەستکەوتانەیە کە لەو ١٠٠ ڕۆژەدا بەدەست هاتووە زۆر گرینگ بوون. بەتایبەتی لە کوردستان و باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران وەکوو بەلووچستان کە پێویستە، ڕێزی لێ بگرین. بۆیە من ئاراستەکە ئاوا دەبینم، ڕۆژبەڕۆژ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەو لاوازیی زیاتر دەڕوا و لە ڕووخان نیزیکتر دەبێتەوە. هۆکاری ئەوەش زۆرتری دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە عەقڵییەت و تێگەیشتنی ئەوەی نییە گوێی لە خەڵک بێ و هەنگاوێک لەپێناو ویست و داخوازی خەڵکدا هەڵێنێتەوە. ئەوە تایبەتمەندیی دیکتاتۆرەکانە لەباتی ئەوەی گوێ لە خەڵک بگرن و داخوازیی خەڵک جێبەجێ بکەن، بەرنامەی خۆیان دەبەنە پێشێ و ئەوە دەبێتە عامیلی ڕووخانەکەیان. لەلایەکی دیکەوە بەو وشیاری و ئاگاییە کە خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کورد بەتایبەتی بە دەستی هێناوە، ئەم ڕێژیمە چیدی ناتوانێ بەو عەقڵییەتەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. جا هۆکاری دیکە زۆرن، ئەوەش کە جیهان پشتی کردووەتە کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر فشاری بۆ دێنن و ئەو فشارانە لە داهاتوودا زیاتر کاریگەرییان لەسەر کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ.

**کاک مستەفا پرسیار زۆرن، بەڵام کات کەم. ئەگەر لە کۆتاییدا پەیامێک، یان بابەتێکی نەگوتراو و باس نەکراوتان مابێت بفەرموون.**

**من شتێکی کە دەمەوێ پێداگریی** لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی یەکگرتووییە. داوام لە خەڵکی کورد ئەوەیە ئەوەندەی لە فکری یەکگرتووی کورد و نێوماڵی خۆماندا هەن ئەوەندەش لە فکری یەکگرتوویی بن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران، بەتایبەت نەتەوەی فارس. ئێمە، بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بەرامبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، پێویستیمان بە یەکگرتوویی هەیە وەکوو عەرزم کردن هێز لە یەکگرتوویی‌دایە. ئێمە لە کوردستان‌دا هەرچەند یەکگرتووش بین ناتوانین بە تەنیا ڕێژیم بڕووخێنین و لە تاران ناتوانین ببین بە ئاڵترناتیو. بەڵام بە یەکگرتوویی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. بۆ ئەوە هەم دەبێ ئەو سیاسەتەمان درێژە پێ بدەین و حورمەتی خەڵکی دیکە بپارێزین، هەم لەلایەکی دیکە نابێ هیوا و ئومێدمان لە دەست بدەین پێمان وا نەبێ کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەمجارەش، خەڵکی سەرکوت کرد هەمووشتێک تەواوە. چونکە لە ڕاپەڕینەکانی پێشوودا لەو جارەشیان خەڵکیان زیاتر کوشت. بەڵام بەو حاڵەش خەڵک هاتنە مەیدان. ئەو خەڵکە بەو ئاگاییە گەیشتووە هەتا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەست لە خەبات هەڵناگرێ. بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بکەین بە هەڵەکانمان، کەموکووڕییەکانمان و بەتایبەتی ئەو یەکگرتووییە بپارێزین و بەرفراوانتری بکەین.

***

# بۆچی کوردستان کۆڵ نادا؟



ئەلبورز ڕۆژئینتەن

"کوردستان کۆڵ نادا" زیاتر لە هەشتەگێکی ئەم ڕۆژانەی دونیای مەجازی، هەڵگری ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، واتە کۆڵنەدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو سەدان ساڵە بە بەژن و باڵای کوردستان بڕاوە. دوای سەد ڕۆژ لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادییش دەبینین کوردستان سەرچاوەی سەرەکیی ترسی ڕێژیمە و چین و توێژی جیاجیا هەر بە هەمان هەستی یەکەم ڕۆژەوە بە گوڕ و تین بۆ بەردەوامیی شۆڕش.

زێدەڕۆیی نییە بگوترێ کەم نەتەوە لە دونیادا هەیە بە قەت نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ژینوسایدی فیزیکی و فیکری و هەروەها سەدان جۆری دژایەتی و سیاسەتی چەپەڵی لەنێوبردنی هەمە جۆرە بووبێتەوە و، دیسان وەک گڕکانی چالاک بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بە دم چاوی داگیرکەردا بتەقێتەوە و ئەو ترسەی بەردەوام لە دڵ و مێشکی دوژمندا دروست کردبێت کە کورد لە پێناو دەستەبەری مافەکانیدا کوڵ نادات.

ئێستاش ئەو گڕکانەی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئامادەیە بۆ ئەوەی بە تەقینەوەیەکی دیکە، شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە قوناغێکەوە بەرەو قوناغێکی دیکە ببات. بەڵام چی وای کردووە کە کوردستان کوڵ نەدات؟ گەلێک فاکتەری مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی، ڕۆشنبیری هەن کە هەر کام لەوان لە بەستێنی جیاوازدا کاریگەریی یەکجار زۆریان هەیە و باس و لێکۆڵینەوەی ئەو فاکتانەش یەکێک لە پێداویستیەکانی ناسینی کوردستان و خەباتە ڕەواکەیین، هەروەها پێداویستیی دانانی پلان و بەرنامەش بۆ داهاتووی کوردستانن.

یەکێک لەو سەدان فاکتانەی کە هەن و لەو بابەتەدا سەرنجی خوێنەری بۆ ڕادەکێشێن، هەڵسوکەوتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە لە سەد ڕۆژی ڕابردوودا کە یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەامیی شۆڕش و بەڵگە بۆ ئەوەیە کە "کوردستان کوڵ نادات". کاتێک ڕێژیم لاوێکی ڕاپەڕیو یا هەر لاوێکی دیکەی کوردستان دەکاتە ئامانج، یەکەمین ئامانجی نەهێشتنی پوتانسیلی بەرخودان و بەرەوڕووبوونەوەی ڕێژیمە، دووەم دەیهەوێ ترس و توقاندن کە تایبەتمەندییەکانی هەر دیکتاتورێکە لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو بکاتەوە کە ئەوە سەرئەنجامی ئەوانە کە ڕادەپەڕن و بە شێوەیە دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی پێش لە چەکی گەرمی ڕێژیم، یەکێک لە چەکە نەرمەکانی واتە ترس و توقاندن کۆمەڵگاو شۆڕش بکاتە ئامانج.

بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو و بە تایبەتی سەد ڕۆژی ڕابردووی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هیچ کات بە لەدەستدانی ئازیزانیان کە ئازارێکی یەکجار زۆرشیان هەبووە ورەیان نەڕووخاوە، بەڵکوو هەر یەک لەو بنەماڵانەی سەربەرزی شەهیدان بوونەتە کانیاوی ورە بۆ هەموو کۆمەڵگە و لەو کانیاوانەش ڕووباری بەخوڕ هەڵستاون کە بوونەتە شەپۆلی ڕقی پیرۆز بەرانبەر دوژمن و بوونەتە هێزی بەردەوامیی شۆڕش.

لەو ماوەی ڕابردوو ئەو بابەتە کە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵەی سەربەزی شەهیدان لە کوردستان دیتومانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێن کە ئەوان بە ورەی بەرزی کە هەیانە، بە هەستی شۆڕشگێڕانە و خۆڕاگری کە هەیانە، لە بەرانبەر ئەو چەکەی دیکتاتورەکان کە دەیانهەوێ ترس و توقاندن دروست بکەن وەک قەڵغانێکی بەهێز ڕاوەستاون و توانیویانە ببنە سەرمەشقی شۆڕش و شۆڕشگێڕان بۆ بەردەوامیدان بە شۆڕش؛ ئەوان ترس دەرەوێنن و تۆوی ئازایەتی و هیوا و ورە دەچێنن.

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نەک ورەیان بەر نەداوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا بە وتار و کرداریان هەوڵ دەدەن ببنە هیوایەک بۆ گەلی زامدار، هەر یەک لەو وشانەی کە بە کاری دەهێنن، لەسەر قەبران، لە کۆڕی هاودەردی و هاوخەمیی خەڵکدا، هەڵێنجراوی مێژووی سەدان ساڵەی کوردن، کە بە بیستنیان دەتوانی تابلوی قارەمانی و حەماسەی مێژووی کورد ببینیەوە، تەنانەت هەستی ئەوە کە بۆچی کورد و کوردستان کوڵ ناداتت بۆت دەردەکەوێ، جا ئەگەر "جەرگی کون کونی" بنەماڵەی سەربەرزی شەهید ئاوا بێت، کەواتە چۆن گەل چۆن خۆڕاگر و بەردەوامیپێدەری ڕێبازی ئەو شەهیدانە نابێت!

ئەو ڕاستییە تەنیا لەنێو کەسانی گەورەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نا بەڵکوو تەنانەت لە ڕامانی منداڵانی بچووکی شەهیدانیشدا دەبیندرێ؛ ڕامانێک کە خۆڕاگرە، ڕامانێک کە هیوایەکی مەزن لەنێو گەلدا دروست دەکات. شەهید ڕێبازی بەردەوامە و، بەردەوامیی ڕێبازی شەهیدیش بەردەوامیی شۆڕش هەتا سەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە.

بەدەر لە هەموو ئەو بەرنامە سیاسییانەی کە لەلایەن هێز و لایەنە سیاسیەکاندا هەیە، جیا لە هەموو ئاجێندایەک کە هەر هێزێکی دیکە بە نیسبەت کوردستان هەیەتی، ئەو ڕاستییەی کە کوردستان کوڵ نادات زیاتر لە هەموو بابەتێک خۆی دەنوێنێ، ئەو کوڵنەدانە کە بەرهەمی خۆڕاگری و قارەمانەتیی ئیرادەی بەرزی کومەڵگەی کوردی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانە، زیاتر لەوەش ئاکامی ئەو کوڵنەدانە تەنیا ئامانج و تاکە ئاکامی ئەو کوڵنەدانە، ئازادیی کورد و کوردستانە.

***

کوردستان
• ژمارە ٨٣٨
١٥ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٣

خالید عەزیزی

# چارەسەری پرسی کورد دەرفەتێکە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکدا لەگەڵ "ڕووداو"دا تیشکی خستە سەر دەسەکەوتە سیاسییەکانی گەلانی ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا. بەڕێزیان پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا ڕاپەڕینی گشتیی گەلانی ئێران دژی دەسەڵات ڕووداوێکی گرینگ لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم بوو، و کوردستان لەو ڕاپەڕینەدا نەخشی سەرەکی دەگێڕێ.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وتووێژەدا ڕایگەیاند ئەو ڕاپەڕینە لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی یەکگرتوویی و یەکدەنگی دژی ڕێژیمی پێوە دیار بوو. هەروەها بۆ یەکەمجار پاش هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو نەتەوەکانی ئێران یەکدەنگ و یەکهەڵوێست و بە یەک دروشم ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕێژیم بوونەوە و بەوەش کۆمەڵگەی جیهانی ئەو پەیامەی وەرگرت کە کێشەکانی ئێران تەنیا لە پرسی بەرنامەی ناوکی و ڕێککەوتنی بەرجامدا نەبینن.


کاک خالید لە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی نەتەوەکان لەو ڕاپەڕینەدا گوتی کوردستان نەخشی سەرەکیی هەیە و ئاخێزی خەڵکی کوردستان و بەرجەستەبوونی دروشمی سەرەکیی ڕاپەڕین لە کوردستان و پەلهاویشتنی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەو تێگەیشتنەی جێ خستووە کە چارەسەری پرسی کورد و پرسی نەتەوایەتی لە ئێران دەرفەتێکی گرینگە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لەو وڵاتەدا. بەڕێزیان نەیشاردەوە کە ڕوانگەکان ئێستا بە نیسبەت کوردستان گۆڕاون و ئێستا ئیدی نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەکوو پێشوو چاو لە کوردستان ناکەن.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی ئەم وتووێژەدا گوتی: "گەلانی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانەوە، تێچوویەکی زۆریان داوە و، لە ئێستادا پێویستە و ئەرکە لەسەر شانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵات کە بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن و ببینە ئاڵترناتیڤێک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران". بەڕێزیان بە وەبیرهێنانەوەی مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە گوتی: "ڕێژیمی ئێران بەئاشکرا سەروەریی خاکی وڵاتی عێراق پێشێل دەکا و ئەوە ئەرکی حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە پێش بە سەرەڕۆییەکانی ئەو ڕێژیمە بگرن و ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام هەوڵی پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقمان داوە و لەسەر پرەنسیپەکانی خۆمان بەردەوام دەبین."

کاک خالید عەزیزی لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" بە ئاماژە بە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە سەد ڕۆژە بەردەوامە گوتی: "ئەو شۆڕشە کە لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە، لووتکەی خەباتی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە".

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکە لە دیمانەیەکدا سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەمبەر ڕاپەڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی گوتی: "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەوە گەلانی ئێرانن قسەی کۆتایی دەکەن و ئەوە ئەوانن بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوابڕیار دەدەن، نەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی".

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروستبوونی ئاڵترناتیڤێک وەکوو جێگرەوەی ڕێژیمی ئێران، گرینگیی پەیوەستبوونی شارە گەورەکانی ئێران بەو ڕاپەڕینەی بە دوو ئەرکی هەنووکەیی لە ڕاپەڕینەکە زانی و دەور و نەخشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەو ڕاپەڕینەدا بەباش وەسف کرد.






# کۆژیتۆی کوردی

## (من کوردانە بیر دەکەمەوە، کە وابێ هەم)

**لەبری پێشەکی:**

کورد لە کوردستان وەک بوونێک زۆربەی کات لەنێوان سێ بوونی کلۆنیالیستی ئیسلامی، لێنینیستی و کەماڵیستی، ئێرانیستی و عەرەبیسمدا گێژی خواردۆتەوە، واتە حەولی داوە بوونی خۆی، کێشە و قەیرانەکانی و مسۆگەربوونی لەڕێی ئەم زەینە کلۆنیالیستیانەدا بخوێنێتەوە و چارەسەریان بکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە گرینگترین تایبەتمەندیی نیزامی ئێپیستمۆلۆژیی (مەعرفەتناسی) ئەم زەینانە، ڕوانینی ئۆبژێکتیڤیستیانە بە نیسبەت کورد، کێشەی کورد و بووناسیی کوردە. ئەوان بە بەردەوامی حەولی سڕینەوەی کورد وەک بوون دەدەن لەڕێی تواندنەوەی کورد لەنێو ئەو شوناس و چوارچێوە زەینیەدا کە بوونێکی مەسخکراو لە کورد دەردەخات. ئەم زەینە کلۆنیالانە حەول دەدەن لەڕێی بەرگرتن بە دەرکەوتنی کۆژیتۆی کوردی و سەپاندنی کۆژیتۆی ئیسلامی، لێنینستی، کەمالیستی، ئێرانیستی و عەرەبی بوونێکی دەسکرد، دەستەمۆ و ملکەچ لە کورد بەرهەم بهێنن. واتە لەڕێی داگیرکردنی زەینی و مەعریفیی کورد، بەتاڵکردنی کورد وەک بوون لە کۆژیتۆی کوردی و نێوئاخنکردنی بە زەینێکی دەرەکیی داگیرکەر، سەربەخۆیی لە کورد داماڵن و بەر بگرن بە دەرکەوتنی بوونێکی سەربەخۆ لە کورد. واتە لەڕێی بەرگرتن بە دەرکەوتنی کورد وەک بیر، زەین و فەلسەفە بە مانای ئەندێشەی لۆژیکی و پاساوکەری فۆرمێک لە بوون یان کۆژیتۆی کوردی بە مانای بوونێکی خۆپێناسەکەر، خۆدەرخەر و خۆڕێکخەری سەربەخۆ، بەر دەگرن بە سەربەخۆیی کورد لە بوارەکانی تری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئابووری. ئا لێرەڕایە کە گرینگایەتیی کۆژیتۆی کوردی دەردەکەوێت و پێویستە تیشکی بخرێتە سەر و شرۆڤە بکرێت.

### کۆژیتۆ دەستپێکی سەربەخۆیی

کۆژیتۆ دەستپێک، بنەما و ئەساسی هەستیە، کە لەو ڕا مرۆڤ وەک تەنیا سوژەی ڕاستەقینە بەو هۆیەوە کە مرۆڤ بیر دەکاتەوە و لەڕێی بیرکردنەوە خۆی، ئەویتر و جیهان دەردەخات، دەردەکەوێت، واتە لەڕێی کۆژیتۆ مرۆڤ دەگاتە ئەو پلە و بایەخە وەک سوژە کە هەموو بوونەکانیتر بوونیان دەرووەست بە بوونی مرۆڤە. کۆژیتۆ لەڕێی "من بیر دەکەمەوە"ڕا دەردەکەوێت، ئەو ئەندێشە، زەین و هزرەی کە پێداگری دەکات لە ڕەسەنایەتی، هێز و حزووری مرۆڤ وەک تەوەرە و ناوەندی جیهان بەگشتی.

لە ڕاستیدا لەڕێی منی بیرمەند و منی بیرکەرەوەڕایە کە هەم خۆم وەک جیسم و هەموو جیهانی دەرەوەی من مەجالی دەرکەوتن و مسۆگەر بوون پەیدا دەکەن. بەگشتی دەشێ بگوترێ مرۆڤ بە بیرکردنەوە و بە دەرکەوتنی"من بیر دەکەمەوە" دەور و نەخشیکی تەوەریی لەنێو هەموو بوونەکانیتردا بۆخۆی مسۆگەر کرد و لەڕێی چەمکی "من بیر دەکەمەوە کە وابێ هەم" سەرکەوتنی منی مرۆڤ و پێگەی منی مرۆڤ کە لەخۆگری سەربەخۆیی منە بەسەر بوونەکانیتردا مسۆگەر دەبێت. بێ گومان ئەو یەقینە بە بوونی خود و بە من وەک کۆژیتۆ لە شک و گومانەوە دەست پێدەکات، مرۆڤ لەڕێی گومان خستنە سەر ئەو دیاردانەی کە ئەو لەخۆ دەگرن، پێناسەی دەکەن و شوناسی بۆ ساز دەکەن، دەتوانێ بە خودی ڕاستەقینە و خۆبنیادنەری بگات، مرۆڤ لە ڕێی گومان خستنەسەر ئەو شوناسە داسەپاوەی کە ئەویتری پاوانخواز، داگیرکەر و داپڵۆسێنەر بە سەریدا سەپاندەوە دەگاتە خودی گەوهەری ڕاستەقینە. بەو پێیە دەشێ بگوترێ کە دەرکەوتنی من وەک کۆژیتۆ بە مانای منی خاوەن هزر و ئەندێشەی سەربەخۆ وەک بەرهەمێکی لۆکاڵی منی ڕەخسیو لە جەغزی ئەویترە کە ڕێگا بۆ سەربەخۆیی لە بوارەکانیتر دەڕەخسێنێت و بنەمای سەربەخۆییەکانیترە.

### هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ دەرکەوتنی کۆژیتۆی کوردی

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، لەلایەن مێقداد مەدحەت بەدرخان، و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زایینی کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، دەشێ وەک دەستپێکی دەرکەوتنی ئاڵوگۆڕی زەینی، حەول بۆ دەرخستنی ڕوانینێکی کوردانە لە کورد، بونیادنانی کوردبوونێکی لۆکاڵی بەدەر لە ڕوانگەی داگیرکەران و یۆریانتالیستەکان، ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە کۆمەڵگوی کوردیدا پێناسە بکرێت. بەهۆی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕ لە ئیمپراتوریی عوسمانی بەشێوەی ڕێفۆرمخوازی و بزاڤی لالە و دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمی ئاڵوگۆڕ لە سیستمی فێرکاری، هاموشۆی کۆمەڵانی خوێندکار بۆ ڕۆژئاوای مۆدێرن، خوێندن لە خوێندگە مۆدێرنەکانی ڕۆژئـاوادا، ئاڵوگۆڕی لە کولتووری کۆمەڵگە و ئەندێشەی کۆمەڵگەدا ساز کرد، لە وەها دۆخێکدا بوو کە یەکەم کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دەرکەوتن. کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دوو دیاردەی گرینگیان هەبوون، یەکەم ئەوە کە فۆرماسیۆنگەلێکی ڕووناکبیرانە بوون و دووهەم، نەتەوەخواز بوون (دوو دیاردەی کە وەک بنەما بۆ دەرکەوتنی کۆژیتۆی کوردی دەوری سەرەکی دەگێڕن). بنیادنەرانی ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە کەسانی خوێندکار و خاوەن هزر و ئەندێشەی نوێ بوون. ئەوان بە حەول و کۆشش بۆ پەرەپێدانی هزر و ئایدیای نوێ لە ڕاستیدا بەگژ بیر و ئایدیای نەریتی و کۆنی کۆمەڵگەدا ڕۆ چوون و ڕەخنەگری کولتوور و ئایدیای نەریتی کۆمەڵگە بوون. هەروەها ئەوان بە بنیادنانی کۆڕ و کۆمەڵی کوردی و بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بە کردەوە تێکۆشاون و لە کۆمەڵگەدا هەنگاویان بۆ وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ هەڵێناوەتەوە. بە کورتی دەشێ بگوترێ کە ئەندێشەی نوێ، کردەوە بۆ ئاڵوگۆڕی و کۆششی مەدەنیانە (ڕووەو کۆمەڵگە خەباتکردن نەک حەول بۆ دەسەڵات) سێ تایبەتمەندیی گرینگی ڕووناکبیرانن کە لە ڕێکخەرانی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکاندا هەبوو.

ئەم ڕەوتە بە زۆر هۆکار و یەک لەوان دەرکەوتنی دەسەڵاتە ئیمپریالیستیە شێوە مۆدێرنەکانی ڕەزاخانی لە ئێران، کەماڵیستی لە تورکیە، کۆمۆنیستی و لە پاشان بەعسی لە عێراق و سووریە لە تەنیشت پەرە و هێژمۆنی ئایدۆلۆژی، عەقڵانییەت و دەسەڵاتی چەپی لێنینیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هێژمۆنی ئەو ئایدۆلۆژییە لەنێو چینی خوێندکار و شێوە ڕووناکبیری کورد، ناکام مایەوە و کۆتایی پێ هات، لەگەڵ ئەوەدا ڕەوتی نەتەوەخوازی حەولی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەدواچوونی بۆ مافەکانی کوردی دەدا، بەداخەوە هێژمۆنیی پۆزیتیڤسیم لەنێو نەتەوەخوازەکاندا هەموو حەول و کۆششەکانی لەنێو چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسیدا قەتیس کردبۆوە.

### ئاڵوگۆڕ لەئاگایی تاکی کورددا

دابڕانی کۆمەڵگەی کوردی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەندێشە و ڕوانگەی نەریتی، دەشێ وەک یەکەم چرۆی فام و خۆئاگایی لەنێو تاک و کۆمەڵگەی کوردی ببیندرێت، ئەم فام و خۆئاگاییە بەشی زۆری بەرهەمی ئاڵوگۆڕی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری ئەم ژێئۆپۆلەتیکانە بوو کە لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی کوردیان تێدا پارچە کرا و خەونەکانی کورد بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردی تیا نێژرا. بێگومان ئەم تێگەیشتن و فامە لەم دۆخە قەیراناوییەش بەرهەمی پەرەی خوێندنی نوێ، ڕۆژنامەگەری کوردی و دەرکەوتنی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان بوو. تێگەیشتن لەوە کە کورد تورک، فارس و عەرەب نییە و ژینگەی ڕواڵەتی و زەینیی ئەو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەم سێ ژینگەیە؛ لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوی دەرکەوتنی کۆژیتۆی کورد بوو. بەڵام بەشێکی زۆری قەیرانەکە کە دەگەڕاوە سەر بنیاتنانی زەین و کردنەوەی دەلاقەیەکی کوردانەی بەڕووی کێشەکاندا هەر ماوەتەوە، کورد لە درێژەدا لەگەڵ ئەوەدا حەولی دەرخستنی جیاوازیی خۆی لەگەڵ ئەویتری تورک، فارس و عەرەب دەدا، بەڵام ڕێک لەنێو جوگرافیای زەینی ئەویتردا خوێندنەوەی بۆخۆی و ئەویتر دەکرد، واتە بەشێک لە نەتەوەخوازانی کورد، حەولی پاساوکردنی نەتەوەخوازیان لە دەلاقەی ئایینڕا دەدا و بەم شێوەیە ئایینخوازی بوو بە چوارچێوەیەک بۆ پەروەردەی نەتەوەخوازی کوردی. کێشەی گرینگی ئەم ڕەوتە لەوەدا بوو کە ئایین وەک زەین و فۆرمێک لە عەقڵانییەت، هاوردەیەکی عەرەبی و ناکوردی بوو. بەشێکیتری کۆمەڵگەی کوردی لە دەلاقەی ئەندێشەکانی چەپ (لێنینیسم، مائۆئیسم و ئانارشیسم) ڕا خوێندنەوەیان بۆ قەیرانەکانی کۆمەڵگەی کوردی و یەک لەوان قەیرانی نەتەوەیی دەکرد. ئەم بەشەش بوونە دوو تاقم: تاقمێکیان ئەساسەن نکۆڵییان لە نەتەوەخوازی دەکرد و وەک دیاردەیەکی بۆرژوازی و ئیمپریالیستیان پێناسە دەکرد، تاقمی دووهەمیش حەولیان دا چەپ وەک چوارچێوەیەک بۆ پەرەی نەتەوەخوازیی کوردی بەکار بێنن. کێشەی ئەم دیاردەیەش ئەمە بوو، کە ئەساسەن چەپ وەک ئەندێشە و زەین هیچ تایبەتمەندێکی وێکچووی لەگەڵ کۆمەڵگە، ژینگە و تاکی کورد نەبوو، واتە تاک و کۆمەڵگەی کورد لە غیابی زەینێکی کوردانە بەر لەوەکە وەک سوژەیەکی کوردی دەربکەون، بوونە ئۆبژە و کەرەسەی بیرۆکەی چەپ.

بەشێکیتری کۆمەڵگەی کوردی حەولیان دەدا نەتەوەخوازی کوردی لە دەلاقەی زەین، فام و تێگەیشتنی نەتەوەی باڵادەستی تورک، فارس و عەرەبڕا بخوێننەوە، واتە نەتەوەخوازی تورکی، فارسی و عەرەبی جیهانێکی مەعریفی و چوارچێوەیەک بوو کە لەودا خەریکی پەروەردەی نەتەوەخوازی کوردی بوون، گرینگترین کێشەی ئەم ڕەوتەش لەوەدا بوو کە ئەساسەن ئەم سێ فۆرم لە نەتەوەخوازییە هیچ باوەڕێکی بە کۆژیتۆی کورد نەبوو و ئەساسەن ڕوانگەیەکی ئۆبژێکتیڤیستانەیان بە نیسبەت کورد و ئەوییتری خۆیان هەبوو.

### ئاکام

بێگومان دەستپێکی سەربەخۆیی لە ڕواڵەتی سیاسیدا بەرهەمی سەربەخۆیی زەینی، ئاگایی و سەربەخۆیی لە فام و تێگەیشتنە، واتە دەلاقەیەکی مەعریفی بۆ ڕوانیین، شرۆڤە و فامی "خۆد"، "ئەویتر" و جیهان کە بەرهەمی ژینگەی کۆمەڵایەتی "خود" بێت، واتە دەرکەوتنی "کۆژیتۆ" سەرەتا و چەخماخەی هەر فۆرم لە سەربەخۆییەکە، ئەم کۆژیتۆیە خاوەنی جیهانێکی زەینی و مەعریفیە کە سنووربەندی هەیە لە فام و تێگەیشتن لەگەڵ ئەویتر و لە دەرەوەی سنووری زەینی ئەویتردا کایە دەکات. کۆژیتۆ وەک خۆی بیر دەکاتەوە و سەرەتا ژێئۆپۆلۆتیکێکی زەینی و مەعریفی بنیاد دەنێت و هەر ئەمەش دەبێتە نەخشە ڕێگای کردە و کردەوەکانی. لە غیابی کۆژیتۆی کوردی "بوونێکی کە کوردانە بیر دەکاتەوە و لەژێر ڕێنمایی بیری کوردانەیدا هەڵسوکەوت دەکات" مافی کورد وەک بوونێکی کورد کە نە تورکە، نە فارسە و نە عەرەب دەستەبەر نابێت.



# لەم شۆڕشە نوێیەی ئێراندا
# ڕۆئیەتی سیاسیی کورد لە ئاستی ڕۆڵی مەیدانیی ویدا نییە



د. ئاسۆ حەسەنزادە

**ئێمە وەک کورد لە ئێران لەلایەک دەبێ یارمەتی بە دروستبوونی یەکیەتییەکی بەهێزتر و مانادارتری سەرجەم ئێرانییەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکراتیک و پلۆرالیست و ئەگەر بکرێ فیدرالی بکەین؛ لەلایەکی دیکە و لە هەمان کاتدا، دەبێ تێبکۆشین هەڵگری گوتارێکی شوناسخوازانە بین کە بە دروستی نوێنەرایەتیی تایبەتمەندی و پێویستییەکانی کوردستان و گەلی کورد بکا**

**ئاماژە:**

**(وتاری دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە وێبیناری ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و ئەنیستیتۆی کورد لە واشینگتۆن لەبارەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٢)**

سەرەتا دەمەوێ سوپاسی هەردوو ئەنستیتۆی کوردیی پاریس و واشینگتۆن بکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم وێبینارە. دەزانم ئەوە یەکەمین کاری وان لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەو ماوەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. بەو حاڵەش پێموایە هێشتا پێویستیمان بە چالاکیی زۆرتر لەو پێوەندییەدا هەیە.

هەروەک دەزانن بەپێی سەردەم و هەلومەرج، ناوەندی قورسایی پرسی کورد هەر جارەی لە پارچەیەکی کوردستاندا چڕ دەبێتەوە. لە ئێستادا ئەم ناوەندی قورساییە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، یان باشترە بڵێم دەبوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بەوحاڵەش، ڕۆژهەڵاتی کوردستان – تەنانەت لە هەلومەرجی ئێستادا- هێشتا بەدەست لاوازیی پشتیوانیی سیاسی و سەرنجی مێدیاییەوە دەناڵێنێ، یان لانیکەم ئەو پشتیوانی و سەرنجەی وەری دەگرێ لە ئاستی ئەو سەرکوتەدا نییە کە گەلی ئێمە لەو پارچەیەی کوردستاندا ئەم ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە مەیدانییەش نییە کە ئەو گەلە لە بزووتنەوەی ئەمجارەی خەڵک لە ئێراندا دەیگێڕێ.

ئەوەی دەمەوێ لەم وتە سەرەتاییەمدا باسی بکەم، دوو خاڵی سەرەکییە. لەپێشدا دەمەوێ لە گۆشەنیگای بزووتنەوەکە لەئاستی ئێرانەوە دەست پێ بکەم، چونکە تەنانەت ئەگەر ئەولەوییەتمان کوردستانیش بێ، هەموومان کۆکین لەسەر ئەوە کە کورد لە ئێران بە تەنیا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و پێویستە هەوڵ و هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵ باقیی ئێران ڕێک بخا.

سێ مانگ پاش دەسپێکی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بێوێنەیەی نارەزایەتی و ڕاپەڕین لە ئێران کە نەک تەنیا لەباری ڕووبەڕوونەوەی مەیدانییەوە، بەڵکوو لەڕووی دنیابینی و بەرهەمهێنانی بەها و سەمبولەکانیشەوە زۆر دەوڵەمەندە، بارودۆخەکە هەموو تایبەتمەندییەکانی پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بێگومان ڕێژیم هێشتا دەتوانێ دەست بۆ سەرکوتی زیاتریش ببا (وەک لە ئێعدامی خۆپێشاندەران لەم حەوتوویەدا دیتمان). بزووتنەوەی خەڵکیش دەکرێ هەوراز و نشێوی دیکە بە خۆیەوە ببینێ و ناچار بێ شکڵ و شێواز و ئاقاری خۆی بگۆڕێ. بەڵام هێندێک تایبەتمەندی کە لە شەپۆلەکانی پێشووی نارەزایەتیی خەڵک لە ئێراندا (بۆ نموونە لە ١٣٨٨ و ١٣٩٨) نەبوون، بەخۆشییەوە ئەمجارە حازرن:

بۆ نموونە بەردرێژی و بەردەوامیی بزووتنەوەکە لە مەودای کات و جوغرافیادا؛ پێگەی جەماوەریی بەرفراوانی بزووتنەوە کە بەسەر جیاوازییە جێندەری و ئێتنیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا باز دەدا؛ سروشتی گشتی و ڕادیکاڵی ویستەکانی خەڵک کە چیدیکە ویستی سینفی و ڕۆژانە نین هەتا بە هێندێک ڕیفۆرم چارەسەر بکرێن، بەڵکوو ویستی بنەڕەتیی گشتگیرن کە تەنیا بە ڕووخانی ڕێژیم زەمینەی وەدیهاتنیان دێتە دی؛ یەکگرتوویی بێوێنەی خەڵک لە ئێران؛ ئەوە کە خەڵک چیدیکە لە ڕێژیم ناترسن؛ هاوپێوەندیی پێشتر نەدیتراوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی (هەرچەند ئەو هاوپێوەندییە هێشتا کۆمەڵێک کەموکوڕیی بنەڕەتیی هەیە)، ... هتد.

سەرباری هەموو ئەو خاڵە بەهێزانە، کەمایەسییەکی گەورە هەیە کە ئەمجارەش بەردەوامە، ئەویش ئەوە کە وێڕای هەبوونی ڕێکخەرانی مەحەللی و مەیدانی، ئەو بزووتنەوەیە لە ئاستی وڵاتدا خاوەنی ڕێبەرییەکی سیاسی نییە. ئەمە لە لایەکەوە شتێکی باشە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم نەتوانێ بەئاسانی زەفەر بە بزووتنەوەکە ببا و پێش لە سەرهەڵدان و گەورەبوونەوەی ڕێبەرانێکیش دەگرێ کە دەکرێ دواتر بەرهەمی شۆڕشی خەڵک زەوت بکەن (وەک خومەینی لە ئینقلابی پێشوودا کردی). لەلای دیکەوە بەڵام بۆ ئەوەی هێزەکانی لایەنگری گۆڕانی بنەڕەتی لە ئێران بە ئاقار و ئەنجامێکدا بڕۆن کە دڵخوازی هەموو لایەک بێ و ئالترناتیڤێک لە دوورەدیمەندا شکڵ بگرێ، لانیکەمێک لە نەخشەڕێگای سیاسی و چوارچێوەی کاری هاوبەش پێویستە.

ئێستا سەبارەت بە کوردستان، بێگومان هەموو شتێک لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و کوردستان بوو بە پێشەنگی ئەو شۆڕشە لە ئێراندا، نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە ژینا ژنێکی کورد بوو، بەڵکوو لەپێشدا لەبەر ئەوە کە کوردەکان لە ڕۆژی ئەوەڵەوە تا ئێستا هەرگیز حوکمی ئەو ڕێژیمەیان قبووڵ نەکرد و هەرگیز لە خەبات بەدژی نەوەستان. لە شۆڕشی تازەی خەڵکی ئێرانیشدا، دروشمی سەرەکیی کوردەکان، وشیاریی مەدەنییان، ڕوانگەی سیاسی و بەها ئینسانی و سێکولارەکانیان، لە سەرووی هەمووشیەوە توانای وان بۆ خۆڕێکخستن و ئازایەتییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و سەرکوت هەوێنی دایە سەرجەم خەڵکی ئێران.

هەربۆیەش سەرکوت لە کوردستان لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئێران قورسترە و کۆماری ئیسلامی لەوێ چەکی گەرم و جبەخانەی شەڕ لەدژی خەڵک بەکار دەبا و شارەکانی کوردستان دەخاتە ژێر گەمارۆی قورسی نیزامی. ڕێژیم بەو کارەی پێی وایە دەتوانێ بزووتنەوەکە لە شوێنی لەدایکبوونیدا سەرکوت بکا و ئەم هەوڵە دڕندانەیەشی سنووردار نییە بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم سێ مانگەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەری لە بزوتنەوەکەدا گێڕاوە و بانگەوازەکانی بۆ مانگرتنی گشتی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پێشوازیی لێ کراوە، کۆماری ئیسلامی بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبانەی لە باشووری کوردستان مووشەکباران کردووە و تەنانەت بەنیازە ئۆپەراسیۆنی زەمینییش لەدژی وان بەرێوە ببا. ئامانجی ڕێژیم لەو کارە ئەوەیە کە سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران لابدا و بە پەنابردنە بۆ مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانی ئێران و دەستێوەردانی دەرەکی، یەکێتیی گەلانی ئێران تێک بدا.

لە بەرامبەر ئەو مانۆرە سیاسی و سەربازییانەی کۆماری ئیسلامیدا، حیزبەکانی ئێمە سوور بوون لەسەر ئەوە کە هەروا ئەولەوییەت بدەنە بەردەوامیی بزووتنەوەی جەماوەری لە نێوخۆی وڵات و پاراستنی یەکگرتوویی خەڵک لە ئێران بەدژی ڕێژیم. ئەوان تەنانەت پاش هێرشە موشەکی و درۆنییەکان پێشمەرگەیان نەناردەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەکاتێکدا دەیانتوانی ئەو کارە بکەن. لەڕووی سیاسییشەوە، گوتاری ئەوان لەو ماوەیەدا زۆرتر جەختی لەسەر زەروورەتی پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی خەڵک لە ئێران کردوە. تەنانەت خودی چەمکی "ڕۆژهەڵات" کە ئێوە لە تایتڵی ئەو وێبینارەدا بەکارتان بردووە و هەروەک لەوێشدا هاتووە پێوەندیی بە کوردستانی گەورەوە هەیە، لەو ماوەیەدا بەکردەوە لە گوتاری سیاسیی کوردی ئێران لاچووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پۆتانسیەلی جووڵە و ئەنگیزەی خەڵک لە کوردستان لەوە کە دەکرێ خەڵک لە تاران یان گرووپە کەمتر پەراوێزخراوەکانی ئێران هەیانبێ، زۆر جیاوازە. ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا تەنانەت ناچار بووە داوا لە خەڵکی کوردستان بکا کە لە حەرەکەتی خۆیاندا لە خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران خێراتر نەڕۆن بۆ ئەوەی هەم تێچووی ئینسانی لە کوردستان کەم بێتەوە و هەم ڕێژیم نەتوانێ ئەم گوڕ و تینە زۆر زیاترەی کورد بکاتە دەسمایەی هەوڵ و پڕوپاگاندای دابەشکردن و لێکجیاکردنەوەی گەلانی ئێران. بەوحاڵەش، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا تێگەیشتن و هاوپێوەندیی باقیی ئێران لەگەڵ کورد لەچاو ڕابردوو زۆر باشتر بووە، هێشتا ڕوانینی زۆرینەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لەوە کە ئێمە بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە بیری لێ دەکەینەوە، زۆر دوورە. لەڕاستیدا پارادۆکسی گەورە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا فیداکاری و ڕۆڵی مەیدانیی کوردستان لە هەستانی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا یەکجار گەورە و بەرچاوە، دڵنیا نیم کە لە وێنە گشتییەکەدا قورسایی و ڕۆئیەتی سیاسیی ئێمە وەک کورد لە ئێران لەو ئاستەدا بێ کە دەبێ ببێ.

بەکورتی، دەمەوێ بڵێم ئێمە وەک کورد لە ئێران هاوکات لە دوو بەرەدا دەچینە پێش: لەلایەک دەبێ یارمەتی بە دروستبوونی یەکیەتییەکی بەهێزتر و مانادارتری سەرجەم ئێرانییەکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم و هێنانە سەرکاری سیستمێکی دێموکراتیک و پلۆرالیست و ئەگەر بکرێ فیدرالی بکەین. لەلایەکی دیکە و لە هەمان کاتدا، دەبێ تێبکۆشین هەڵگری گوتارێکی شوناسخوازانە بین کە بە دروستی نوێنەرایەتیی تایبەتمەندی و پێویستییەکانی کوردستان و گەلی کورد بکا.

---



# کۆچ وەک قەیران و مەترسییەک بۆ سەر فەرهەنگی کورد

**وانیار ئەهوورایی**

کۆچکردنی خەڵکی کوردستان کێشەیەکی قورس و چارەسەر نەکراوە. زۆرن ئەوانەی خولیای ڕاکردن لە ئێرانیان هەیە، بەڵام بەهۆی سەختیی ڕێگە و نەبوونی پارەی پێویست هەندێکیان هێشتا بڕیارەکەیان نەبردووەتە سەر. هەروەها لادێ لە کوردستان پڕە لە چیرۆک و بیرەوەریی دووپاتنەکراو و فەرهەنگ و دابونەریتی کوردی لە دێهاتەکان زۆرتر پارێزراوە و خەڵکانێکی زۆر لە گوندەکان لە مێژووی کورددا خزمەتێکی بەرچاویان کردووە؛ بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی و زانست و پیشە، گوندەکان تایبەتەن لە کوردستان هەر دێن و چۆڵتر دەبن کە ئەوەش مەترسییەکی دیکە بۆ سەر داهاتووی کوردستانن.

کۆچکردن بۆ ئێمەی کورد وشەیەکی دوور و بێگانە نییە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لاوان و بەتایبەت کەسانی خوێندەوار و زانکۆدیتوو زۆرتر هەوڵی چوونە دەرەوە لەم نیشتمانە دەدەن، بەڵام بەداخەوە کەم نین ئەوانەی لە ڕێی چوون بۆ هەندەران تووشی کارەسات دەبن، دەخنکێن یان لە وڵاتانی دراوسێ دەسبەسەر دەکرێن و بۆ ئێرانیان دەنێرنەوە.

کۆچکردن لە بەر نەبوونی هەلی کار، نەبوونی ئەمنییەت، نەبوونی ئازادی و دادپەروەری و دەیان هۆکاری دیکە ڕوو دەدات. جۆرێک کە هەموو ئەو کەسانەی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ گرنگەکانی ئێرانن، بە دوایی تەواوکردنی زانکۆ هەوڵی چوونە دەرەوە لە وڵات دەدەن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆرترین توێژی بێکاری لە وڵات تایبەتە بە دەرچووانی زانکۆ و خاوەن بڕوانامەی بەرزی زانکۆکان لە ئێران!

جگە لە کۆچکردن بۆ هەندەران، کوچی خەڵک لە گوندەکانی ڕوژهەڵات بەرەو شارەکانیش دەبێ وەک خەسارێک چاوی لێ بکرێت. لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردووەوە تاکوو ئێستا شایەتی کۆچی سەرسووڕهێنەری خەڵکی گوندەکانین. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم دیاردەیە ساڵ بە ساڵ زۆرتر دەبێت و حەشیمەتی ناوچە هەژارنشینەکانی شاریش زۆرتر و لە لایەکیشەوە هەر ئەو دیاردەیە پەرە بە قەیرانی بێکاری دەدات. بەپێی ئامارەکان تاکوو ئێستە هەندێک لە گوندەکان بەتەواوەی چۆڵ بوون و هەندێکیش لە پاییز و زستاندا بەرەو خەڵوەتی دەچن و جگە لە چەند کەسی بەساڵاچوو نەبێت، کەسی تێدا نامێنێت. سیاسەتەکانی حکوومەتیش لەبری ئەوەی ڕێگری لە خەسار و قوڵبوونەوەی ئەو قەیرانە بکەن، هاندەر و پەرەپێدەری کۆچ لە نێوخۆ لە گوندەکانەوە بەرەو شار و بۆ دەرەوەی وڵاتیشن.

نموونەیەکی بچووک: بەپێی زانیارییە کۆکراوەکان زۆرتر لە ٥٧٠ بنەماڵە لە خەڵکی گوندی "ئەوێهەنگ" سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان لە پارێزگەی سنە، لە شاری دەماوەندی پارێزگای تاران نیشتەجێ بوون و لەوێ دەژین، هەر لەو شوێنە ٢٥٠ بنەماڵەی دیکەی خەڵکی شارەکانی سنە و مەریوان و هەروەها شارەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێن. ئەو دیاردەیە مەترسییەکی جیددیشی خستووەتە سەر فەرهەنگی نەتەوەی کورد. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان شارە فارسنشینەکان بەتایبەت شاری تاران زۆرترین خەڵکی کۆچەری کورد ڕووی تێ دەکات و منداڵانی ئێمەی کورد تێکەڵی فەرهەنگێکی بێگانە دەبن. ئەو دێهاتانەش کە خوار ١٠٠ ماڵ دەبن، لە مەترسییەکی گەورەدان، چونکە لاوەکان دوای پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەوێ نامێننەوە و خەڵکانی دیکەش بەرەوپیری دەڕۆن و تاکوو چەند ساڵی تر بە یەکجاری چۆڵ دەبن. لەوە گرینگتر ئەوەیە کە قوتابخانەی بڕێک لە گوندەکان تاکوو سێ ـ چوار ساڵی دیکە بەگشتی دادەخرێن، چونکە منداڵی ژێر تەمەن ٧ ساڵ کەسیان تێدا نییە.


بەڕوونی دەرکەوتووە کە حەشیمەتی گوندەکان دابەزیوە و تەنانەت کەمتر کەسانێک لە گوند ماونەتەوە و هیوایەک بۆ مانەوە نەماوە. کاتێک کە داواکارییەکانی خەڵک بێوەڵام دەمێننەوە و منداڵەکان شوێنێکیان بۆ کاتبەسەربردن، یاریکردن، پەروەردە و بارهێنان نییە و دەبێت لە ١١ ساڵییەوە بۆ خوێندن ڕوو لە خەوتنگەی قوتابخانەکان بکەن کە هیچ کەرەستەی بێهداشتی و ... لەوێ نییە، چونە دەروە لە مانەوە باشترە.

حکوومەت بە شێوەگەلی جوراوجور خەریکی ئاسێمیلەکردنی خەڵکی کوردە. نرخی بێکاری لە کوردستان دەباتە سەرەوە و خەڵک ناچار بە کۆچی زۆرەملێ لەپێناو بژیوی ژیاندا دەکا و بەمجۆرە بە دروستکردنی جوغرافیایەکی ژینگەیی تر لە درێژخایەندا کورد لە مێژوو و فەرهەنگ و هەستی کوردانە دوور دەخاتەوە و فەرهەنگی فارسی زاڵ دەکات بەسەریاندا.

خۆڕاگری لە هەمبەر ئەو دۆخە و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم پێویستیی بە ژیریی سیاسی و لەقاودانی پلانە نەرم و ڕووخێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە. ڕوون و ئاشکراشە هەتا ئەو ڕێژیمە لەسەر کار بێت، قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە وڵات، بەتایبەت لە کوردستان چارەسەر نابن.

کوردستان
• ژماره ٨٣٨
١٥ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٣

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب: عەبدوڵڵا عیزەتپوور، ئەندامی بەوەجی ڕێبەری و تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە بوو



(ڕاگەیەندراو بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور لە وڵاتی ئاڵمان)

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات!

بەداخەوە ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی بەفرانبار (٢٨ی دێسامبری ٢٠٢٢) کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی جووڵانەوەی کورد لە ئێران، لە وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی کرد.

کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور خەرمانانی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی (١٩٣٤ی ز) لە گوندی حاجی بەرکەولیی گەڵی قاسملوو لەدایک بوو. ئەو لە بنەماڵەی گەورەی قاسملوو بوو. کاک عەبدوڵڵا، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە تەمەنی ١٤ ساڵید لەژێر ڕێنوێنیی شەهید د. قاسملوو پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و سەرەڕای تەمەنی کەمی، شانی وەبەر ئەرک و بەرپرسایەتیی گرینگ و هەستیاری حیزبی نا. ئەو یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٣٤) بوو کە لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات و گڕوتین بەخشینەوە بە خەباتی نەتەوەییدا خاڵوەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدایە. ناوبراو پێشتر لە ڕەوتی کودەتای ١٣٣٢ و پاشان ڕەشبگیری دەزگای سەرکوتی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا کەوتبووە زیندان و لەسۆنگەی بیروباوەڕە سیاسی و نەتەوەییەکانیەوە خرابووە ژێر ئەشکەنجە و گوشاری قورسەوە. کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور لە دەیەی ٥٠ی هەتاویشدا جارێکی دیکە کەوتەوە بەر ڕقی ساواک و خرایەوە بەندیخانە و، ماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ زیندانییە بەناوبانگەکانی وەک عەلی عەموویی بەند کرا؛ دوای ئازادبوونیشی لە زیندان لە ساڵی ١٣٥٦دا، لەسەر داوای شەهید دوکتور قاسملوو بۆ کاروباری پێوەندیگرتن بە کەسایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە هەتا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شاری تاران مایەوە.

کاک عەبدوڵڵا یەکێک لە تێکۆشەرانی بە بیروباوەڕی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات بوو کە تەواوی تەمەنی لە سەنگەری خەباتی نەتەوایەتیی گەلەکەیدا بەسەر برد. ئەو مرۆڤێکی خەباتکار، خاکەڕا، بەئیرادە، خاوەن بۆچوونی سەربەخۆ، بەورە و دڵسۆزی دۆزی مافخوازیی ڕەوای نەتەوەکەی بوو. کاک عەبدوڵڵا هاوکات کادرێکی سیاسیی بەوەجی حیزب بوو کە لەسۆنگەی لێهاتوویی، شارەزایی و ئەرکوەخۆگرییەوە لە کۆنگرەی شەشەمدا وەک ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبیشدا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەنگی متمانەی کۆنگرەی پێ درا.

نەمر عەبدوڵڵا عیزەتپوور کەسی جێگەی متمانەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوو. بەرپرسایەتیی کۆمیتەی حیزب لە ورمێ، کادری سیاسی لە هێزی باپیر (نحۆ شکاک)، بەرپرسایەتیی نەخۆشخانەی حیزب، بەرپرسایەتیی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکانی حیزب، کادری ڕاگەیاندن، بەرپرس لە بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسایەتییانە بوو کە نەمر عەبدوڵڵا عیزەتپوور لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی پێشمەرگانەیدا وەئەستۆی گرتبوو و بە سەرکەوتووییەوە ڕایپەڕاندبوون.

کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشی و لەسەر بڕیاری د. شەرەفکەندی نێردرایە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێ بوو؛ بەڵام ئەوە بە مانای لەکاروەستان و کۆتایی خزمەتە سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەمر عیزەتپوور نەبوو. ئەو تا دواهەناسەی ژیانی لە سەنگەری حیزبی دێموکراتدا درێژەی بە خەبات و پێگەیاندنی لاوانی وشیاری نەتەوەکەی دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەرگی کاک عەبدوڵڵا عیزەتپوور، کادرێکی سیاسیی بەوەج و کەسایەتییەکی شوێندانەری خۆی لەدەست دا. هاوکات بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری نەمر عەبدوڵڵا عیزەتپوور، خەڵکی ناوچەی ورمێ و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەکات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی**






عومەر باڵەکی

# محاربە و فەساد لەسەر عەرز حوکم و ڕەفتارێکی پێچەوانە

**لە نێوەرۆکی قانوونی سزادانی ئیسلامیدا کۆمەڵێک ناتەبایی وناڕوونی هەیە کە لە کاتی بەناو دادگایی کردندا بە زیانی کەسی تۆمەتبار دەشکێتەوە و بە قازانجی دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە ماددەکانی ٢٧٩هەتا ٢٨٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی کە باسی تاوان و حوکمی "محاربە" و "مفسد فی الارض" دەکەن، شارەزایانی بواری دینی سەبارەت نێوەرۆکی ئەو چەند ماددەیە بە مانا و تەفسیر و شێوازی جێبەجێ کردنی لە سەردەمی ئێستادا لەسەری کۆک نین. چونکە قانوون بەپێی هەلومەرج و نیازەکانی کۆمەڵگە و سەردەم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەلایەن شارەزایانی ئەو بوارەوە ڕێک دەخرێ و هیچ جۆرە پیرۆزییەکی نییە و هەرکات نیازی کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕینی هەبوو، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێنێ؛ بەڵام هەروەک گوترا مرۆڤەکان ناتوانن دەستکاری دەقە ئاینیەکان بکەن**

لەو کاتەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی وەک سیستمی سیاسیی و بەڕێوەبەری لە ئێران هاتۆتە سەرکار، هەوڵی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە ئەوە بووە کە خۆیان و دەسەڵاتەکەیان وەک نوێنگەی ئایینی ئیسلام بە دنیا بناسێن و ئەوە لە هەموو کار و کردەوەکانیاندا بە تایبەتی لە قانوونە بەرکارەکانی ئەو نیزامە بە قانوونی بنەڕەتییشەوە ڕەنگی داوەتەوە، بەو مانایە قانوندانەری ئێرانی لە کۆماری ئیسلامیدا سەرچاوەکانی قانوونی لە شەرع و حوکمی ئایینی و مەزهەبی کە خۆیان باوەریان پێیەتی وەرگرتووە. ئەوەش وای کردووە کە کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا لەنێو نێوەرۆکی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی قانوونی سزادانی ئیسلامی کۆمەڵێک دەستەواژەیان بەرچاو بکەوێ کە سەردەمانێکی زۆریان بەسەر دا تێپەر بووە. واتا ئەگەر سەردەمانێک بۆ نیاز و پێویستیەکی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان وەک قانوون و ڕێکاری دابەزاندنی نەزم بوون، لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵ پێوانە قانوونییەکان و نیازی کۆمەڵگە یەک ناگرنەوە و ناتوانن قانوونێک بن کە کۆمەڵگەیان پێ ڕێک بخرێ. بۆیە زۆر جاران پیادەکردنی ئەو قانوونانە لەلایەن دادگاکانەوە لەنێو کۆمەڵگە و تەنانەت زانایانی بواری دینی و قانوونییەوە باسی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، بە چەشنێک کە ئەسلی قانوونەکە دیتە ژێر پرسیار و مادام لەنێو کۆمەڵگەدا پرسیاری لەسەر دروست دەبێ، بەپێی هەموو پێوانەیەک ئەو قانوونە ئەسلی قانوونیبوونی خۆی لە دەست دەدا و کۆمەڵگە پێی پابەند نابێ.

یەکێک لەو قانوونانە کە ماوەبەماوە هەم لە ڕادەی نێوخۆی ئێران و هەم لە ڕادەی جیهانیدا مشتومڕی زۆری لێ دەکەوێتەوە چەند ماددەیەک لە قانوونی سزادانی ئیسلامییە کە باس لە پێناسەی محاربە و سزاکانی پێوەندیدار بە ئیستلاح بەو تاوانە دەکەن! بە تایبەتی لەو ماوەیەدا کە ڕاپەڕینی ژینا لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و ئەسلی ساختاری نیزامی کۆماری ئیسلامیی هێنا ژێر پرسیار و دەریخست کە ئامانجی ڕاپەڕینی "ژینا" نەمانی تەواوەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران بیجگە لە سەرکوتی بێبەزەیانەی خۆپێشاندەران و بە قسەی خۆیان لە ڕێگای قانوونەوە بە تۆمەتی "محاربە" کەوتنە بیری سزادانی توندی ئەو خۆپێشاندەرانە، بۆ ئەوەی لەلایەک ترس وخۆف لە لای خۆپێشاندەرانی دیکەدا پێک بێنن و لەلایەکی دیکەوە بە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بڵێن کە ئەو کەسانە پێچەوانەی قانوونەکانی نێوخۆی ئێران جووڵاونەوە و بەپێی قانوون سزا دەدرێن. بۆیە ماوەیەکە باسی سزادانی کۆمەڵێک زیندانیی لاو تەنیا بە تاوانی ئەوە کە بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە شێوازی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەنگیان هەڵبریوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە دەستبەسەر کراون و لە بێدادگایەکاندا توندترین و بێبنەماترین سزا واتا سزای "محاربە"یان بەسەردا سەپاوە بێ، ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن ویا دەستیان بە پارێزەر ڕابگا.

بەپێی سەرچاوەکان و لێدوانی زانایانی بواری قانوون سزای "محاربە" مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیک بە ١٤٠٠ساڵ لەمەوبەر، واتا سەرچاوەکەی قانوونەکانی دینی ئیسلامە، کە بەپێی باوەڕە دینی و ئایینیەکان مرۆڤ ناتوانی دەستکاری ئەو قانوونانە بکا. لە حاڵێکدا بەپێی پێناسەی قانوون لە سەردەمی ئێستادا، قانوون و نێوەرۆکی قانوون جۆرێک ڕێککەوتنە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و کۆمەڵگە بە گشتی لە گەڵ دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە. بەو مانایە قانوون دەستکردی مرۆڤە و بەپێی هەلومەرج و سەردەمی جیاواز و نیازی کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. لە هەمان کاتدا قانووندانەر کاتێک قانوون دادەڕێژێ بە لە بەر چاوگرتنی نیازی کۆمەڵگە ، تاک یا کۆی کۆمەڵگە مەنع دەکا لە کردنی کارێک یا ڕادەسپێرێ بە کردنی کارێک ، بەو مانایە کردنی کارێک یا نە کردنی بە تاوان دادەنێ ولە بەرانبەر ئەو تاوانەش دا سزای شیاوی خۆی بۆ دەست نیشان دەکا. بەڵام قانوونەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی لە نێوەرۆکی قانوونی سزادانی ئیسلامی دا کۆمەڵێک ناتەبایی وناڕوونی تێدا بەرچاو دەکەوێ کە لە کاتی بەناو دادگایی کردندا بە زیانی کەسی تۆمەتبار دەشکێتەوە و بە قازانجی دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە ماددەکانی ٢٧٩هەتا ٢٨٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی کە باسی تاوان و حوکمی "محاربە" و "مفسد فی الارض" دەکەن. نێوەرۆکی ئەو چەند ماددەیە لە نێوەرۆکی ئایەکانی ٣٣ی سوورەی مائدەی قورعان وەرگیراوە کە شارەزایانی بواری دینی سەبارەت بە مانا و تەفسیر و شێوازی جێبەجێ کردنی لە سەردەمی ئێستادا لەسەری کۆک نین. چونکە هەر وەک گوترا قانوون بەپێی هەلومەرج و نیازەکانی کۆمەڵگە و سەردەم بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەلایەن شارەزایانی ئەو بوارەوە ڕێک دەخرێ و هیچ جۆرە پیرۆزیکی نییە و هەرکات نیازی کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕینی هەبوو، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێنێ. بەڵام هەروەک گوترا مرۆڤەکان ناتوانن دەستکاری دەقە ئاینیەکان بکەن.

سەردەمی ئێستا سەردەمی وێژمانی مافی مرۆڤە و بەپێی نیاز و پێداویستی ئەو سەردەمە دەبێ قانوونەکان دابڕێژرین، بنەمای قانوون لە سەردەمی ئێستادا پێویستە پێش هەموو بابەتێک لەسەر سێ بابەت ڕێک بخرێ. یەکەم پاراستن و ڕێکخستنی نەزم و ئاسایشی کۆمەڵگە. دووهەم پاراستنی کەرامەتی ئینسانەکان، سێهەم پارێزگاری وبایەخدان بە ژیانی مرۆڤەکان. بە شۆربوونەوە بە نێو ناوەرۆکی قانوونی سزادانی ئیسلامی ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ کە قانووندانەری ئێرانی بایەخی بۆ هیچ کام لەو سێ بابەتە دانەناوە. بەتایبەتی لەو برگە لە قانوونەکاندا کە باس لە پێناسەی تاوانی محاربە و سزاکانی دەکا دەڵێ: "محاربە تاوانێکە لە فیقهـ و قانوونی ئیسلامیدا بە مانای بەکاربردنی چەک بە مەبەستی ڕێگری و جەردەیی و ترساندنی خەڵک بە شێوازێک کە ئەمنییەتی گشتی و کۆمەڵگە بخاتە مەترسییەوە؛ وەک ئەوە وایە کە ئەو کەسە چووبێتە شەڕی خوا و پیغەمبەری خوا. تاوانی محاربە کاتێک دێتە دی کە "ترس و خۆف لایەنی گشتی بەخۆیەوە بگرێ و ئەو کەسە توانای تێکدانی ئەمنییەتی کۆمەڵگەی هەبێ...." و سزای ئەو تاوانە بەپێی نێوەرۆکی ماددەکانی ٢٧٩-٢٨٨لە قانوونی سزادانی ئیسلامی "ئێعدام، لەخاچدان، پەڕاندنی دەست وپێی تاوانبار بە پێچەوانەی یەکتر و دەرکردن لە وڵات"ە کە هەر بەپێی نێوەرۆکی ئەو قانوونە دادوەر لە کاتی دادگایی کردن سەرپشک کراوە کە کام یەک لەو سزایانە بۆ تاوانبارکراو دەست نیشان دەکا.

کاتێک نێوەرۆکی ئەو قانوونە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان لە بواری قانوونییەوە لێک دەدینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو قانوونە چەندە ناتەبایە لە گەڵ ئەو پێوەرە جیهانییانە کە بنەماکانیان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە. چونکە یەکەم: بەپێی نێوەرۆکی ئەو قانوونە کە باسی محاربە دەکا، قانوندانەر نەیتوانیوە وردکاریی تاوانەکە دەست نیشان بکا، بەڵکوو زیاتر حاڵەتەکەی وەک بابەتێکی گشتی باس کردووە بۆ نموونە باس لە بڵاو کردنەوەی "فساد" لەسەر ئەرز دەکا کە ڕوون نییە کام کردار لە ڕوانگەی قانووندانەر "فساد" ە و ڕوون نییە مەبەست لە "سەر زەوی " کام ناوچەیە! دووهەم: بەپێی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و هەموو پەیماننامە و کۆنڤانسیونەکانی پێوندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ژیان و هەناسەدان مافێکی سروشتی هەر ئینسانێکە و بۆ هیچ کەس و لایەنێک نییە کە ئەو مافە لە مرۆڤەکان بستێنێ و لە دادگایەک دادگایی بکرێ کە هیچ ڕێوشوێنێکی دادپەروەرانەی تێدا ڕەچاو نەکرێ و بۆ سەڵماندنی تاوان لەسەرتۆمەتبار بەڵگەی پێویست لەبەردەستی دادگادا نەبێ.

ئەوەی ئێستا لە دەزگای بەناوی قەزایی ئێران سەبارەت بەدەستبەسەر کراوەکانی خۆپێشاندانەکانی شۆڕشی "ژینا" بەڕێوە دەچی و چەندین کەسیان بە تاوانی محاربە حوکمیان بەسەردا سەپاوە و چەند کەسیان حوکمەکەیان لەسەر بەڕێوە چووە، واتا گیانیان لێ ئەستێندراوە، غەدر و تاوانێکی گەورەیە دەرحەق بەو گەنج و لاوانەیە بە ناوی قانوونەوە دەکرێ. بە چەند هۆکار، یەکەم: هیچ کام لە دەستبەسەر کراوان کە حوکمی "محاربە"یان بەسەرداسەپاوە، هەر بەپێی پێناسە و نێوەرۆکی ماددەکانی ٢٧٩-٢٨٨کە باسی تاوانی محاربە دەکا ناتوانرێ ئەو حوکمەیان بەسەردا بسەپێندرێ؛ چونکە ئەوانە شتێکیان نەکردووە کە ببنە هۆکاری خوڵقاندنی ترس و خۆف لەنێو کۆمەڵگەدا، بەڵکوو ڕەفتاری ئەو کەسانە کە نارازی بوون لە شێوازی حوکمرانیی دەوڵەت، جێگای پەسندی ئەگەر هەر هەموو کۆمەڵگەی ئێرانیش نەبێ، لە حاڵی ئێستادا جێگای پەسندی زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێرانە، هەربۆیە کۆمەڵگە دوای ئەوە کە حکومەت حوکمی محاربەی لەسەر جێبەجێ کردن نازناوی شەهیدیان پێ دەبەخشێ و بە حورمەتەوە یادیان دەکاتەوە. دووهەم: هەر وەکی پێشتر باس کرا لە بواری زانستی تاوانناسی و بەپێی قانوونە نێودەوڵەتییەکان لەسەردەمی ئێستادا قانوونی محاربە نەک پێویستی کۆمەڵگە نییە، بەڵکوو ئەو قانوونە لەبری ئەوە یارمەتیدەری کۆمەڵگە بێت، زیاتر زیان لە جەستە و ڕوحی کۆمەڵگەی ئێران دەدات.

**ئاکامگیری:**

لە خوێندنەوەی پێناسەی قانوونی محاربە و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو ئاکامە دەگەین کە قانوونی "محاربە" و "مفسد فی الارض" بە جێی ئەوە لەسەر خەڵکی نارازی لە نیزام بەڕێوە بچی، وا دروستە و بەجێیە لەسەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێستای ئێران بەڕێوە بچی، چونکە لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا بە زبروزەنگ وبەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆر بەدژی گەلانی ئێران ترس و خۆفیان لە کۆمەڵگەی ئێراندا چاندووە و ئەوانن "فساد"یان هەم لە ئێران و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پەرە پێداوە. بێگومان ئەگەر توندوتیژی، ترس و خۆف لەنێو کۆمەڵگەی ئێران لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا دروست بووە هۆکاری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوون و هەن و ئەگەر سزای "محاربە" پێوەندی بە توندتیژی و خوڵقاندنی ترس و خۆف لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، پێش هەموو کەس و لایەنێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێ بە سزای "محاربە" و "مفسد فی الارض" سزا بدرێن، نەک ئەو گەنج و لاوانەی خەون بە ژیانێکی ئاسوودە و بەدوور لە شەڕ و ئاژاوەوە دەبینن.




# ترسی ڕێژیم له‌ مانگرتن و هێرشی هێزه‌ سه‌رکوتکه‌ره‌کانی بۆ سه‌ر خه‌ڵکی کاسبکاری کوردستان

**ئا: کاروان مێراوی**

مانگرتن به‌ یه‌کێک له‌ کۆڵه‌که‌ و تاکتیکه‌ سه‌ره‌کییه‌کانی ڕاپه‌ڕین و شۆڕشه‌کان داده‌نرێ که‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای سه‌رهه‌ڵدانی ڕاپه‌ڕینی "شۆڕشی ژینا" له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان که‌ ناوچه‌کانی تری نێو جوگرافیای ئێرانیشی ته‌نییه‌وه‌ و به‌رده‌وامیی ئه‌م ڕاپه‌ڕین و شۆڕشه‌ نزیک له‌ چوار مانگ بووه‌ته‌وه‌، له‌سه‌ر داوا و بانگه‌وازی حیزبه‌ سیاسییه‌ کوردستانییه‌کان و به‌تایبه‌ت ناوه‌ندی هاوکاریی حیزبه‌کانی کوردستانی ئێران مانگرتن به‌رده‌وام له‌ کوردستان و جاروباره‌ش له‌ ناوچه‌کانی تری نێو جوغرافیای ئێران به‌ڕێوه‌ چووه‌. ئه‌م مانگرتنانه‌ش گوشارێکی سیاسی و ئابووریی زۆریان خستووه‌ته‌ سه‌ر ده‌سه‌ڵاتی فۆرماڵیته‌ و ناڕه‌وای ڕێژیمی داگیرکه‌ری ئێران و هه‌وڵه‌ چه‌واشه‌کارانه‌کانی ڕێژیم بۆ کۆتاییهێنان به‌ مانگرتنه‌کان ته‌نانه‌ت به‌ هاتنی ئیبراهیم ڕه‌ئیسی، سه‌رۆککۆماری ڕێژیم بۆ کوردستان و شاری سنه‌ بێئاکام و مایه‌پووچ مایه‌وه‌ تاکوو ئه‌وه‌ی که‌ ڕێژیم ناچار بوو وێڕای هێرش بۆ سه‌ر خه‌ڵکی ڕاپه‌ڕیوی کوردستان، به‌ شێوه‌ی فه‌رمی بڕیار و فه‌رمانی هێرش بۆ سه‌ر دووکان، ترۆمۆبیل، شوێنی کار و ته‌نانه‌ت ده‌که‌ و سه‌رجه‌م که‌ره‌سته‌ی کاسبیی کاسبکارانی کوردستان بدات به‌ هێزه‌ سه‌رکوتکه‌ره‌ جێگیرکراوه‌کانی خۆی له‌ شاره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستاندا و پاش ئه‌م بڕیاره‌ ئه‌و هێزانه‌ش به‌ دڕندانه‌ترین شێوه‌ له‌ په‌لاماردانی خه‌ڵک هارتر بوون. ئه‌م بڕیار و فه‌رمان و هێرش و په‌لامارانه‌ نه‌ک ته‌نیا ئیراده‌ی به‌رخۆدانی خه‌ڵکی کوردستانی به‌چۆکدا نه‌هێناوه‌، به‌ڵکوو خه‌ڵکی له‌ ڕاپه‌ڕین و به‌تایبه‌ت مانگرتنه‌کان شێلگیرتر کردووه‌. بۆ نموونه‌ له‌ ماوه‌ی یه‌ک مانگی ڕابردوودا چه‌ندین جار مانگرتن له‌ شاره‌کانی کوردستان به‌ شێوه‌یه‌کی به‌ربڵاو به‌ڕێوه‌ چووه‌ و هێزه‌کانی ڕێژیمیش له‌ به‌رانبه‌ر خۆراگریی خه‌ڵکی کوردستاندا ده‌سته‌وستان دۆشداماو ماون.

هه‌نووکه‌ ئه‌و پرسیاره‌ دێته‌ پێش، ئه‌رێ گه‌ڵۆ له‌م قۆناغه‌ی ئێسته‌ی شۆڕشی ژینادا بۆچی پێویسته‌ مانگرتنه‌کان به‌م شێوه‌یه‌ چڕوپڕ به‌ڕێوه‌ بچن و پێویستیی ئه‌م مانگرتنانه‌ له‌چیدایه‌؟ له‌ وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره‌دا حه‌سه‌ن قادرزاده‌، ئه‌ندامی ناوه‌ندی به‌ڕێوه‌به‌ریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و به‌رپرسی ناوه‌ندی گشتیی ته‌شکیلاتی حیزب به‌ "کوردستان"ی ڕایگه‌یاند: "سه‌ره‌تا ده‌بێت ئاماژه‌ به‌وه‌ بکه‌ین که‌ له‌ ماوه‌ی ٤٣ ساڵ ده‌سه‌ڵاتداریی ڕێبه‌ران و کاربه‌ده‌ستانی دژی گه‌لیی ڕێژیمی ئیسلامی، جگه‌ له‌ زوڵم و زۆری و بێدادی، گرتن، به‌ندکردن، ئه‌شکه‌نجه‌، له‌سێداره‌دان، بێبه‌شکردنی خه‌ڵک له‌ مافه‌ سه‌ره‌تاییه‌کانیان و بێڕێزیکردن به‌ بیروباوه‌ڕه‌کانیان و سه‌رباری هه‌مووی ئه‌وانه‌ش، برسییه‌تی و بێده‌ره‌تانی و ... کۆمه‌ڵێک هۆکار بوون به‌هۆی ئه‌وه‌ی که‌ مه‌رگی ژینا ئه‌مینی ببێته‌ ڕق و تووڕه‌یی و ئاگر به‌ دژی ڕێژیم و ڕاپه‌ڕین په‌ره‌ بستێنێت و له‌ شێوه‌ی جۆراوجۆردا به‌ڕێوه‌ بچێت. به‌رچاوترین و کاریگه‌رترینیان مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازاڕه‌کان به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی له‌ زۆربه‌ی شاره‌کانی کوردستان بوو. یه‌کگرتوویی، هاوپێوه‌ندی و پشتیوانیی دووکانداران و کاسبکاران له‌ ڕاپه‌ڕینی ژینا ترس و نیگه‌رانییه‌کی زۆری خستووه‌ته‌ دڵی کاربه‌ده‌ستانی ڕێژیم، هه‌ر بۆیه‌ زۆر هه‌وڵیان دا له‌ ڕێگه‌ی ئه‌ماکن و ده‌زگاکانی تری ئه‌و ڕێژیمه‌وه‌ پێش به‌ داخستنی دووکان و بازاڕه‌کان بگرن. به‌و کاره‌ ده‌یانویست وا نیشان بده‌ن که‌ خه‌ڵک ناڕازی نین و وه‌ڵامی بانگه‌وازی حیزبه‌ سیاسییه‌کان و به‌تایبه‌ت ناوه‌ندی هاوکاریی حیزبه‌کانی کوردستانی ئێران ناده‌نه‌وه‌. له‌ لایه‌کی دیکه‌شه‌وه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که‌ داخستنی دووکان و بازاڕه‌کان قورسایی ده‌خاته‌ سه‌ر ژیان و بژیویی خه‌ڵک به‌ڵام زیانمه‌ندی سه‌ره‌کی، ڕێژیمی ئیسلامییه‌. جیا له‌وه‌ی که‌ ڕه‌وایی ده‌سه‌ڵاته‌ نه‌گریسه‌که‌یانی هێناوه‌ته‌ ژێر پرسیار و ڕه‌ت کراوه‌ته‌وه‌، ئابووریی وڵاتیش که‌ سوپای پاسداران و ده‌زگاکانی ڕێژیم ده‌ستیان به‌سه‌ردا گرتوون و قازانجه‌که‌ی ده‌چێته‌ گیرفانی مافیا ئابوورییه‌کانی خودی ڕێژیم، تووشی لاوازیی زیاتر و دارمان بووه‌. بۆیه‌ مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕه‌کانی کوردستان و ئێران نیشانه‌ی ده‌ربڕینی تووڕه‌یی و بێزاریی خه‌ڵکه‌ له‌و ده‌سه‌ڵاته‌ سه‌ره‌ڕۆ و کۆنه‌په‌رسته‌ و هه‌روه‌ها یه‌کگرتوویی و یه‌کڕیزیی هه‌موو چین و توێژه‌کانی خه‌ڵکی کوردستانه‌".

مانگرتنه‌کانی کوردستان له‌م دواییانه‌دا په‌ره‌یان گرت بۆ ده‌ره‌وه‌ی کوردستان و کۆمه‌ڵێک له‌ شاره‌کانی ناوچه‌کانی تری ناو جوگرافیای ئێرانیشی گرته‌وه‌، بۆیه‌ ڕێژیمی ئاخوندی له‌م ڕۆڵه‌ی کوردستان که‌ بووه‌ته‌ سه‌رباشقه‌ی شۆڕش و به‌تایبه‌ت ئه‌م مانگرتنانه‌ له‌ ناوچه‌کانی تری ئێران، ترسی لێ نیشتووه‌ و زۆرتر تووڕه‌ و هه‌ستیار بووه‌ و هێزه‌ سه‌رکوتکه‌ره‌کانی حکوومه‌ت گوشارێکی زۆریان خستووه‌ته‌ کاسبکارانی کوردستان. له‌سه‌ر ئه‌م هه‌ستیاری و تووڕه‌بوونه‌ی ڕێژیم به‌نیسبه‌ت مانگرتنه‌کانی کوردستان و له‌سه‌ر ئه‌و پرسیاره‌ی که‌ ڕێژیم ترسی له‌ چی بوو وا به‌و شێوه‌یه‌ گوشاری خسته‌ سه‌ر دووکاندار و کاسبکارانی کوردستان؟ به‌ڕێز قادرزاده‌ گوتی: "هه‌ستیاریی ڕێژیم و هێزه‌ سه‌رکوتکه‌ره‌کانی به‌نیسبه‌ت مانگرتنی دووکانداران و کاسبکارانی کوردستان، پێش هه‌موو شتێک له‌ یه‌کگرتوویی و هاوپێوه‌ندی و یه‌کڕیزیی هه‌موو چین و توێژه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان به‌یه‌که‌وه‌ و پێوه‌ندی و پشتیوانیی هێزه‌ سیاسییه‌کان و وه‌ڵامدانه‌وه‌ به‌ په‌یام و بانگه‌وازی حیزبه‌ سیاسییه‌ کوردستانییه‌کان له‌ هه‌موو شتێک زیاتر ڕێژیمی نیگه‌ران و هه‌راسان کردووه‌ و له‌ په‌ره‌ستاندن و به‌رده‌وامبوونی ڕاپه‌ڕین، تووشی ترس و له‌رزه‌ بووه‌، هه‌روه‌ها مانگرتنی دووکاندار و کاسبکاران ئابووریی ڕێژیمی تووشی ئاوسان و مایه‌پووچی کردووه‌. هاوکات تووڕه‌یی و بێزاریی چین و توێژه‌کانی دیکه‌، خۆپیشاندان و هاتنه‌ سه‌ر شه‌قامی به‌دواوه‌ ده‌بێت که‌ ئه‌وه‌ش ده‌بێته‌ هۆی خرۆشانی شه‌قام و هاتنه‌ مه‌یدانی هه‌موو کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک به‌ دژی سیاسه‌تی گرتن، کوشتن، له‌سێداره‌دان و قووڵبوونه‌وه‌ی دوژمنایه‌تیی خه‌ڵک له‌گه‌ڵ ڕێژیم و سه‌ره‌ئه‌نجام ئاکامی ئه‌و خه‌بات، به‌رخۆدان، خوێنڕشتن و قوربانیدانه‌ ده‌بێته‌ هۆی داڕووخانی وره‌ و پاشه‌کشه‌ی هێزه‌ سه‌رکوتکه‌ره‌کانی ئه‌و ڕێژیمه‌ دیکتاتۆر و خوێنڕێژه‌ و ڕێژیم به‌ره‌و نه‌مان و ڕووخان ده‌بات".

مانگرتنه‌ سه‌رانسه‌رییه‌کانی ئه‌م دواییانه‌ی کوردستان و ئێران که‌ له‌ کوردستانه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی گرتووه‌، بوو به‌ به‌ڵگه‌یه‌ک بۆ ئه‌و وابێژییه‌ی که‌ ده‌گوترێ کوردستان له‌ ئێراندا هه‌رده‌م ڕۆڵی پێشه‌نگ ده‌گێڕێت و هه‌روه‌ها بوو به‌ هۆکاری یه‌کڕیزیی زیاتری چین و توێژه‌کانی کوردستان و لێکنزیکبوونه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌کانی ناو جوگرافیای ئێران و کاریگه‌رییه‌کی باشی له‌سه‌ر یه‌کگرتوویی زیاتری ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ و ته‌نانه‌ت ئۆپۆزیسیۆنی نه‌ته‌وه‌ جیاوازه‌کانی ناو جوگرافیای ئێران هه‌بووه‌. له‌م پێوه‌ندییه‌شدا کاک حه‌سه‌ن ڕاگه‌یاند: "ڕێژیمی سه‌ره‌ڕۆ و دژی گه‌لیی ئاخوندی، دوژمنی سه‌ره‌کی و بێبه‌زه‌یی گه‌لانی ئێران بووه‌ و به‌ تاوانی داواکردنی مافه‌ ڕه‌واکانیان به‌ توندترین شێوه‌ په‌لاماریانی داوه‌ و ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ی سه‌رکوت کردووه‌ و هه‌موشیانی له‌ بێبه‌شی و بێمافیدا ڕاگرتووه‌ و سه‌ره‌تاییترین مافه‌ مرۆڤایه‌تییه‌کانی لێیان زه‌وت کردووه‌ و خه‌ڵک و ناوچه‌کانیان له‌ دواکه‌وتوویيدا ڕاگرتووه‌، هه‌روه‌ها خه‌ڵکی له‌ هه‌موو بواره‌کانی ئابووری، فه‌رهه‌نگی، کۆمه‌ڵایه‌تی و خزمه‌تگوزارییه‌ سه‌ره‌تاییه‌کان بێبه‌ش کردووه‌، هه‌ر هه‌موویان له‌ ده‌رد و مه‌ینه‌تییه‌کانیاندا هاوبه‌ش و هاوچاره‌نووسن.

بۆیه‌ هه‌ر مانگرتن و خۆپیشاندان و ده‌ربڕینی ناڕه‌زایه‌تی له‌ هه‌ر شوێنێکی ئێران ده‌بێته‌ هۆی هاوپێوه‌ندی و یه‌کگرتوویی و پشتیوانی له‌ یه‌کتر. خۆپیشاندانه‌کان ئه‌وه‌یان سه‌لماندووه‌ که‌ بۆ هاوده‌ردی له‌گه‌ڵ به‌لووچستان و ئازه‌ربایجان و ناوچه‌کانی دیکه‌ له‌ کوردستان خۆپیشاندان و مانگرتن کرا و جینایه‌تانه‌کانی ڕێژیمیان ئیدانه‌ کرد. به‌پێچه‌وانه‌که‌شی له‌ به‌لووچستان و ئازه‌ربایجان و تاران و زۆر شوێنی دیکه‌ی ئێران پشتیوانی له‌ خه‌ڵکی کوردستان کرا و ئه‌و هێرش و خوێنڕێژییه‌ی سوپای پاسداران و هێزه‌ سه‌رکوتکه‌ره‌کانیان له‌ کوردستان مه‌حکووم کرد و هاوده‌ردی و هاوخه‌میی خۆیان ده‌ربڕی. بۆیه‌ به‌دڵنیاییه‌وه‌ هاوپێوه‌ندی، یه‌کگرتوویی و پشتیوانیی گه‌لانی دیکه‌ به‌تایبه‌تی و خه‌ڵکی ئێران و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کان به‌گشتی له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی کوردستان له‌ هه‌موو کات و قوناغێکدا پێگه‌ و خۆشه‌ویستیی کوردستانی به‌هۆی پێشه‌نگبوون، یه‌کگرتوویی، له‌خۆبردوویی و به‌رده‌وامبوونیان له‌ ڕاپه‌ڕیندا به‌هێزتر و پته‌وتر بووه‌".

کوردستان که‌ چه‌خماغه‌ی شۆڕشی ژینا بووه‌ و هه‌نووکه‌ش له‌ژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و به‌کرده‌وه‌ بووه‌ته‌ ناوه‌ندی ئه‌م شۆڕشه‌، نموونه‌ و به‌ڵگه‌ی ئه‌و وابێژییه‌یه‌ که‌ ده‌بێژین له‌ ماوه‌ی په‌نجا ساڵی ڕابردوودا نه‌ته‌وه‌ی کورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان پشه‌نگ و سه‌رباشقه‌ی خه‌باتی نه‌ته‌وه‌ هاوچاره‌نووسه‌کانی خۆی له‌ ناو جوگرافیای ئێران بووه‌. هۆکاری ئه‌م سه‌رباشقه‌بوون و پێشه‌نگبوونه‌ش، بۆ ڕێکخستنی تۆکمه‌ی خه‌ڵکی گوند و شاره‌کان له‌لایه‌ن حیزبه‌ سیاسییه‌کانی کوردستان و تا ڕاده‌یه‌ک هاوئاهه‌نگیی نێوان لایه‌نه‌ سیاسییه‌ کوردستانییه‌کان که‌ له‌م ساڵانه‌ی دواییدا و پاش پێکهێنانی ناوه‌ندی هاوکاریی حیزبه‌کانی کوردستان (پێش له‌ یه‌کگرتنه‌وه‌ی دوو لایه‌نی کۆمه‌ڵه‌ و دوو لایه‌نی حیزبی دێموکرات) و له‌ گشتی گرنگتر، یه‌کڕیزی و یه‌کگرتوویی و کۆده‌نگیی خه‌ڵکی کوردستانه‌ به‌ سه‌رجه‌م چین و توێژ و باوه‌ڕه‌ جیاوازه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستان ده‌گه‌ڕێته‌وه‌. وێڕای ئه‌وه‌ش، کۆده‌نگیی لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی کوردستان له‌ شۆڕشی ژینادا زیاتر په‌ره‌ی سه‌ند و گه‌یشته‌ ئاستێک که‌ ناوه‌ندی هاوکاریی حیزبه‌کانی کوردستان و سه‌رجه‌م حیزبه‌کانی تری ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان ڕاگه‌یه‌ندراوی هاوبه‌شیان له‌سه‌ر مانگرتن و هاتنه‌ سه‌رشه‌قامه‌ خه‌ڵکی کوردستان بڵاو کرده‌وه‌ و ئه‌مه‌ش جیا له‌ پته‌وکردنی یه‌کگرتوویی و یه‌کڕیزیی نێوان لایه‌نه‌ سیاسییه‌کان، پێشوازیی گه‌رم و بێوێنه‌ی خه‌ڵکی خه‌باتکاری ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان و هاتنه‌ به‌ره‌وپیریی ئه‌و بانگه‌وازه‌ یه‌کگرتووانه‌ی حیزبه‌کانی لێ که‌وته‌وه‌ و ئیراده‌ی خه‌ڵکی کوردستانی بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ڕێژیمی داگیرکه‌ری ئێران به‌تایبه‌ت داخستنی دووکان و بازاڕه‌کان و هاتنه‌ سه‌ر شه‌قام پته‌وتر و پۆڵاینتر کردووه‌، بۆیه‌ خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵات به‌ ده‌ستی خاڵی و به‌تاڵ نزیک به‌ چوار مانگه‌ شه‌ڕ و به‌ربه‌رکانێ له‌گه‌ڵ دڕنده‌ و فاشیستترین ڕێژیمی دیکتاتۆری سه‌رده‌م ده‌که‌ن. کۆی ئه‌م هۆکارانه‌ وای کردووه‌ که‌ ڕێژیمی داگیرکه‌ری ئیسلامیی ئێران نۆرگه‌ و ڕوانگه‌یه‌کی تری له‌سه‌ر کوردستان هه‌بێت، به‌ واتایه‌کی تر دڕنده‌تر له‌ جاران خۆی ته‌یارتر بکات بۆ شه‌ڕێکی گشتگیر و تێکه‌ڵاو (Hybrid warfare) به‌ دژی خه‌ڵکی کوردستان، به‌ڵام ئه‌م جاره‌ش و له‌ کۆتاییی ئه‌م شه‌ڕه‌شدا وه‌ک هه‌میشه‌ ئه‌وه‌ ئیراده‌ی ڕزگاریخوازانه‌ی خه‌ڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانه‌ براوه‌ و سه‌رکه‌وتوویه‌.

## وێـــــستگه

# ژینای ئێمه یان مه‌هسای ئه‌وان؟

**ئاسۆ مینبه‌ری**

له‌وه‌ته‌ی کورد وه‌کوو نه‌ته‌وه‌یه‌کی ژێرده‌ست له‌لایه‌ن هێزه‌ داگیرکه‌ره‌کانی کوردستانه‌وه‌ به‌ره‌وڕووی جۆره‌کانی هه‌ڵاواردن و سڕینه‌وه‌ی شوناس و له‌ هه‌مووی گرینگتر پێناسه‌ی بێگانه‌بوون له‌ ئاو و خاکی خۆی بووه‌ته‌وه‌، پرسی کورد و ئه‌وی تر _دوژمن_ هاتووه‌ته‌ ئاراوه‌ و زۆر جار هه‌وڵ دراوه‌ که‌ شه‌ڕ له‌گه‌ڵ ئه‌م پێناسانه‌ بکرێ.

ژینا ئه‌مینی کچه‌ کوردێک بوو که‌ وه‌کوو هه‌زاران منداڵی کوردستان هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای له‌دایکبوون و ناودێرکرانیه‌وه‌ به‌ره‌وڕووی ئه‌و هه‌ڵاواردنه‌ بووه‌وه‌ که‌ وه‌کوو ئه‌وی تر ناسرا؛ هه‌ربۆیه‌ ناوی تۆمارکراوی ناسنامه‌ی ژینا بوو به‌ مه‌هسا، ناوێک که‌ ئه‌مڕۆ پاش تێپه‌ڕبوونی زیاتر له‌ ١٠٠ ڕۆژ له‌ ڕاپه‌ڕین و به‌رخودانی خه‌ڵک له‌ کوردستان و ئێران هێشتا مشتومڕی له‌سه‌ره‌ و ئه‌وه‌ی که‌ ئاشکرایه‌ زه‌وتکردنی شوناس و بوونی ژینا له‌ ژێر ناوی داگیرکراوی مه‌هسایه‌!

کاتێک که‌ ژینا به‌و شێوازه‌ دڕندانه‌یه‌ له‌لایه‌ن هێزه‌کانی گه‌شتی ئێرشادی ڕێژیمه‌وه‌ گیانی لێ ئه‌ستێندرا، پێداگربوون له‌سه‌ر ناسنامه‌ ڕاسته‌قینه‌که‌ی له‌ یه‌که‌م چرکه‌کانی به‌خاکسپاردنیه‌وه‌ له‌ سه‌ر کێلی گۆڕه‌که‌ی خۆی نواند، له‌سه‌ر کێله‌که‌ی ناوی به‌ ژینا نووسرابوو، ژینایه‌ک که‌ کورد بوو و تا کاتی شه‌هیدبوونیشی هه‌ر به‌ ناوی ژینا بانگ کرابوو، ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ خواست و ویستی داگیرکه‌ر بوو. به‌ڵام بابه‌تێکی گرینگ که‌ له‌م باره‌وه‌ ده‌بێ ئاماژه‌ی پێ بکرێت ئه‌و ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه‌ بوو که‌ له‌نێوان خه‌ڵکی کوردستان و خه‌ڵکی باقی به‌شه‌کانی ئێراندا ڕووی دا، ئه‌ویش پێناسه‌کردنی ئه‌و کچه‌ به‌ دوو ناوی جیاواز بوو که‌ ئێستاکه‌ش هه‌ر به‌رده‌وامه‌!

له‌ کوردستاندا، ژینا به‌ ژینا ده‌ناسرێت چونکه‌ به‌م ناوه‌ کوردییه‌یه‌ که‌ ژینا ده‌توانێ ببێته‌ سیمبول بۆ کوردستان و خه‌ڵکی کوردستانیش هه‌ر له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م ناوه‌وه‌ ده‌توانن خاوه‌نداره‌تی له‌ کچێکی کورد بکه‌ن، که‌ له‌ ڕاستیدا خاوه‌نداره‌تیکردن له‌ ژینا وه‌کوو کچێکی کورد، خاوه‌نداره‌تیکردن له‌ شوناسی ڕاسته‌قینه‌ی نه‌ته‌وه‌یه‌که‌، به‌و مانایه‌ که‌ ژینا ده‌توانێ وه‌کوو نوێنه‌ری نه‌ته‌وه‌یه‌ک چاوی لێ بکرێ! ژینا له‌م پێناسه‌یه‌دا ده‌توانێ نوێنه‌ری نه‌ته‌وه‌یه‌کی به‌شخوراو، په‌راوێزخراو، ماف پێشێلکراو و له‌ هه‌مانکاتدا، توێژێکی سته‌ملێکراو و چه‌وساوه‌ به‌ ناوی ژن بێت.

ئه‌مه‌ ئه‌و ڕاستییه‌یه‌ که‌ به‌ زه‌قکردنه‌وه‌ی ناوی مه‌هسا له‌ به‌رانبه‌ر ناوی ژینادا زیاتر هه‌ستی پێ ده‌کرێت. له‌ ڕاستیدا زه‌قکردنه‌وه‌ی ناوی مه‌هسا، که‌مڕه‌نگکردنه‌وه‌ و له‌ زۆرحاڵه‌تیشدا سڕینه‌وه‌ی پرسێک به‌ ناوی پرسی کورد بوو؛ هاوکێشه‌که‌ ئه‌مه‌یه‌: مه‌هسا له‌ به‌رانبه‌ر ژینا، کورد له‌ به‌رانبه‌ر ئه‌وی تر!


لانیکه‌م خوێندنه‌وه‌ و سه‌رنجدانی به‌رنامه‌ و پلانی حیزبه‌کانی کوردستان ده‌توانێ ڕوونی بکاته‌وه‌ که‌ ئه‌وان له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکراتیکدا داوای مافی خۆیان ده‌که‌ن، بۆ نموونه‌ حیزبی دێموکرات به‌ داواکردنی فێدراڵیزم و هه‌وڵدان بۆ جێگیرکردنی له‌ داهاتووی ئێرانی ئازاد و دێموکراتیکدا سه‌لماندوویه‌تی که‌ پرسی کوردستان و ئێران هه‌ر دوو گرینگ و جێی بایه‌خن و له‌م چوارچێوه‌یه‌دا وه‌کوو حیزبێکی کوردستانی هه‌وڵ بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی مافی خه‌ڵکه‌که‌ی خۆشی ده‌دات، له‌م چوارچێوه‌یه‌شدا به‌پێی پێویست له‌گه‌ڵ لایه‌ن و هێزه‌کانی ئۆپۆزسیۆن که‌وتووه‌ته‌ وتووێژه‌وه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که‌ له‌م دواییانه‌دا ڕووی دا، نیشان ده‌دات که‌ ئه‌م ویست و داخوازییه‌ له‌لایه‌ن حیزبه‌کانی کوردستانه‌وه‌ تاکوو ئێستا نه‌یتوانیوه‌ جێگای خۆی بگرێته‌وه‌! هه‌ر بۆیه‌ به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ی که‌ لایه‌نه‌ کوردستانییه‌کان هه‌وڵیان دا ڕاپه‌ڕینه‌که‌ ڕێبه‌ری بکه‌ن و کوردستان وه‌کوو سه‌رچاوه‌که‌ی بناسن، لایه‌نه‌کانی دیکه‌ وه‌کوو ئه‌وی تر له‌ پرسی کورد ده‌ڕوانن و پاش زیاتر له‌ ١٠٠ ڕۆژ به‌رده‌وامبوونی کوردستان له‌ ڕاپه‌ڕین و هاتنه‌ سه‌رشه‌قام، شاره‌کانی دیکه‌ و به‌تایبه‌ت گه‌وره‌شارێکی وه‌کوو تاران هه‌نگاوێکی ئه‌رێنییان له‌پێناو دروستکردنی یه‌کڕیزیدا هه‌ڵنه‌گرتووه‌، له‌ زۆر حاڵه‌تیشدا ته‌نانه‌ت نکۆڵی له‌ به‌ستێن و کانتێکستی ڕاپه‌ڕینه‌که‌ واته‌ کوردستان کراوه‌، که‌ بێگومان ئه‌مه‌ هه‌ر ده‌چێته‌ ئه‌و چوارچێوه‌یه‌وه‌ که‌ ئه‌وان کورد به‌ ئه‌وی تری خۆیان ده‌زانن و نایانه‌وێ ببنه‌ سووته‌مه‌نیی ڕاپه‌ڕینێک له‌ ده‌سپێشخه‌ره‌که‌ی کورد بووه‌!

زۆر که‌س له‌ چالاکانی کورد له‌ ماوه‌ی ڕابردوودا داوایان کرد که‌ هه‌وڵ بدرێ ژینا له‌ دنیای ده‌ره‌وه‌دا به‌ ناوی خۆیه‌وه‌ بناسرێت، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ هه‌وڵه‌کانیان جێگای نه‌گرت و ئێستا زیاتر له‌وه‌ی که‌ ژینا وه‌کوو کچێکی کورد بناسرێ که‌ بووه‌ته‌ ئامانجی هێرشی نه‌ته‌وه‌یی و ڕه‌گه‌زی له‌لایه‌ن ڕێژیمه‌وه‌، مه‌هسا بووه‌ته‌ کچێکی ئێرانی که‌ به‌داخه‌وه‌ که‌ له‌ڕاستیشدا ناتوانێ نوێنه‌رایه‌تیی نه‌ته‌وه‌که‌ی خۆی بکات، ئه‌مه‌ له‌ کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستانیشدا تا ڕاده‌یه‌کی به‌رچاو دیاره‌، زۆر که‌س له‌ کوردستاندا به‌ بێ سه‌رنجدان به‌و ڕاستییه‌ که‌ ئه‌م ناوه‌ ده‌توانێ هۆکارێکی گرینگ بۆ سڕینه‌وه‌ی شوناسی ژینای کوردستان بێت که‌وتنه‌ داوی پڕوپاگه‌نده‌کانی لایه‌نه‌کانی دیکه‌وه‌ و به‌ جه‌ختکردنه‌وه‌ له‌ سه‌ر جۆگرافیایه‌کی هاوبه‌ش به‌ ناوی ئێران ژینایان له‌ بوونی ڕاسته‌قینه‌ی خۆی تا ڕاده‌یه‌ک داماڵی!

ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌بێ له‌مباره‌وه‌ گرینگی و بایه‌خی پێ بدرێت ئه‌وه‌یه‌ که‌ ژینای ئێمه‌ و مه‌هسای ئه‌وان نوێنه‌رایه‌تیی دوو گوتاری لێک جیا ده‌که‌ن، کوردستانیبوون و ژنبوونی ژینا، له‌و هۆکاره‌ سه‌ره‌کییانه‌ بوون که‌ کوشتنی حکوومه‌تیی ژینایان لێ که‌وته‌وه‌، هه‌ر ئه‌م هۆکارانه‌ش بوون که‌ ژنانیان هێنایه‌ سه‌ر شه‌قام و ڕۆڵی سه‌ره‌کیی ڕاپه‌ڕینه‌که‌یان پێ دان.

جه‌ختکردنه‌وه‌ و پێداگری له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ زۆر گرینگه‌، بۆیه‌ پێویسته‌ هه‌ر تاکێکی کورد و به‌تایبه‌تیش ژنان له‌ پێشه‌نگایه‌تیی ئه‌م ڕاپه‌ڕینه‌یان له‌ ئه‌ستۆیه‌ به‌ وردبین بیه‌وه‌ له‌م بابه‌ته‌ بڕوانن و کار بۆ جێگیرکردنی شوناسی ڕاسته‌قینه‌ی ژینا و خۆیان وه‌کوو ژنی کورد له‌م ڕاپه‌ڕینه‌ سه‌رانسه‌رییه‌دا بکه‌ن.

هەمبانەی شاخ و شۆڕش



## سترانبێژەکەی نێو خەون و خوێن

## شەهید حەسەن جەمشیدی



برایم چووکەڵی

مێژوویی مرۆڤایەتی پڕە لە ناوی مەزنی ئەو مرۆڤە گەورانەی کە تاسەباری ئازادی بوون و ژیانیان بەبێ ئازادی نەویستووە. ئەو کەسانەی کە بە تێگەیشتن لەو ڕاستییەی "کە مرۆڤ شیاوی ژیانێکی ئازاد و سەربەستە و ژینی دیلێتی مەرگێکی بە جوڵەیە". ئەوانە ڕاپەڕیون لە پێناو وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا. دیارە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ وەدیهێنانی ئازادی و خەونە سەوزەکانی مرۆڤ خەباتیان کردووە بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە وانەیە خۆیان هیچ کات بەرووبوومی ئەم دارە پیرۆزەیان پێ نەبڕێ، کەچی دیسانیش بە تین وگوڕتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەندولەند و هەڵدێری گەورەیان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەپەڕیون خۆیان وەک تاکەکەس ئازاد بکەن بەڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازادکردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەباتیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو ڕاستییە هێناوە کە ڕێبازەکەیان بە پیرۆزی بۆ نەوەی داهاتوو دەمێنێتەوە؛ کە شەهید حەسەن جەمشیدی یەک لەوانە.

شەهید حەسەن جەمشیدی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە گوندی قەڵاجوغە لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایک بوو. تا پۆلی ٦ی سەرەتایی دەرسی خوێند و بەهۆی نەداریی بنەماڵەکەی ڕێگای خوێندنی لێ بەسترا. دواتر ماڵیان بەرەو شاری بۆکان کۆچی کرد.

حەسەن جەمشیدی ژیانی منداڵی و لاویی بە ڕەنج و کوێرەوەری تێپەڕ کرد. بە تێکەڵاوی پەیداکردن لەگەڵ خەڵک زیاتر وەزعیەتی نالەباری ژیانی ئەوانی بۆ ڕوون بۆوە و هەستی بە زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حاکم بەسەر ئێراندا کرد. دواتر کاری شۆفیری تاکسی کردە پیشە، و تا سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ئەو کارەی درێژە پێدا. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، حەسەن جەمشیدی لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب. لە شەڕی ٣ مانگەدا لێوەشاوەیی خۆی نواند و لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٨ وێڕای کۆمەڵێک قارەمانی دیکە لە مەڵبەندی موکریان هێزی کۆنەپەرەستیان لە شاری بۆکان وەدەرنا.

سەرەتای پاییزی ساڵی ١٣٦٠ کە بۆ جاری دووهەم هێزی دوژمن شاری بۆکانی داگیر کردەوە، حەسەن وەک پارتیزانێکی بەئەزموون زۆر جاران ڕووی لە شار دەکردەوە و زەبری لە دوژمن دەوەشاند. بەهۆی لێوەشاوەیی و فیداکاری وەک سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و پاشان بوو بە فەرماندەری لکی یەکی هێزی بەیان. حەسەن جەمشیدی لە کەمترین ماوەدا نیشانی دا کە توانای ئەو مەسئوولییەتەی هەیە و فەرماندەرێکی خاوەن تەرح و گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە. تەنیا لەماوەی ساڵێکدا ٤ جار هێزی قارەمانی ١١٠ی بەیان بە شارەزایی و لەخۆبوردوویی حەسەن جەمشیدی چوونەوە نێوشاری بۆکان و هەر جارێ زیاتر لە ١٢ سەعات شاریان لەهێزی داگیرکەر دەکردە گۆڕستان. شەڕەکانی ناوچەی بۆکان، گرتنی پایگای قۆچاغ، شەڕی جادەی بۆکان – سەقز، شاریکەند، قەرەکەند و داربەسەر بە فەرماندەری ئەو بەڕێوە چوون. تێکشکاندنی گوردانی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز شانازییەکی دیکەی پێشمەرگایەتیی حەسەنە کە تەنیا بە ٢٧ پێشمەرگە لە ڕۆژی ٥ی بەفرانباری ساڵی١٣٦٠ لەنێو ئاوایی حوسێن‌مامە ستوونێکی زەبەلاحیان لە جادەی بۆکان میاندواو لێک بڵاو کرد.

شەهید حەسەن جەمشیدی خاوەنی خوو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، چقڵی چاوی دوژمنی داگیرکەر بوو، ناوی ئەو ترس و دڵەخورپەی دەخستە نێو دڵی هێزی ڕێژیمەوە. ئەو لە بواری سیاسییشدا کادرێکی ئاگا و بەئەزموون بوو. بۆیەش لە هاوینی ١٣٦١ وەک جێگری هێز و فەرماندەری عەمەلیات دیاری کرا. ئەو کاتێک کۆبوونەوەی بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێک دەگرت و قسەی بۆ پێشمەرگەکان دەکرد، دەیگوت "هێزی خەڵک ئێمەین، ئێمە بە خەڵکەوە دەژین، بۆیە تا خەڵک هەبێ ئێمەش هەین، ژیان بۆ خەڵکە، بۆیە ئەگەر شەهیدیش بین هەر سەربەرزین لەنێو میللەتدا و هەمیشە بە سەربەرزی دەمێنینەوە."

ڕۆژی ٥ی بەفرانباری ١٣٦١ هەتاوی لە حاڵێکدا بەفر لووتکەی چیاکانی کوردستانی داگرتبوو، سەرماوسۆڵە، شارودێ و دەشت و پێدەشتەکان و چیا و دۆڵ و لێرەوارەکانی کوردستانی دەبڕی، بەفری دەشتی ئاڵەشین لە ئەژنۆ سەر کەوتبوو. پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی لکی یەک و دووی هێزی١١٠ی بەیان بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بە فەرماندەیی حەسەن جەمشیدی هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی ڕێژیم لە گوندی "سەراو" لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان. لەم هێرشەدا کە دوا فیداکاریی حەسەن جەمشیدی بوو ٢٥ کەس لە هێزی ڕێژیم کوژران، بەڵام بەداخەوە دڵی حەسەن جەمشیدی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران.

بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر هێزی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی لە میاندواو هێزێکی زۆریان نارده ئاوایی "سەراو"، کە هەر کەسیان لە کۆڵان و شەقام دیتبوایە بەر دەسرێژیان دەدا و ٦ کەسی بێتاوانی ئەو گوندەیان بە ناوەکانی یوسف زەنجەفیلی، عەلی محەممەدی، مستەفا مامەولودی، حەلیم مامحوسێنی، سەعید شابازی و ئایشێ شابازی شەهید کرد. کاتێک تەرمەکان لە مزگەوت دانرابوون، ئایشێ شابازی کە منداڵێکی ٤ مانگەی هەبوو، خەڵکی ئاوایی بینییان کە چۆن منداڵەکە مەمکی دایکی بێ‌گیانی دەمشت... .

حەسەن جەمشیدی شەهید بوو، بەڵام ناوی ئەو فەرماندە و مامۆستای خەباتی پێشمەرگایەتی و ئازایەتی، وتەکانی و وانەکانی بۆ هەمیشە بوونە مایەی گوڕوتین بەخشین بە کاروانی خەباتی حیزب و ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەی.

# زانکۆکان سەنگەری ئاوەدانیی شۆڕشی ژینا



**ڕەنگە شۆڕشی ژینا تا گەیشتن بە ئاکامی سەرەکیی خۆی کە لەنێو چوونی کۆماری ئیسلامییە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتبێ، بەڵام ئەوەی تا ئەوڕۆکە بەدەست هاتووە بێوێنەیە. کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بوونی فیزیکی خۆی بەڕواڵەت ڕاگرتبێ بەڵام لە مێنتالیتەی کۆمەڵانی خەڵکدا ١٠٠ ڕۆژە لەنێو چووە**



هێمن بایەزیدپوور

لە کاتێکدا کە ١٠٠ ڕۆژ لە دەستپێکی نوێترین ڕاپەڕین لە کوردستان و ئێران تێپەر دەبێت کە بە بڕوای کارناسان و توێژەرانی کۆمەڵناسی بیانی و نێوخۆیی ئەو ڕاپەڕینە وەک ڕێنێسانسێک دەتوانێ پێناسە بکرێت کە لە دوو ئاستی فۆرم و نێوەڕۆک کۆمەڵگەی خستۆتە ئاستێکی نوێیەوە کە سەری گەڕانەوەی نییە و دەتوانێ سەرەتای شۆڕشێک بێت کە بنچ و بنەمای کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا تێک دەدات و دەیرووخێنێت. لەو وتارەدا حەول دراوە کە بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئاخێز یان ڕاپەرینە پێناسە بکرێت. جێگای ئاماژەیە کە سەرنجی سەرەکی وتارەکە لەسەر خوێندکاران و زانکۆکان دەبێت.

بە چاوخشاندنێک لە دروشمی سەرەکیی ئەو شۆڕشە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو شۆڕشە، شۆڕشێکی ئێجابییە، لە شۆڕشی پێشووی ئێراندا دروشمەکان یان داخوازییەکان تەنیا لەسەر ئەوە بوون کە ڕێژیمی موستەقەر بڕوات و هیچ ڕوانگەیەکی سەرەکی لەسەر ئەوەی ڕێژیمی جێگرەوە دەبێت چ تایبەتمەندییەکی ببێت نەبوو. دیارە ئەو ڕوانگەیە کوردستان ناگرێتەوە و لە کوردستان ئەو دۆخە جیاواز و داواکارییەکان ڕوون بوو و گەلی کورد دەیزانی چی دەوێ. بۆیە هەر لە سەرەتاوە شوێن کۆماری ئیسلامی نەکەوت و وێنەی خومەینیی خوێنمژی لەنێو مانگدا نەدیت، بەڵام ئەوەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەبیندرا سەراسەر پێچەوانەی کوردستان بوو.

ژن، ژیان ئازادی وەک سێ وشەی بەڕواڵەت کورت بەڵام بە نێوەڕۆکی قووڵ کە مانیفێستی شۆڕشەکە پێناسە دەکات، بەو مانایەیە کە خەڵک دەزانن چ جۆر حوکمڕانی و دەسەڵاتێکیان دەوێ یان تایبەتمەندییەکانی یان ئەو ئارمان و ئیدەئالانە بۆ داهاتوو دەبێ چی بێت. ئەمانە خاڵی جەوهەریی ڕاپەڕینی ئەو ڕۆژانەن و، ئەو دەستکەوتە بە بەراوەرد لەگەڵ شۆڕشی پێشووی ئێران لەگەڵ ئەوەی کە چین و توێژ و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێیدا بەشدار بوون، بەڵام خاڵی جەوهەری ون بوو، و ئیدەئاڵ و بەرنامە و داواکارییەکانی ئەو شۆڕشە بۆ پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی بوو. بەڵام لە ئێستادا بەرابەری ڕەگەزی، پلۆرالیسم، ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەک تەوەرگەلی سەرەکیی ئەو شۆڕشە ئەوینی دروستکردنی ئێرانێکی نوێ دەدات، ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان و ئێران ڕوو دەدات نەتەنیا لە مێژووی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو مێژووی هاوچەرخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوین بێوێنەیە.

ئەو ڕاپەرینە، ڕاپەڕینی ژنان نییە بەڵام ژنان پێکهێنەری سەرەکیی ئەو شۆڕشەن، هەر ئەو تایبەتمەندییەش شۆڕشی ئەو ڕۆژانەی ئێران لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە سەدەی ڕابردوو بێوێنە دەکات؛ ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم شۆڕشە کە بەرابەریی ڕەگەزی پێناسەی سەرەکییە، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە ناوچەکەدا ئەو ئاستە لە تێگەیشتوویی سیاسی بێوێنەیە. خاڵی سەرەکیتر ئەوەیە کە پێکهێنەرانی سەرەکی ئەو شۆڕشە گەنجن، کە لە ئێران بە دەیەی هەشتایی یان چینی Z ناسروان کە لە باری کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژیکەوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، وەک بوێری کۆڵنەدان و وزە و.... چینێک کە هیچ دڵخۆشییەکیان بە کۆماری ئیسلامی نییە و بە هیچ شێوازێک خۆیان لە پارادایمی ئایینیی کۆماری ئیسلامیدا نابیننەوە. بەشداری هەموو چین و توێژەکانە لەو شۆڕشە، جیاوازیی تایبەتی لەگەڵ ئاخێزەکانی پێشتر لە ساڵانی ڕابردوو لە ئێران هەیە، داواکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدایە، شۆڕشێکە لەسەر ئەساسی یەکسانیخوازی لە ئێران.

ئاکامێکی تری شۆڕشەکە یەکگرتوویی و یەکدەنگی لە چوارچێوەی سەرانسەری ئێران و تەنانەت دەرەوەی ئێرانی کە دیاسپۆراشی گرتۆتەوە. ئەو ڕادەیە لە یەکگرتوویی و یەکدەنگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک لە دەرەوەی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی دەبێ لە داهاتوودا کاری زیاتری بکرێت و پێویستی شۆڕشەکە بەو یەکگرتووییە زۆر لەوەی هەیە زیاترە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەوە دەستکەوتێکی مێژووییە، هیچکات تا ئەو ڕادەیە ئێرانییەکان پێک نزیک نەبوونەتەوە و ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری خۆی حەولی دا بە لێکدوورکردنەوەی کۆمەڵگە، دروستکردنی خودی و ناخودی و ئەتۆمیزەکردنی خەڵک و دروستکردنی بێ‌متمانەیی لە خەڵکدا حەولی دابوو جیاوازی لەنێو خەڵکدا درووست بکات، کۆماری ئیسلامی تا ئەو ڕادەیە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ لە نێو بیری گشتی وڵاتانی دەرەوە چ لەنێو هێز و لایەنە سیاسییەکان نەکەوتۆتە ژێر گوشارەوە، دیارە ئەوەش دوو هۆکاری هەیە. دروشمی ئازادیخوازانە و مودێرنی شۆڕشەکە، و هەروەها کوشتنی بێ‌ڕوحمانەی منداڵان و ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ ڕەفتارە ناموتەعارفەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوو چ لە ڕووی تێکدانی ناوچەکە و چ نەسازان لە کەیسی ئەتۆمی و بەشداری لە شەڕی ڕووسیە و ئوکراین، بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و خەلکی خستۆتە یەک ڕێڕەوەوە.

تایبەتمەندییەکی سەرەکی تری ئەو شۆڕشە وەک نێوەرۆکی سەرەکی ئەو بابەتە زانکۆکان و خوێندکارانی زانکۆکانن کە وەک خوێن و وزەی شۆڕش لەو ماوەیەدا پێناسە دەکرێن. کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی ڕابردوو حەولی دابوو زانکۆکان لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تەریک بخات و لەو ماوەیەدا حەولی دابوو لە ڕێگەی دەستبەسەرکردن یان خود دەرکردنی خوێندکارانی پێشەنگ لە زانکۆکان، لەنێوبردن و داخستنی ڕێکخراوە سەربەخۆکان لە زانکۆکان و پێکهێنانی ڕێکخراوەگەلی دەستکرد و حکوومەتی تێکەڵکردن و ئاراستەکردنی داخوازییەکانیان و چوارچێوەدارکردنیان و بەجۆرێک ئاراستەی سێنفییان پێ ببخشێت. لەلایەکی ترەوە بە زۆرکردنی فیزیکیی زانکۆکان و خۆجێیی کردنییان لە قورسایی زانکۆ گەورە و پێشەنگەکان کەم بکاتەوە، مەخابن تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوو؛ بەڵام شۆڕشی ژینا وەک هەناسەیەک دووبارە خوێندکاران و زانکۆکانی لە پەراوێزەوە خستەوە نێوەرۆکی کۆمەڵگە و پاشان پێشەنگی ئاخێزەکە.

ئەوەی لە زانکۆکان لە ماوەی دەستپێکی ئەو شۆڕشەدا گوزەرا بێوێنە بوو. زانکۆکان ڕۆڵی سەرەکییان لە شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان لە دەیەی هەشتا و نەوەدی هەتاویدا گێڕا، لە ساڵی ٧٨ ی هەتاوی یەکەم بزووتنەوەی بەرینیان پاش دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خست و پاشان لە ساڵی ٨٨ و بزووتنەوەی سەوز دەوری سەرەکییان بوو، بەڵام پاش ئەوە لە ساڵانی ڕابردوو دەنگ و ڕەنگی خوێندکاری لە ئاستی ئێراندا زۆرتر دەنگێکی داخوازی تەوەر بۆ بەشێک لە مافە سێنفییەکانیان دەگەڕاوە و کەمتر سیاسیی بوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشەکە زانکۆکان کەوتنە ڕیزی یەکەم یان خود سەنگەری یەکەمی شۆڕشەکە، تایبەتنەندییەکانی زانکۆکان و خوێندکارانی زانکۆ دەتوانێ لە چەند بەشدا ئاماژەی پێ بکرێت:

### بەشداریی خوێندکارانی زیاتر لە ٨٠ زانکۆ لە شۆڕشی ژینادا

لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی ڕابردوو زۆربەی زانکۆکان تەنانەت زانکۆ پزشکییەکان کە لە ئاخێزەکانی پێشووتر کەمتر بەشدار دەبوون لە مەیداندا بوون و بەشداریی فیزیکیان بووە. لەگەڵ ئەوەی زانکۆکان لە سەرەتای شۆڕشەکەوە کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان و هێرشیان کراوەتە سەر، دەستبەسەرکراون و بریندار و چەن کەس گیانیانیشیان بەخت بووە؛ بەڵام تا ئەوڕۆکەشی لەگەڵ بێت بۆ یەک ڕۆژیش نەبووە کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر ئاکسیۆنیان بەڕێوە نەبردبێت و دەنگیان کز بووبێت.

### ئاوانگاردبوونی زانکۆکان لە درووشم و داخوازی

ئەوەی کە لە زانکۆکان لەو ڕۆژانەدا بەڕێوە دەچێت نەتەنیا بەشداریی مەیدانی بەڵکوو پێشرەوبوون و پێشەنگبوون لە شۆڕشەکەیە. خوڵقاندنی زۆربەری درووشمە ڕادیکاڵەکانی سەر شەقام کە لەلایەک ساختارشکێنەر و للایەک داهاتووتەوەر و خەسارناسانەیە. لە زانکۆکان بوو کە درووشمی ڕادیکاڵی دژ بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی خوڵقێندرا و لە سەر زاری خوێندکارانی زانکۆی شەریفی تاران وەک یەکەم زانکۆی ئێران لە بواری زانستییەوە بەرز کرایەوە.

### تێکدانی نەزمی ڕەگەزی و ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لە زانکۆکان

یەکسانی ڕەگەزی وەک داخوازییەکی سەرەکی کە خۆی لە درووشمی ژن، ژیان ئازادیشدا دەبینێتەوە بۆ یەکەم جار لە تێکەڵبوونەوەی خوێندکارانی کچ و کور لە زانکۆکان لە سێلفی خواردن خۆی بینییەوە. ئەوەش وەک یەکەم نموود یان ئاماژەی بەکردەوەکردنی ئەو درووشمە لە کۆمەڵگەدا پێناسە دەکرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا خەونی لەیەک جوداکردنەوەی خوێندکارانی لە پۆلەکانی خوێندنیشدا دەبینی.

### بەردەوامبوونی خۆپیشاندانی خوێندکاران

ئەگە شۆڕش وەک پرۆسەیەک پێناسە بکرێت و زۆرجار ڕەنگە بەشداریی مەیدانی خەڵک لە شەقامەکان بۆ ماوەیەک کز و لاواز بووبێت، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە لە زانکۆکان زۆر کەمتر بیندراوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندکاران ترسێکیان لە هەزینەدان بۆ ئاخێزەکە نییە لە ساڵانی ڕابردوو زۆربەی خوێنکاران پاش تەواوبوونی خوێندن نەیانتوانیوە جەزبی بازاری کار بن و هیچ هیوایەکیش بۆ داهاتوو لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ دۆزینەوەی کارێک بۆیان نییە، زیاتر لە ٤٠ لەسەدی خوێندکاران بە پێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامیش لە حەولی کۆچ بۆ دەرەوەی ئێرانن و کۆماری ئیسلامی لە پلەی دوویەمی ڕێزبەندی کۆچی بیرمەندان لە ئاستی جیهان‌دایە بە واتایەکی تر بۆ خوێندکاران هیچ داهاتوویەک لە ئێراندا نییە.

ئەوەی لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە ڕەنگە شۆڕشی ژینا تا گەیشتن بە ئاکامی سەرەکیی خۆی کە لەنێو چوونی کۆماری ئیسلامییە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتووە، بەڵام ئەوەی تا ئەوڕۆکە بەدەست هاتووە بێوێنەیە. کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بوونی فیزیکی خۆی بەڕواڵەت ڕاگرتبێ بەڵام لە مێنتالیتەی کۆمەڵانی خەڵکدا ١٠٠ ڕۆژە لەنێو چووە.

***

کوردستان
ژمارە: ٨٣٨
١٥ی بەفرانباری ١٤٠١ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٢

# تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات



ڕەزا دانشجوو




شۆڕشی ژینا لە کاتێکدا سەد ڕۆژیی خۆی تێپەڕاند کە خرۆشی دووبارەی شەقام خوێنێکی تازەی ڕژاندە نێو دەمارەکانی شۆڕشەوە و ڕێگای ئازادیی هەموارتر و ڕژێمی تاوانکاری پەرێشانتر کرد. چاوخشاندنێک بەو ڕووداوانەی کە لەم سەد ڕۆژەدا ڕوویان داوە، تاقمێک تایبەتمەندیی ناوازەمان بۆ دەردەخات کە دەتوانێت لە بەهێزکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان زۆر کاریگەر بێت.

ئەگەرچی پرۆسەی بزووتنەوەی شۆڕش لەم سەد ڕۆژەدا هەوراز و نشێوی جۆراوجۆری هەبووە، کە ئەمەش لە بەرانبەر دەسەڵاتی تاوانکار و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا کە هەر ڕەخنەیەک بە گوللە وەڵام دەداتەوە، تەواو ئاساییە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەستکەوتی ناوازەی زۆریشی هەبووە، کە لە گرنگترینەکان دەکرێ ئاماژە بکرێت بە یەکگرتوویی بێوێنەی نێوان گەلانی ئێران، بەشداریی بەهێزی گەنجەکان و ژنان، تێکڵاویی گرووپە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. وەک گوترا چاوەڕوانی بوونی خەڵک لە شەقامەکان بە شێوەی "هێڵکارێکی هێڵی" بەرەو سەرەوە تەواو ناڕاستە، ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ هیچ جۆرە نارەزایەتییەک قەبووڵ ناکات، پێویستە مرۆڤ سەبر بگرێت، ئێرە نە "تونس"ە و نە "میسر" ، تەنانەت نە "لیبی". ئەوەی لە شۆڕشی ژینا تا ئێستا دیتراوە "هێڵکارێکی سینوسی"یە بە شەپۆلی نایەکسانەوە. بەپێی بارودۆخەکە، گەورەیی ئەم شەپۆلانە جیاوازە، ئەمە واقیعی شەقامە، کە لەسەر بنەمای هۆکاری جۆراوجۆر دروست دەبێت. خاڵی گرنگ لەم جووڵەدا، مەودای نێوان زۆرترین خاڵ و کەمترین خاڵە، کە کەم و قبوڵ کراوە.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ڕێژیم دەیهەویست بە دۆزینەوەی لوتکەکان هەوڵی ڕاگرتنی ئەم بزووتنەوەیە بدات، ئەم شەپۆلانە بەتەواوی نارێکن و ناتوانرێت هیچ ڕێکخستنێکی بۆ دیاری بکرێت. هەروەک گوترا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنییەتییەی کە ڕێژیم دروستی کردووە، زۆرێک لە خۆپیشاندانەکان بەبێ پلانی لەپێشدارێژراوە و سەربەخۆ ڕوو دەدەن، ئەمەش وایکردووە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیم تەواو لاواز بێت. کوردستان، وەک پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران، لەم سەد ڕۆژەدا شوێنی خولقاندنی داستانە بێهاوتاکان بووە، کە لە درێژەدا بەکورتی باس لە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵات دەکەین.

**یەکگرتوویی ناوازەی خەڵکی ڕۆژهەڵات**

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات لە هیچ قۆناغێکدا شاهیدی لێکنزیکبوونەوەیەکی لەو شێوەیە نەبووە، چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئەو کەشوهەوایەی کە بۆ پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکان دروست بووە، چ لە کاتی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ و بوونی خەڵک بۆ بەدەستهێنان مافە داواکراوەکان، ئەم ڕادە لە پێکەوەبوون هەرگیز بوونی نەبووە. ئاوڕدانەوەیەک لە سەرەتای شۆڕشی ژینا، پاڵپشتی باڵادەستی شارەکانی کوردستان بۆ یەکتر، لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی ڕۆژهەڵاتە. ئەو خەڵکەی کە لە سەختترین ڕۆژەکاندا پێشوازییان لە گوللەی داگیرکەران کرد بۆ ئەوەی خوشک و براکانیان لە شارەکانی تر لەژێر فشاری سەرکوتکردنی ڕژیم بێنە دەر. ئەم دیمەنە دەگمەنە چەندین جار بیندرا، کاتێک شارێکی ڕۆژهەڵات لەژێر فشاری سەرکوتکردن و کوشتاری ڕێژیم بوو، شارەکانی تر شەقامەکانیان خرۆشاند و بەم جۆرە ماشێنی سەرکوتکاری ڕێژێمیان ڕاگرت. جوغرافیایەک کە مرۆڤەکانی بۆ یەکتر دەمرن، شەرەفی مێژووە، ئیلهامبەخشی ئازادی و ژیانبەخشینە.

چاوخشاندنێک بە نارەزایەتییەکانی کوردستان جیا لەو لێکنزیکبوونەوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد، دەمانگەیەنێتە خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ و ئەویش بەربڵاوی جوغرافییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا بەشدارە. لە ورمێ تا ئیلام هیچ شوێنێک نییە کە لە شۆڕشی ژینادا ئامادە نەبێت، ئەندامانی یەک جەستە کە بۆ یەکتر دەژین و بۆ یەکتر دەمرن. لە هەمووی گرینگتر بەشداریی ناوازەی بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتە کە ساڵانێکە لە سایەی سیاسەتی دژەئینسانیی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵی دوورکەوتنەوەیان لە جوغرافیای کوردستان و لەبیربردنەوەی نیشتیمانی دایکیان و بەستنەوەیان بە نیشتمانێک و شوناسێکی دیکە دراوە. ئامادەبوونی مێژوویی شارگەلێک وەک قوروە و بیجاڕ لە سەر شەقام و دووپاتکردەوەی چەندین جارەی پاڵپشتییان بۆ شۆڕشی ژینا، فۆرم و جۆری بەشداری و بەرخۆدانی قارەمانانەی خەڵک لە شیروان چەرداول، سەرابڵە، ئابدانان، کە ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیی تەواو ناهۆمێد کرد، دەسکەوتێکی بێوێنەی شۆڕشی ژینا بوو. ئەو شارانەی ساڵانێکە شاهیدی توندترین شێوەی ئاسیمیلاسیۆن و پاکتاوکردنی نەتەوەیی بوون و هەموو جۆرە پیلانێکیان بۆ بێکاریگەربوون لە جوگرافیای کوردستاندا ئەزموون کردووە، ئێستا ئاڵا هەڵگری شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتن. ئەو مرۆڤانەی داستانی نەسرەوتن و بەرخۆدانیان کۆشکی دیکتاتۆری درۆ و سێدارەی لەرزاند، پارچە پارچەی جەستەی نیشتمانێکی خەمگین کە جگە لە باوەشی دایکدا ئارام ناگرن.

**هەماهەنگیی نێوان لایەنە کوردییەکان**

هاوکاری و هەماهەنگیی لایەنە کوردستانییەکان، چ لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری چ لە شێوەی کۆبوونەوەی جۆراوجۆردا، توانای زیاتری خستە بەردەستی سیاسەتمەدارانی کوردستان. بە بەراورد شۆڕشی ٥٧ و ساڵەکانی دوای ئەو، نیزیکی و هەماهەنگیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر باشترە. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە خاڵی لاوازیش هەن و دەبێت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان بگیرێتەبەر، بەڵام ئەوەی گرینگە لایەنە کوردییەکان ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆیان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی هاوبەش هەڵبژاردووە، ڕێگایەک کە دەتوانێت قورسایی و کاریگەرییان لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا زۆر زیاد بکات.

**تێڕوانینی سیاسی لە ڕۆژهەڵات**

ئەوەی ناسنامەی بە شۆڕشی ژینا بەخشی و وای کرد لە سنووره جوغرافییەکان تێپەڕێنێت، فۆرم و سروشتی ئەم شۆڕشەیە. شۆڕشێک کە لەسەر بنەما و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و دوور لە هەر دروشمێکی سۆزداری دامەزراوە. "ژن، ژیان، ئازادی"، "کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان"، "کورد، بەلووچ، ئازەری، ئازادی، بەرابەری"، دروشمگەلێک کە ڕوانگەی سیاسی باڵای خەڵکی کوردستان پیشان دەدەن و ڕێگایەکی ڕوونیان بۆ شۆڕشی ژینا دیاری کردووە ،ڕێگایەک بەرەو دێموکراسی و ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی جۆراجۆری خەڵک بەبێ گوێدان بە زمان و نەتەوە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە. جگە لەوەش بوونی ژنانی کورد وەک پێشەنگی شۆڕشی ژینا نیشانەی پێگەی ژنانە لە کۆمەڵگای کوردستان و وێنەیەکی ڕوونی دیدگای سیاسی و جووڵەی ڕوو بە پێشەوەی ڕۆژهەڵاتە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەلارێدابردنی شۆڕشی ژینا، هەروەها هەندێک قسەی بێبنەمای تاقمێک لایەنی سیاسییە بیرتەسک و پاوانخواز، خەڵکی کوردستان بە جەختکردنەوە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وبە دوور لە هەر کەشێکی سۆزدارییەوە بە ئاراستەیەکی ڕاستدا دەڕۆن و سوورن لەسەر ڕێگا و ڕێبازیان.

ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە و پێشەنگیی خەڵکی کوردستان و ئامادەبوونی وشیارانە و ئامانجدارانەیان لە شۆڕشی ژینادا وای کرد خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران کە ساڵانێک لەژێر دروشمی دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆردا وێنەیەکی ناڕاستەقینەیان لە کورد هەبوو، زۆر باشتر لە واقیعی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان ئاگادار بن. ئەم تێگەیشتن و حاڵیبوونە دەتوانرێت بەباشی لەو دروشمە جۆراوجۆرانەی کە لەم ماوەیەدا دراون بدۆزرێتەوەوە. ئێستا "جیاییخوازی" و هەوڵدان بۆ چاندنی ئەو عەقڵییەتە لە خەڵکی پارچەکانی دیکەی ئێراندا هەوڵێکی بێهودە و بێئەنجامە و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە قسەکانیان ئێتر هیچ کڕیارێکی نییە. خاڵێکی تر کرانەوەی ڕێگایەک بۆ گەیشتنی گوتاری بنیاتنەری خەڵکی کوردستان بۆ زۆرێک لە وڵاتانی جیهانە، ئێستا هەموو جیهان شۆڕشی ژینا بە دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" دەناسێت. دروشمێک کە چەندین جار بە کوردی لەسەر ڕووبەرگی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و شوێنەوارە بەناوبانگەکانی دونیا نووسراوە. کوردستان و شارەکانی چەندین جار توانیویانە بگەنە لوتکەی هەواڵە جیهانییەکان و بەناوبانگترین سیاسەتمەدارەکانی جیهان باسیان کردووە، ئێستا قورسایی خەڵکی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا زۆر بەرچاوە و سیاسەتمەدارانی ئەورووپی و ئەمریکیش بە باشی ئاگاداری ئەم بابەتەن.

ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئایندەی ئێرانیشدا خاڵێکی گرنگە کە لەوتارەکانی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی بیانیدا دەبینرێت، بۆ نموونە لە پلانی هەندێک لایەنی ئەڵمانی لە پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا بەڕوونی باس کراوە کە پێویستە حکومەتی ئەڵمان پشتیوانی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە تایبەتی ئۆپۆزسیۆنی کورد بکات. ئەم سەرنجە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێراندا. ئاشکرایە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بەندە بە پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەوە، ئەم تایبەتمەندییانەی کە کۆماری ئیسلامی لێیان دەترسێ و لەوپەڕی نیگەرانیدایە و هەوڵی پەکخستنیان دەدات.

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە



سوعدا خەدیرزادە

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەیە کە لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی خۆیدا بە هەموو توانای سەرکوتگەرانەی خۆیەوە لەدژی جیابیرانی جوڵاوەتەوە. گرتن، ئەشکەنجە، سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە تۆمەتەکانی دژایەتی لەگەڵ خودا و فەساد لەسەر عەرز بەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەدرێژایی تەمەنی ڕێژیم درێژەی بووە. ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی کە لە کوردستان بە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی دەستی پێ کرد و بە کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٣٦٧ –کەبەپێی ئامارەکان زیاتر لە چوار هەزار بەندکراوی سیاسی لەو ساڵەدا ئێعدام کران- گەیشتە لوتکەی خۆی، سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە.

کە باس لە زیندان و زیندانی دەکرێ، وا دێتە بەرچاو کە کەسی گیراو حەتمەن دەبێ کەتنێکی کردبێ و زیانی بە کەس یان کەسان و لە نیهایەتدا بە کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی گەیاندبێ؛ هەربۆیەشە سزاکەی بەندکرانە و بەندیخانەش شوێنی ڕاگرتنی کەسانی تاوانبارە. بەڵام کە لە بابەتی زیندانیی سیاسی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو کەسانە نەک هەر لە ڕوانگە خۆیانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانیشەوە هیچ تاوانێکیان نەکردوە کە لەو سۆنگەیەوە بەند بکرێن. هەربۆیەشە ئەو کەسانە کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسیی دەیانناسێ و زیندانیی سیاسیی بریتییە لەو کەسەی لەسۆنگەی ڕۆشنگەری و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مافەکانیان و تێکۆشانی بەکردەوە بۆ ئەو ئامانجانە لەلایەن دەسەڵاتەوە گیراوە، دەسەڵاتێک کە بیر و هزر و جمۆجۆڵ و چالاکیی ئەو کەسە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ. تاوانی! نەکردووی ئەو کەسانە لە هەندێک سیستمی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامیدا بە بەندکردن نابڕێتەوە، بەڵکوو وەک دەزانین هەزاران کوردی ئازادبیر و ئازادیخوازی لەو چەشنە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و گیانیان لێ ئەستێندراوە. ڕێژیم ئەو کەسانە بە تاوانبار دەناسێ، بەڵام کۆمەڵگە بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ.

لە بەردەوامیی گۆشەی "زیندانبەزێنەکانی ئێمەدا" و هاوکات لەگەڵ درێژەی شۆڕشی ژینادا کە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هەروا بەگوڕ دەچێتە پێشێ ئەمجارەیان باس لە زیندانییەکی سیاسیی ژن، خاتوو سوعدا خەدیرزادە دەکەین.

سۆعدا خەدیرزادە تمەن ٣٣ ساڵ، خەڵکی پیرانشار ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٠ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، لە کاتێکدا کە دووگیان بوو دەستبەسەر کرا. سۆعدا دواتر بۆ یەکێک لە گرتنەگەکانی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە شاری ورمێ ڕاگوێزرا و پاش ٢٥ ڕۆژ لێپرسینەوە و ئەشکەنجەدان بۆ بەندی ژنانی زیندانی ناوەندیی ورمێ بەڕێ کرا.

سۆعدا دواتر لەلایەن لقی سێی دادگای کەیفەریی شاری مەهاباد بەتۆمەتی کوشتنی ئەندامێکی سوپای پاسداران، تۆمەتێکی وەپاڵدراو کە بەخۆی لە هەموو قۆناغەکانی بازجوویی و دادگادا حاشای لێ کردووە، هەروەها بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، سزای ١٢ ساڵ و شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپا.

سۆعدا لە ماوەیەی ئەو یەک ساڵ ونیوەدا کە لە زیندان‌دایە، سەرەڕای ئەوەی دووگیان بووە، ئازار، مەینەت و گوشاری ڕوحی و ڕەوانیی زۆری لەسەر بووە.

سۆعدا لە ڕێکەوتی ٦ی بانەمەڕی ئەو ساڵ بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە دۆخی پەروەندەکەی و دۆخی نالەباری خۆی لە زینداندا مانی لە خواردن گرت. یەکێک لە داواکانی دیکەی ئەو ئازادبوونی بە دانانی بارمتە بوو. لە دواییدا لە ڕۆژی ١٠ ی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠١ بەرپرسانی زیندان پێیان ڕاگەیاند کە ئەوە ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشارە ڕێگری لە ئازادبوونی ئەو بە دانانی بارمتە دەکات.

سوعدا خەدیرزادە لە ڕێکەوتی ٣٠ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەڕێی نەخۆشخانەیەکی ورمێ کرا و لەوێ منداڵەکەی لەدایک بوو. گوشاری ڕوحی و ڕەوانی بەرپرسانی زیندان بۆ سەر سۆعدا هەروەها دواتر دانپێدانانی زۆرەملی لەبەر دوربین و بڵاوکردنەوەی، وای کرد کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژ بە هەڵواسینی خۆی و دانی حەب بە منداڵەکەی هەوڵی خۆکوشتنی بدا، کە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەبوو. ئەو پێشتریش چەند جار لە زیندان بە هۆی گوشاری ڕوحی و ڕەوانی لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە، هەوڵی خۆکوشتنی دابوو کە هەوڵەکەی سەرکەوتوو نەببوو. هەر لە سۆنگەی گوشاری ڕوحیی بەرپرسانی زنیدان بۆ سەر سۆعدا بە فایلێکی دەنگی ڕایگەیاند، هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی پێشنیاری دوور لە ڕەوشتیان پێداوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زانیویانە کە ناسر عەتباتی، سەرۆکی گشتی دەزگای دادی ورمێ، داریوش بەخشی، بەرپرسی بەندیخانەی و کەسێک بە ناسناوی «بابەکی» کادیری ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ لەنێو ئەو گرووپەدا بوون کە سەعدا خەدیرزادەیان ناچار بە دانپێدانان لەپێش کامێرا کردووە. هەروەها ناوەندە ئەمنییەکان سوعدایان لە ژێر گوشار داناوە کە ئەگەر لە پێش کامێرا ئەم قسانە نەکات ئەوە پەروەندەی نەخۆشیی دەروونی بۆ دروست دەکەن و منداڵەکەی لێ وەردەگرنەوە و ڕادەستی بێهزیستیی دەکەن.

سوعدا لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانەوە لە بەندی ژنانی زندانی ناوەندیی ورمێوە بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواسترا. ئەو لە ماوەی ئەو یەک ساڵ و نیوەدا کە لە زیندان‌دایە، لە چوون بۆ مەرەخسی و تەنانەت مافی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەشی بێبەش بووە.

ئا: دیاکۆ دانا

# ناوەندی هاوکاری:

# تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی جوانڕۆ مەحکووم دەکەین

ڕۆژی شەممە، ١٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، تەقەکردنی هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیم لە خەڵکی جوانڕۆی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند؛ لە خۆپیشاندانی شاری جوانڕۆ لاوێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بە ناوی بورهان ئەلیاسی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم شەهید کرا و زیاتر لە ١٠ خۆپیشاندەری دیکە بریندار و ژمارەیەکی زۆریش دەسبەسەر کران، بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید بورهان دەکا و تەقەکردن لە هاووڵاتییان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە مەحکووم و شەرمەزار دەکا.

لەو پەیامەی ناوەندی هاوکاریدا هاتووە: لە کاتێکدا شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی زیاتر لە سێ مانگە لە کوردستان و ئێران بەردەوامە، هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی لە کوردستان دڕندانە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن و خەڵتانی خوێنیان دەکەن، ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی سەرکوتی خوێناویی خۆپیشاندەرانی جوانڕۆ، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهید بورهان ئەلیاسی و خەڵکی خۆڕاگری شاری جوانڕۆ دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکان دەخوازین".

# پرسی فێرکاری و شۆڕشی ژیان لە کوردستان

حەسەن ساڵحزادە

لە نوێترین هەواڵەکاندا و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سەرکوت و هێرش بۆ سەر چینی مامۆستایانی ئێران، دەسەڵات ئەمجارەیان شێوازێکی دیکەی بۆ بێدەنگکردنی مامۆستایانی مافویستی کوردستان بەکار هێناوە کە ئەویش دەستبردن بۆ موچەکانیانە. وەک زاندراوە لەنێو پەروەردەی مامۆستایانی پارێزگای سنە و ئەندامانی یەکیەتییە پیشەییەکان، مووچەی ٢٢٠ مامۆستا کەم کراوەتەوە، نێزیکەی ٥٠ مامۆستا لە نیزامی پلەبەندیی مووچە بێبەش کراون، زیاتر لە ١٥ مامۆستا دەستبەسەر کراون، بێجگە لە چەندین حاڵەتی هەڕەشە، بەبیانووی ئەمنیەتی دۆسیەی بەناو قەزایی بۆ دەیان مامۆستا کراوەتەوە و لە ڕەوتی کار و چالاکییە پیشەییەکانیاندا مەرجدار کراون. جێگەی ئاماژەیە کە پێگەی پارێزگای سنە لە بواری بەربڵاویی چالاکییە پیشەییەکانی مامۆستایاندا بەردەوام خۆی لە لوتکەدا دەبینێتەوە، هەربۆیە دەسەڵات بە شێوەیەکی تایبەتی و دوژمنکارانەتر لە هەر شوێنێکی دیکە چاوی لەم ناوچەیە بڕیوە. هەڵبەت دۆخی پارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش هیچ لەو باشتر نین و دەسەڵات هەردەم لەسەر پێیە هەتا بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان پلانی دوژمنکارانەیان بۆ دادەبڕێژێ و لە ئەگەری بەرزبوونەوەی هەر دەنگێکی جیاواز لە جێدا کپی بکات.

خەبات و تێکۆشانی مامۆستایانی کوردستایان لەمەڕ دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانیان زیاتر لە دوو دەیەی تێپەڕاندووە و لەم ماوەیەدا جیالەوەی هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە دیوە و خەساری جیددی وەبەر بەشێک لە ئەندامە هەرە دڵسۆز و کاراکانی کەوتووە، لە بەرانبەردا ناکرێ چاوپۆشی لە دەستکەوتەکانیان بکەین و ئەم ڕۆژانە شوێنەواریان بەڕوونی لە شۆڕشی ژینادا دەردەکەون کە ڕەنگە بەرچاوترینیان هاندان و فێرکردنی قوتابیان بۆ سووربوون لە داوا و مافەکانیان بێت.

لە ڕاستیدا هەر مامۆستایەک وەختێک سەرەتای ساڵەکانی خزمەتی لە شار و گوندە بێبەشکراوەکانی کوردستان دەست پێ دەکا، بە شێوەی سروشتی هەست بەو کەموکووڕی و هەڵاواردنانە دەکا کە دەسەڵاتی داگیرکەر بە سەر پرسی فێرکاری و گەلی ئێمەی هێناوە. جا لێرەدا بەشێک لە مامۆستاکان کە خاوەنی ویژدانێکی زیندوون، هیچ کە لە هەمبەر ئەم سیاسەتە زاڵمانە و چەوتەدا بێدەنگ نابن، بەڵکوو وەک مامۆستایەکی ستراتێژ و ڕێدۆز قوتابخانە دەکەنە مەتەرێزی خەبات و خۆیان لە ڕیزی مامۆستایانی مافخواز و دەروەستی کوردستاندا دەبیننەوە. مامۆستای مافخوازی کورد بەرز و دوور لە پرسەکان دەڕوانێ و ژینی هەڵۆیی دەکاتە سیمبولی ژیانی خۆی و لە مەیدانی کردەوەدا ڕوو لەگەڵی ستەملێکراوی خۆی و پشت بە دوژمنی داگیرکەر هەڵوێست دەگرێ. ئەو ڕاستیەش دوژمنی هەراسان کردووە، بۆیە سزای فرەجۆر بۆ مامۆستایانی کوردستان دەبڕێتەوە.

هەروەک دەزانین، جاران دیکۆراسیۆنی دەرودیواری قوتابخانەکان و کلاسەکانی دەرس بە دڵی دەسەڵات چندرابوو. بۆ وێنە، لە وێنەی فەرماندەرانی قاتڵ و جینایەکارەوە بگرە هەتا دوو گەورە دیکتاتۆری ناحەز -خومەینی و خامنەیی- یان بە قسە بێماناکانیان تێکڕای فەزای قوتابخانە و کلاسەکانیان ناشیرین کردبوو. هەروەها ئەگەر قوتابییەک دەنگی لەمەڕ مافەکانی هەڵبدایە، مامۆستایانی دەستەمۆ یان بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەبێترس و خۆف هەڵیان دەکوتایە سەری بۆ خۆشخزمەتی بە باڵاسەرە جینایەتکارەکانیان، ئێستا و داهاتوویان لێ وێران دەکرد. بەڵام ئەمساڵ، واتە ساڵی خوێندکاری ژینا، ئەم پرسانە چیتر وەک ساڵانی ڕابردوو نەماون. هەڵسوکەوتی دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، دیکۆراسیۆن، ڕادەی چۆنیەتی و چییەتیی چاوەڕوانی لە قوتابیان، دروشمی سەر دەرو دیوارەکان، مژارو بابەتەکان، ڕەفتاری مامۆستایانی دەستەمۆی دەسەڵات یان بەرژەوەندخوازەکان، بەشێک لەو پرسانەن کە دەکرێ جێگەی سەرنج و ئاماژە بن.

دەستپێکی ئەمساڵی خوێندکاری لە ئێران هاوکات بوو لەگەڵ سەرەتای ڕووداوی دڵتەزێنی ژینا، هەر بۆیە ١ی ڕەزبەری ئەمساڵ بە ڕەنگ و بۆیەکی تەواو جیاوازەوە دەستی پێ کرد و جەرگەی قوتابخانەکانی کوردستان تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەشێکی گرینگ لە ڕەوتی بزوتنەوەی ئازادیخوازنە پێک دێنن. ئێستا کە شۆڕشی ژینا چوارەمین مانگی خەبات و ململانێ تێپەڕ دەکا، ئەوەتا کچان و کوڕانی چاونەترسی کورد تەژی لە ڕۆحی کوردایەتی و ئازایەتی، قوتابخانەکانیان کردۆتە مەتەرێزی بەرگریی لە مافە ڕەواکانیان و بەکردەوە ئاڵای سرودی نەسرەوتن تا سەرکەوتن دەشەکێننەوە و بە دنیایەک هیوا و ئاواتەوە لە داهاتووی گەشی خۆیان دەڕوانن. ئەگەر بە هەندێک وردەکاری تایبەتەوە زیاتر لە قوتابخانەکانی کوردستان وردببینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە هەر ئێستا شوڕشێکی فێرکاری و خوێندکاری لە ئارادایە کە لە چەندین ڕەهەندەوە نێوەڕۆکی دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی خوێنمژی ئاخوندی نیشانە گرتووە. بۆ وێنە:

- دەرو دیواری کلاسەکانی دەرسی بە دروشمی هەمەڕەنگ تا بن میچ بە دروشمی ڕۆژ نەخشێندراون، تەنانەت لە سەر مێز و کورسی مامۆستاکانیش پەیام بۆ مامۆستاکان دانراوە (ئێرە جێگەی مامۆستای باشەرەفە). جێگەی ئاماژەیە قوتابیان بە ڕادەیەک چاونەترسن کە هیچکام لە پێرسنێلی قوتابخانەکان لە خۆیان ڕانابینن دروشمەکان بسڕنەوە.
- کچان لەنێو کلاسەکان و قوتابخانەدا حیجابی داسەپاوی ڕێژیمی خومەینییان فڕێ داوە و چیتر ناخوازن دیلی دەسەڵاتی داعشی ئێرانی بن.
- وێنەی گەورە جینایەتکاران خومەینی و خامنەیی کە جاران سەرتابلۆی کلاسەکان بوون، ئێستا چوونەتە نێو زبڵدانەکان و جێگەی خۆیان داوە بە دروشی "ژن، ژیان، ئازادی".
- لە زۆربەی قوتابخانەکاندا مودیران و ئەندامانی سەر بە دەزگای سیخوڕی (بەسیج و حەراسەت) لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قوتابیانی بوێری کوردستان دەستەوەستان ماونەتەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەم کەسانەش بۆیان دەرکەوتووە کە ئاهەنگی ئازادی نیزیکە و چیتر ناخوازن ببنە دەستەچیلەی ئاگری جینایەتکاران. ئەو مامۆستایانەی دڵ و جوربزەی ئەوەیان نییە خۆیان لە شەپۆلەکانی دەریای ڕاپەڕین بدەن و دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی قوتابیان، کۆنترۆڵی کار لە دەستیان دەرچووە و لەگەڵ دژکردەوەی جیددی قوتابیان ڕووبەڕوو دەبنەوە. تەنانەت لە چەند حاڵەتێک دا مامۆستایان لە ناچاری دا داوای خانەنشینی پێشوەخت دەکەن.

کۆمەڵگەی ئێمە کە ئەمڕۆ لە دژوارترین بارودۆخدا شانازی بە ڕۆڵە چاونەترسەکانی خۆی لە پانتایی قوتابخانەو پرسی پەروەردەدا دەکا، پێویستە لەم بوارەدا دوو خاڵ لەبەر چاو بگرێ: یەکەم لە جیاتی ترساندن و پاشەکشە پێکردن، پێویستە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی منداڵەکانیان بکەن هەتا داهاتوویەکی باشتر لە گەورەکانیان هەبێت، لە هەمان کاتیشدا دەبێ بە چڕی پارێزگارییان لێ بکەن مەبادا دەستی ناپاکیان پێبگات و کارەساتی دڵتەزێنی لێبکەوێتەوە. دووهەم گەلی ئێمە لە باری پرسی فێرکارییەوە دەبێ خۆی بە قەرزداری ئەو مامۆستایانە بزانێ کە شان بەشانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، منداڵانی کۆمەڵگەی ئێمەیان بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ ڕاهێنا هەتا لە بەرانبەر بە بێڕەوشت ترین دەسەڵاتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ڕاپەڕن و بۆ داهاتوویەکی باشتر تێبکۆشن.

# کاریگەرییەکانی وەئەستۆگرتنی سیاسیی پارلەمانتارانی جیهان



زانیار حوسێنی

وەئەستۆگرتن (کەفالەت)ی سیاسی بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ئاڵمان و پارڵەمانی ئەو وڵاتە هاتە بەرباس و بە پێشنیاری دەوڵەتی ئاڵمان لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ئەو وڵاتە لە توێی گەڵاڵەیەکدا پێشکەش کرا و لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا لەلایەن ئەو پارڵەمانەوە پەسند کرا. بەپێی ئەو یاسایە نوێنەرانی پارڵەمانی ئەو وڵاتە دەتوانن پشتیوانی لە نوێنەرانی پارلەمانی وڵاتانی دیکە بکەن کە لەژێر گوشار یان قاچاخبوون دان و لەلایەن دەزگا ئەمنییەتی و سەربازییەکانی وڵاتەکەیانەوە مەترسی و هەڕەشەیان لەسەرە. ئەمەش جێی سەرنە کە وڵاتی ئاڵمان لە باسی ئەسڵی سەلاحییەتە جیهانییەکان لە ڕەوتی یاساییدا یەکێک لە هەرە وڵاتە پێشەنگەکانە دادگای مێکونووس و سزادانی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پێشەنگایەتییەیە. مەبەست لەو نووسینە شیکردنەوەی ئەو بابەتەیە کە کەفالەت و وەئەستۆگرتنی سیاسی یانی چی و کاریگەرییەکانی بۆ سەر وڵاتانی دیکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی چییە؟

وەئەستوگرتنی سیاسی چەمکێکی نوێیە و هەر وەک گوترا یەکەمجار لە وڵاتی ئاڵمان هاتە گۆڕێ و هەوڵ درا لە حقووقی نێودەوڵەتیدا جێگیر بکرێت. ئەو یاسایە لە سەرەتادا تەنیا بۆ پشتیوانیکردن لە نوێنەرانی پارڵەمانتارانی وڵاتانی دیکە بوو، بەڵام ئەو بەرنامە و پلانە گەشەی پێ درا و پانتایی کارایی ئەو چەمک و دەستەواژەیە بەرفراوانتر بوو، و ئەو پشتیوانییە چالاکانی مەدەنی، کۆمەڵایەتی و سیاسی، هونەرمەندەکان و کەسانی دیکەی هێنایە ژێر سێبەری خۆی؛ ئەوانەی وا لەژێر گوشار و مەترسیی دوای دەسبەسەرکران و هەڕەشەی جۆراوجۆر بوون.

وەئەستۆگرتنی سیاسی لە یاسای وڵاتی ئاڵماندا بە مانای پشتیوانییەکی ئەخلاقییە و پشتیوانیی حقووقی ناگرێتە خۆ؛ بۆیە پشتیوانییەکی ڕاستەوخۆی حقووقی بۆ پارلەمانتار لەبەرانبەر کەسی دەسبەسەرکراودا پێکناهێنێ. بە مانایەکی دی وەئەستۆگر (کەفیل)ی سیاسی سەبارەت بەو کەسەی وەئەستۆگرییەکەیی قەبوڵ کردووە، وەک پارێزەرێکی یاسایی لە دادگای فەرمی بۆ بەرگری لە کەسەکە توانای جێبەجێکاریی نییە، بەڵام ئەو هێز و توانابیە بۆ وەئەستۆگر هەیە و دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە جێگە و پێگەی سیاسی و یاسایی خۆی، ببێتە دەنگی تاکی دەسبەسەرکراو کە لە مەترسیدایە و بە وشیارکردنەوەی بیروڕای گشتی بەنیسبەت دۆخی بریگرتەکەی و بۆ مافەکانی لە ڕێگەی کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکات.

نوێنەری پارلەمان دەتوانێ یەک یان چەند زیندانیی سیاسی هەڵبژێرێ و بە جێگە و پێگەی سیاسیی خۆی بۆ پاراستنی مافی هەڵبژێردراوەکانی هەوڵ بدات و داوا لە باڵوێزخانەی وڵاتی بەردەنگ بکات کە لە دۆخ و چۆنیەتیی پرۆسەی گیران و دادگاییکردنی بریگرتەکەی ئاگاداری بکاتەوە و هەروەها داوا لەم وڵاتە بکات کە هەموو مافەکانی بریگرتەکەی بپارێزێ و بەپێی ڕیوشوێنی دیاریکراو لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان ڕێز لە ئازادییەکان بگرێت و بەزووترین کات بریگرتە یان بریگرتەکانی ئازاد بکرێن و هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەریان لابچێت، یان ئەگەر حوکمێکی دژەمرۆیی بۆ دەرکراوە، بە زووترین کات هەڵیوەشێننەوە. کەوابوو وەئەستۆگری سیاسی توانایی بەرگریکردن و جێبەجێکاری لە دادگای فەرمیدا نییە وەک پارێزەری بریگرتە، بەڵام ئەو کاریگەرییانەی کە دەتوانێ لەسەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرانی وڵاتی بەردەنگی دابنێ، زۆربەی کاتەکان زۆر زیاتر لە کاریگەرییەکانی پارێزەرێکی حقووقییە لە سیستمێکی دیکتاتۆردا. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە هەرکات وڵاتێک دەستی بۆ جینایەت یان جینایەتگەلێک برد، کاتێک بوود هۆی دەنگدانەوە لە ئاستی نێودوڵەتیی و میدیاییدا و کەسانی ناسراو و بەجێگە و پێگەی سیاسی-حقووقی هاتنە سەر هێڵ، ئەو جۆرە وڵاتانە ملکەچ بە پاشەکشە یان گۆڕینی جۆری هەڵسوکەوتیان بەنیسبەت تاکەکان یان هێندێک لە بابەتەکان دەبن؛ چوونکی حکوومەتگەلی وەک کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕواڵەت و ڕوخسارێکی یاسایی و پێبەندانە لەخۆیان پێشان بدەن لە بەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.



گرینگیی ئەو چەمک و دەستەواژە نوێیانە لەوەدایە کد بێتوو لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا جێ بکەوێ و ببێتە بابەتێکی گشتگیری نێودەوڵەتی لە ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانیدا، ئەوکات دەکرێ لەگەڵ بابەتە نێودەوڵەتییەکانی دیکە وەک ئەسڵی جیهانیی دادگاییکردن و وڵامدەرکردن لەبەرانبەر جینایەتە پێناسەکراوەکان لەنێو کۆنڤانسیۆنەکان و جاڕنامە جیهانییەکاندا گرێ بدرێ و هەوڵ بۆ پتەوکردنی هەرچی زیاتری ئەو جۆرە چەمکە نێودەوڵەتییەکان بدرێ و خۆی دەبێتە هۆی پێکانی چەند ئامانج وەکوو چکۆلەترکردنەوەی بازنەی ئەمنییەتی بۆ جینایەتکارەکان، دابەزاندنی ئاستی توانایی خۆشاردنەوەی جینایەتکاران لەبەرانبەر یاسا و چەمکەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا، بەجیهانیترکردنی پرسە حقووقییەکان لە بازنەی سیاسی و سیاسەتوانانی وڵاتانی جۆراوجۆردا، گرێدانەوە و لکاندنی زیاتری جیهانی سیاسەت و جیهانی حقووق و یاسا بە مەبەستی جێگیرکردنی باشتری ئازادییەکان و پشتیوانیکردن لە ئەسڵ و بنەما ئەخلاقییەکان، گەورەترکردنەوەی سنووری حقووقی و یاساییەکان بە مەبەستی بردنە سەرەی تێچووی ئەنجامی جینایەت بۆ جینایەتکاران و پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و هتد.

لە ڕەوتی خەبات و شۆڕشی سێ مانگەی ئەمجاری گەلانی ڕاپەڕیو لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بوونی میدیا بەهێزەکان، لەسەر خەتبوونی چالاکە مەدەنی و سیاسییەکان، هاتنەدەنگی بیروڕای گشتی سەبارەت بە سەرکوت، پێشێلکارییەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بووەتە هۆی پاشەکشەکردنی بەرچاوتر لەجارانی دەسەڵاتداران لە تاران و بردنەسەرەی تێچووی دەستبردن بۆ جینایەتە هەمیشەییەکانی. هاوکات بە هاتنە سەرخەتی نوێنەرانی پارلەمانی ئاڵمان بەهۆی یاسای ڕێگەپێدراوی ئەو وڵاتە، کەند و کۆسپێکی زۆرتر هاتۆتە سەر ڕێی جینایەتکارانی ئەو دەسەڵاتە و خۆی ئەو هاتنەدەنگە و وەئەستۆگرتنە سیاسییە بووەتە هۆی لەسەر خەتبوونی زیاتری میدیاکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی وڵاتانی دیکە و وای کردوە ئەو شۆڕشە لە چوارگۆشەی گۆی زەوی دەنگ بداتەوە. هەروەها پارلەمانتارانی وڵاتی ئاڵمان بەپێی ڕادەی دەستئاوەڵەییان دەتوانن پێوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان بگرن و داوا بکەن کە گوشاری زیاتر بخەنە سەر دەسەڵاتی بەردەنگ بۆ وڵامدەربوون لەبابەت بریگرتەکەیان و بۆخۆشیان ڕاستەوخۆ وەک وەئەستۆگر و پارێزەری سیاسی بچنە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە و داوای پاراستنی مافەکانی بریگرتەکەیان و ئازاد کردنی لە زیندان بکەن.

وەئەستۆگرانی سیاسی دەتوانن لە پارلەمانی وڵاتەکەیان بە پێشکەشکردنی گەڵاڵە و پەسندکردنی، داوا لە حکومەتەکەیان بکەن لە بواری سیاسی، بازرگانی، ئاست و ڕادەی پێوەندییە جۆراوجۆرەکانیان لەگەڵ وڵاتی بەردەنگدا پێداچوونەوەیە بکەن یان هێندێک لە گرێبەستەکان ڕابگرن، یان خود هەڵیوەشێننەوە. هەروەها بەپێی سەلاحییەتی جیهانی بۆ بێسزا نەمانەوەی جینایەتە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن جینایەتکارانەوە، داوا لە دەزگای دادی وڵاتەکەیان بکەن کە بەشێوەی پاشملە، دادگاییان بکەن و حوکمیان بۆ دەربکەن.

تا ئەو ڕێکەوتە زیاتر لە ١٠٥ پارلەمانتاری ئاڵمانی کە زۆربەیان لە حیزبەکانی سۆسیال دێموکرات و سەوزی ئەو وڵاتەن ودەتوانن لە بواری ئیجرایی و جێبەجێکاریشەوە زۆر بڕیاری یاسایی و بەجێ بەدژی دەسەڵاتی ئێستای تاران دەربکەن و تەنانەت لە بواری یاساییەوە وڵاتەکەیان پێبەند بە ئەنجامی هێندێک هەڵسوکەوتی کردەیی بکەن. لە جەریانی چەمکێکی نوێی حقووقی یان یاسایی لە ڕەوتی حقووقی نێودەوڵەتی جگە لە چونیەتی و ڕادەی باشی، ڕێژە و ئاستی بەشداربووانیش بۆ جێکەوتن و جێگیربوونی گرنگە؛ جیا لەوەی پرسە ئەسڵییەکە دەبێتە بەرچاوڕوونییەکی زیاتر بۆ ڕێرەوان و پێبەندان بە ئەخلاقیات و مافەکانی مرۆڤ کە لێکەوتەی زیاتر و تایبەت بەخۆی دەبێتەوە و جیا لە گوشارە سیاسییەکان، میدیاییەکان و بیروڕای گشتی لە ئاستی جیهانیدا، خۆی دەبێتە هۆی بەکردەوەکردنی گوشارەکان لەلایەن دەوڵەتان یان وەزارەتی دەرەوەیان و دەزگای دادیان؛ شەپۆلێکی پێکهێنراو لە ئاگایی و لەسەر هێڵبوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان کە زۆرجار تەنیا ڕێگەیەک لەپێش دەسەڵاتێکی جینایەتکار و تۆتالیتێر دەهێڵێتەوە، پاشەکشەکردن لەبەرانبەر ئەو لایەنانەیە و ئەوەش دەبێتە هەوێنی پێشڕەوی کردنی زیاتری خەڵک، ویست و داخوازییەکانیان و ڕێکخراو و چالاکە سیاسی و مەدەنییەکان.

دیارە هەر دەسەڵاتێکی جینایەتکار و نابەرپرسیار لەدەسپێکدا لەبەرانبەر ئەو جۆرە ڕەوتە نوێیانەدا هەوڵ دەدات کە هێز و توانایی جینایەتکارانەی خۆی بسەپێنێ و نیشان بدات کە ئەو ڕەوتانە لاوازتر لەوەن کە بتوانن پێش بە ویست و بڕیارەکانیان بگرێت، بەڵام هەر لە ماوەی ئەو یەک مانگەدا بۆ زۆرینەی خەڵک دەرکەوت کە ئەو چەمکە نوێیە لە حقووقی نێودەوڵەتیدا بەهۆی ڕادەی دەستئاوەڵەیی داهێنەران و بەکارهێنەرانی تا چ ئەندازە توانیویەتی کاریگەر بێت و پاشەکشە بە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بکات؛ ئەوەش تا جێیەک چووەتە پێشێ کە ئەندامانی بنەماڵەی دەسبەسەرکراوەکان و چالاکانی مەدەنی بەردەوام لە هەوڵی زیاترکردنی ڕێژەی وەئەستۆگرانی سیاسیدان بۆ زیندانییە سیاسییەکانی ناو سیاچاڵەکانی ئەو دەسەڵاتە. بەشێوەیەک کە لە وڵاتانی دیکە وەک سوئێد، نۆڕوێژ و بێلژیکیش هەر بە پشتقایمی ئەو ئەسڵە و تاریفە جیهانگرەکەی، هاتوونەتە سەرهێڵ و ڕاستەوخۆ بە کاربەدەستانی دەسەڵاتی ویلایەتی خۆمەینیزم دەڵێن بوەستە! و ئەو وەستانەش بە پشتبەستن بە چوارچێوەی سنووری دەسەڵاتی بەکارهێنەرانی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ شێوازی هەڵسوکەوت لەبەرانبەر سەرەڕۆییەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرێتە ناو قۆناغێکی جیاوازتر و جیددیتر.

ماوە بگوترێ کە یەکێک لە دەسکەوتەکانی هەرە گرینگ و بەرچاوی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە خۆپێشاندانەکانی ئەو ماوەیە بەهۆی کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی، بەکارهێنان و بەتاقیکردنەوەی ئەو چەمکە نوێیەیە لە ڕەوتی یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتیدا کە بەشێوەیەکی بەرفراوان کەڵکی لێ وەرگیراوە و بەکارهێنەرانیشی لەم ئەرک وەخۆگرییەدا بەردەوامن؛ ئەو بابەتەش تەنیا نیگەرانی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساز نەکردوە و بەدڵنیاییەوە دیکتاتۆرەکانی دیکەی چوارگۆشەی ئەو زەوییەی خستۆتە مەترسییەوە بەنیسبەت بێکاریگەریبوونی لەمەوبەدوای حوکمە دژە مرۆییەکانیان لە دادگا نایاساییەکان.

***

مۆڵەتی کوشتن:

# چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن

(٢-٢)



پۆلیتیکۆ – ماتیو کارنیشنیگ

**لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران دوژمنەکانی دەکوژێ و خەریکی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی و هاژەکە کە دەتوانن بگەنە هەر خاڵێکی ویشکاڕۆیەکە، وێدەچێ هێندێک ڕێبەری ئورووپایی لە دیتنی چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر کوێر بن و بەتەمای ژیاندنەوەی گرێبەستی سڵی ناوکین**



و: کەماڵ حەسەنپوور

### کارتی گفتوگۆ

بە لەبەرچاوگرتنی نزیکیی ئێران لە ئورووپا، بوونی ڕێژەیەکی زۆر ئێرانی لە تاراوگە لەوێ و زۆرجار دڵفراوانیی هێندێک لە دەوڵەتانی ئورووپایی بەرانبەر تاران، ئورووپا گۆڕەپانێکی سروشتی بۆ تێرۆری کۆماری ئیسلامییە.

کاربەدەستێکی هەواڵگریی ڕۆژاوایی دەڵێ، هەواڵگریی ئێران کە بە وەزارەتی زانیاریی و ئاسایش ناسراوە، ڕایەڵەی ئامادەی ئۆپەراسیۆنی لە سەرانسەری ویشکاڕۆیەکە دامەزراندووە کە ڕاهێنانی ڕفاندن و کوشتنی بە ئامرازی جۆراجۆریان پێ کراوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە ئێران کە لە ١٣٨٨ بەولاوە لە زیادبوونن، خێرایی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی وڵات بە مەبەستی لەنێوبردنی ئەوانەی ڕێژیم بە وروووژێنەرانی نارەزایەتییەکان تۆمەتباریان دەکات پەرەی ئەستاندووە. لە کاتێکدا چەند کوشتنی لە ئاستی بچووکدا، وەک ئەوەی لە ١٣٩٤ لە هولەند دژی ئێرانییەکی تاراوگەنشین بە ناوی محەممەدی کولاهی، سەرکەوتوو بوو، ئۆپەراسیۆنە بەرزەفڕەکانی دیکەی تاران تووشی هەڵە بوون.

نموونەیەکی هەرە بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ پیلانێک لە ١٣٩٧ بۆ تەقاندنەوەی کۆبوونەوەیەکی شوڕای بەرگریی نەتەوەیی ئێران، هاوپەیمانییەکی گرووپی تاراوگە کە بەتەمای ڕووخاندنی ڕێژیمن. لەنێو بەشدارانی کۆبوونەوەکە، کە هەزاران کەس تێیدا بەشدار بوون، ڕودی جولیانی، شارەداری پێشووی نیویۆرک و پارێزەری سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ هەبوو.

پاش دانی زانیاریی لەلایەن هەواڵگریی ئەمریکاوە، کاربەدەستانی ئورووپایی پیلانەکەیان پووچەڵ کردەوە، شەش کەسیان دەستبەسەر کردن، لە نێویاندا دیپلۆماتێکی ئێرانی کە لە ڤییەن کاری دەکرد و کەسێک بوو کە چاشنیی بۆمبەکە و کەرەستەی دروستکردنی بۆمبی دابوو بە ژن و مێردێک کە قەرار بوو هێرشەکە بۆ سەر کۆبوونەوەکە بەڕێوە بەرن. کاربەدەستان چاودێریی دانی ئەو شتانەیان لە پیتزاهاتێک لە لوکزەمبورگ کرد و لە ئاکامدا دیپلۆماتەکەیان، بە ناوی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، لە ئوتۆبانی ئاڵمان لە کاتێکدا بە خێرایی دەگەڕایەوە بۆ ڤییەن، شوێنێک کە لەوێ پارێزراویی دیپلۆماتیکی هەبوو، دەستبەسەر کرد.

ساڵی ڕابردوو، ئەسەدی بە تاوانی تێرۆر لە بێلژیک حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. ڕەنگبێ ناوبراو تەنانەت دوو ساڵیش لە زینداندا نەمێنێتەوە. بە مەحکومکرانی دیپلۆماتەکە ئەوە یەکەمجار بوو سیخوڕێکی ئێرانی لەبەر کردەوەکانی لەلایەن دادگایەکی ئورووپاییەوە، لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی بەولاوە، بەرپرسیار کرا.

لە بانەمەڕی ئەمساڵدا، ئێران کرێکارێکی فریاگوزاریی بێلژیکیی بە ناوی ئۆلیڤیەر ڤاندێکاستیل-ی بە تۆمەتی هەڵبەستراوی سیخوڕی دەستبەسەر کرد و ناوبراوی گواستەوە بۆ زیندانی ئێنفڕادی لە بەندیخانەی بەدناوی ئێڤین لە تاران. ڤاندێکاستیل بەرپرسی نووسینگەی گرووپێکی فریاگوزاری، بە ناوی ئەنجومەنی پەنابەریی نۆرویژ بوو.

دوای بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لەمەڕ خراپتربوونی دۆخی تەندروستیی ڤاندێکاستیل و داوای گشتیی فرمێسکاوی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە، دەوڵەتی بێلژیک، بە پاشگوێخستنی هۆشدارییەکان لەلایەن واشینگتۆن و دەوڵەتانی دیکە کە ئەوە دەبێتە هۆی برەودان بە بارمتەگرتنی زیاتر، وازی هێنا و بناغەی گۆڕینەوەی ئەسەدی بە فاندێکاستیل-ی دامەزراند. گۆڕینەوەکە دەتوانێ لە هەر ڕۆژێکدا ڕوو بدات.

مەسیح عەلینژاد، ژنێکی ئێرانی چالاکی بواری مافەکانی ژنان، گوتی: "هەنووکە، شارۆمەندانی فەڕانسەیی، سویدی، ئاڵمانی، بریتانیایی، ئەمریکایی و بێلژیکی، کە هەموویان بێگوناهن، لە بەندیخانەکانی ئێرانیدان. ئەوان وەک کارتی گفتوگۆ کەڵکیان لێ وەردەگیرێت." ئەو گوتی: "ئەوە کاریگەریشە."

### شانۆگەریی ئاماتۆڕان

تەنانەت بەو شێوەیەش، سەرلێشیوایی لە کەیسی ئەسەدیدا ڕەنگبێ بتوانی شی بکاتەوە بۆچی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لەو دوایییانەدا لەلایەن تاوانکارانی بچووکەوە جێبەجێ کراون کە هیچ زانیارییەکیان نییە بۆ کێ کار دەکەن. بۆ وێنە، ئەندامانی تیمی جێبەجێکاری هێرشی ساڵی ڕابردوو لە قوبرس، چەند کوڕی گەیاندنی کاڵا، خەڵکی پاکستانیان تێدا بوون. لە کاتێکدا بێتوو بکەرەکان دەستبەسەر بکرێن، توانایی حاشاکردنی دەدا بە ئێران، ئەوە لە هەمان کاتدا ئەگەری شکستی ئۆپەراسیۆنەکە زیاتر دەکات.

کاربەدەستێکی هەواڵگریی گوتی، "ئەوە زۆر ئاماتۆڕانەیە، بەڵام بەدواداچوونی کەسێکی ئاماتۆڕ دەتوانێ دژوار بێ. ئەوان هەروەها بۆ قوربانیکردن دەبن. بێتوو بگیرێن، کەس باکی نییە."

هەواڵگریی ئێران لە فریودانی دژبەران لە ئورووپاوە بۆ وڵاتێکی سێهەمی دۆستی ئێران، بۆ دەستبەسەر کردن و ناردنەوەیان بۆ ئێران، سەرکەوتووتر بووە. ئەوە شتێک بوو کە بۆ ڕوحوڵڵا زەم، ڕۆژنامەنووسێکی ڕەخنەگری ڕێژیم کە لە پاریس دەژیا، ڕووی دا. بارودۆخی ڕفاندنی ناوبراو هێشتا ناڕوونە، بەڵام ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە کەسێک قەناعەتی پێ هێنا لە ١٣٩٨، سەفەر بۆ عێراق بکات و لەوێ دەستبەسەر کرا و نێردرایەوە بۆ ئێران. ئەو بە تاوانی وروووژاندن دژی ڕێژیم مەحکوم کرا و لە دیسامبەری ١٣٩٩ لە سێدارە درا.

لە جولای ١٤٠٠، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان پیلانێکی سیخوڕانی ئێرانیان بۆ ڕفاندنی عەلینژاد لە ماڵی خۆی لە بروکلین ئاشکرا کرد. بە گوێرەی ئەو پیلانە قەرار بوو ناوبراو بە بەلەمی خێرا بگەیەندرێتە تانکەرێک لە بەندەری نیویۆرک، بەر لەوەی بینێرن بۆ ڤێنێزوئێلا، وڵاتێکی هاوپەیمانی ئێران، و لەوێوە بینێرنەوە بۆ کۆماری ئیسلامی.

ساڵێک دواتر، پۆلیس هەوڵێکیان پووچەڵ کردەوە کە بە بۆچوونی ئێف بی ئای بۆ کوشتنی عەلینژاد بوو و کابرایەکیان بە تفەنگێک و ٦٠ فیشەکەوە دەستبەسەر کرد کە لە دەرگای ناوبراوی دەدا.

هەروەها کاربەدەستانی ئەمریکایی دەڵێن تاران پیلانی تۆڵە ئەستاندنەوەی کوژرانی قاسم سولەیمانی، سەرۆکی میلیشیای ترسناکی سوپای قودس کە لە بەفرانباری ١٣٩٨ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەئامانج گیرا، بە کوشتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، جان بۆڵتۆن و وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو، مایک پۆمپێئۆ، لە ناو کاربەدەستانی دیکەدا، داڕشتووە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، نە وڵاتە یەکگرتووەکان و نە یەکیەتی ئورووپا دەستبەرداری هیوادار بوون بە ڕێککەوتنێکی ناوکی نەبوون.

بارنیا، سەرۆکی موساد گوتی، "لە ڕوانگەی ئێرانییەکانەوە، لەلایەکەوە ئەوە بەڵگەیەکە کە دەیسەلمێنێ دەکرێ بە ڕواڵەتێکی فریودەرانەی ڕۆژاوایی گوتارێکی شارستانییانە لەسەر ڕێککەوتنی ناوکی جیا بکرێتەوە و بپارێزرێت و لە لایەکی دیکەشەوە پیلانی تێرۆریستی دژی کاربەدەستانی پلەبەرز و شارۆمەندانی ئەمریکایی داڕێژرێت. لێکجیاکردنەوە دەستکردەکە تا ئەو کاتەی دنیا ئیزنی پێ بدات درێژەی دەبێ."

### هەموو شتێک دەتوانێ ڕوو بدات

جەنگی ئوکراین وانەی قووڵی لەمەڕ مەترسییە قووڵە خۆڕسکەکانی نەرمی نواندن بەرانبەر بە دیکتاتۆرەکانی ئاشکرا کرد. ئەگەرچی ئاڵمان، بە تینوویەتی بۆ گازی ڕووسیە، زۆر جار لەو ڕوانگەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، ئەو لە ئورووپا بە تەنیا نەبووە. پێداگریی ئورووپا لە دانی سوودی گومان بە پوتین لە ساڵانی ڕابردوودا لەمەڕ تاوانەکانی، ناوبراوی دڵنیا کرد کە لەبەر داگیر کردنی ئوکراین، لە ڕۆژاوا بەرەوڕووی دەرئەنجامی کەم دەبێتەوە. ئەوە ئاشکرا بوو کە هەڵەیە؛ بەڵام کێ دەتوانێ گلەیی لە ڕێبەری ڕووسیە بکات کە بەو شێوەیە بیری کردبۆوە؟

لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران، ئەو بەسەرهاتە دەرفەتی فێر بوون لە مێژوو بە ئورووپا دەبەخشێ تا پێش ئەوەی درەنگ بێ بەرەوڕووی تاران ببێتەوە. بەڵام نیشانەی کەم ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕۆژاوا بەڕاستی ئامادەیە سەختگیر بێ. کاربەدەستانی یەکیەتی ئورووپا دەڵێن "بیر" لە گرتنەبەری ڕێچکەی واشینگتۆن بۆ دەستنیشانکردنی سوپای پاسداران، ڕێکخراوێکی بەرینی سەربازیی کە هەروەها زۆربەی ئابووری ئێران کۆنترۆڵ دەکات، وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەکەنەوە. حەوتووی ڕابردوو، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئاڵمان، ئاننا لێنا بەیربوک، بەڕێوەبەریی هەوڵێکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دامەزراندنی لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی بۆ سەرکوتی دڕندانەی ئێران دژی نارەزایەتییەکانی هەنووکەیی لەو وڵاتە گرتە ئەستۆ.

لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتێکدا ڕێژیمی تاران دوژمنەکانی دەکووژێ و خەریکی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی بۆ دروست کردنی چەکی ناوکی و هاژەکە کە دەتوانن بگەنە هەر خاڵێکی ویشکاڕۆیەکە، وێدەچێ هێندێک ڕێبەری ئورووپایی لە دیتنی چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر کوێر بن و بەتەمای ژیاندنەوەی گرێبەستی سڵی ناوکین.

بورێل کە لەو دواییانەدا دەوری سەرەکی سەبارت بە گرێبەستەکە بینەوە، لەمەڕ زیندوو کردنەوەکەیدا گوتی، " ئەو هێشتا هەیە،" و ئاماژەی بەوەشکرد کە، "ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە پرسەکانی دیکەوە، کە بە دڵنیاییەوە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە، نییە."

بە واتایەکی دیکە، لێ گەڕێ با کوشتنەکان درێژەیان هەبێ.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# شێوازیک بۆ بێزارکردنی خەڵکی لە گۆشتخواردن

ئێستا دانیشتووانی ئێران لە ناوچەی کوردنشین، ئازەری‌نشین، تورکمان‌نشین، عەرەب‌نشین، لوڕنشین، قەشقایی‌نشین، تاتی‌وتالشین‌نشین و گیلەکی‌نشینی ئەم وڵاتە بە نەتەوە سیخاخ‌کراوە هەموویان لە یەک خاڵی هاوبەشدا کۆ دەبنەوە. ئەم خاڵە هاوبەشەش دابەزین و نزم‌بوونەوەی توانای گۆشت‌کڕینە.

ئەم خەڵکە زۆر و جوداوازەی لە ناوچەی جۆراجۆری ئێراندا هەر کامیان بۆخۆیان شتێک‌نشینن، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ژمارەی "دوو" کەمێک پشووی پێ سوار کردوون. بەرپرسانی خاوەن ڕاوتەکبیر و چازان و لێزانی ئەم ئێرانە هەموو شتێک نشینە، زۆر تامەزرۆی کەڵک‌وەرگرتن لە ژمارەی "دوو"ن. هەرچەند منی نووسەری ئەم دێڕانە لەگەڵ ئەم نووسینەی بەرچاوتاندا سەر بە هەموو کون و قوژبنی ماڵاندا ناکەم و لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و ڕووبەری کامپیۆتێر و موبایلانەوە ناتانبینم، بەڵام سوور سوور سوور یانی سوورێکی وەک دڵۆپی خوێن دەزانم ئێوەش وەک من و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی حەزتان لە ژمارەی دووە. ئێوەش پێتان خۆشە لەجیاتی جارێک دووجار بژیێن، سامانتان دوو ئەوەندەی ئێستا بێت و زۆر شتتان دوو دوو بن. دەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییش بەم جۆرەن و پێیان‌خۆشە تەمەنی خۆیان هەشتا ساڵ تێپەڕێنێت و هی خۆشیان ١٥٠ ساڵ. ئەوانیش پێیان خۆشە تەمەنی خۆیان و دەسەڵاتیان دوو ئەوەندەی ئێستا بێت. دوو ئەوەندەی ئێستا یۆرانیۆمی خالیس بپیتێنن، منداڵانیان دوو ئەوەندەی ئێستا پارە ببەنە بانکەکانی دەرەوەی ئێران. دوو ئەوەندەی ئێستا پارە بگەیەننە حیزبەڵای لوبنان و دوو ئەوەندەی دیکە فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان بدەنە حروسان (ڕووسیە). بەڵام لەم هەموو دووە جارێ خەریکی دوو دووی زۆر سەیر و سەمەرەن. بۆ ئەوەی باسەکەمان بکرێتەوە و باشتر لێکی بدەینەوە، وەک شارەزایانی لێکدانەوە و شیکردنەوە دەڵێن پێویستە ئەم ٢ دووە بەجیا شی بکەینەوە.

دووی یەکەم: ئەم دووە لە پۆلێن‌کردنی ئێمەدا پێوەندیی بە هێڵی هەژارییەوە هەیە. لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بەرپرسانی سەر بە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی گوتیان ئەو خەڵکەی لە ئێران لە ناوچەی کوردنشین، ئازەری‌نشین، تورکمان‌نشین، عەرەب‌نشین، لوڕنشین، قەشقایی‌نشین، تاتی‌وتالشین‌نشین و گیلەکی‌نشینی ئێران، لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیێن، ژمارەیان لەم ساڵەی دواییدا گەیشتووەتە دوو ئەوەندەی خۆی. هەر لە درێژەی ئەم بابەتەدا فەرموویان ژمارەی ئەو خەڵکەی لەژێر هێڵی هەژاری‌دان، یەک لەسەر سێی دانیشتووانی ئێرانن. بەگوێرەی هەڵکشانی نرخی شتومەک دۆلارە سەوزەکەی سەرۆکی ئیستکباری جیهانی، لە ساڵی داهاتووشدا خەڵکی ژێر هێڵی هەژاری زیاد دەکەن و ئەگەر ئەوەندەی دیکە زیان بکەن بە حیسابی منی ئابووری‌نەزان ئەمساڵیش هەر دەڵێین دوو ئەوەندە زیادیان کردووە، بەڵام دوو ئەوەندەی یەک لەسەر سێش دەکاتە دوو لەسەر سێ و بەمجۆرە ژمارەی کاخ‌نشینان هەڵبەت ئەگەر بۆ وڵاتانی دیکە ڕانەکەن مەبەستم ئەوەیە کۆچ نەکەن، زۆر کەم دەبێتەوە و ژمارەی کۆخ‌نشیانان دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و ئەودەم پیاوانی برسی زیاتر بۆ ناردنیان بۆ سووریە و عێراق و یەمەن دەست لەسەر سنگن و بەشێکیشیان ئامادەن بە پارەی کەم لە نێوخۆ لەسەر شەقامان بکەونە دوای کیژان و کوڕانی خۆپێشاندەر. ئەمانە هەموو لە جێگەی خۆیاندا ڕاستن و لێرەشدا چاکەیەک دەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەکەین و باس لە چەند ئەوندە زیادبوونی خێڵی لایەنگرانی دروشمی "نە این وەری و نە اون وەری" ناکەین.

**دووی دووهەم**: ئەم دووەیان هەر بۆ دڵخۆشییە و سەرانی نیزام پێی دڵخۆش دەبن، ئەویش جێبەجێ‌کردنی سیاسەتی حەکیمانەی دوو جار لەسێدارەدانی ئەو ئاژاوەگێڕانەیە قسەی سووک بە وەلیی ئەمر دەڵێن و تەنانەت پارێزەرکانیانیشیان نەیانتوانیوە لە دادگا سەیری دۆسیەکانیان بکەن و حوکمی کوشتنیان بۆ دەرچووە. بۆ ئەم مەبەستەش لاوێکی ١٨ ساڵانی خەڵکی باکووری ئێران لە کاتێکدا دیار نەکراوە ناوچەکە گیلەکی‌نشینە یان تاتی و تالشی‌نشین، بەڵام هۆکاری دەرکردنی حوکمەکە وەک ڕۆژی ڕوون ئاشکرایە و حوکمێکی ڕەواشە. ئەم کورە لاوە کیوسک یان "ژۆرۆکەیکی سەر شەقامی" هێزی ئینتزامیی ئاگر داوە و ئەمە هۆکاری دەرکردنی حوکمی دووجار کوشتنیەتی. ئەگەر باس لە ئەو زیانە زۆرەی ئاگردانی ژوورۆکە یان کیوسکەکەی هێزی ئینتزامی بکەین، نەک هەر خەڵکی شارەکە، بەڵکوو پێویستە هەموو خەڵکی ئێران ئەوانەی لە دەسەڵات نین و دوور نییە لە داهاتوودا بکەونە ژێر هێڵی هەژاریی ساڵانی داهاتوو، پێویستە هەموویان لە سێدارە بدرێن. بەڵام هۆکاری دوو جار ئێعدامەکە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە. یەکەمیان بە لەنێوبردنی کەسێکی مەترسیدار بۆ نیزام نامێنێت و خەڵکیش پێیەوە دەترسن و دووهەمجار کوشتنیشی بە مەبەستی کوشتن یان کەمکردنەوەی ترسی بەرپرسانی نیزام و ورەپێدانیانە.

باسێکی دیکە لەم ڕۆژانەدا لە سەر زار و زمانانە. ئەویش باسی قیمە و شفتە و کۆتلێتە. دوای ئەوەی سەردار قاسم سولەیمانی ئەو قاسم سولەمیانیەی خودییەکان پێی دەڵێن ژێنڕاڵ و دوژمنان دانی پێدانانێن، لە پێش فڕۆکەخانەی بەغدا پارچە پارچە کرا، نەیاران ناوی قیمە و شفتە و کۆتلێتیان بەسەردا بڕیوە. هەرچەندە ئەمە لای دۆستانی شتێکی ناشرینە، بەڵام سوودێکی نادیاریشی هەیە. ئەوشی ئەمەیە خەڵکی برسی و ڕش و ڕووت بەردەوام بە بیرهاتنەوە ئەم ڕووداوە، ئەو خوردەمەنیە گرانبەها و (هزینەبردار)انەیان لەبەر چاو دەکەوێت و ئەودەم خەڵک ڕوو دەکەنە خواردنی دانەوێڵە و مانەوێڵە و ئەحشام و ئاژەڵیش هەناردەی دەرەوە دەکرێن و دۆلاری سەوز لە ئابووریی وڵاتدا بەرچاوی هەموو لایەک ڕوون دەکاتەوە.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:838   5 january 2023


ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East   MHz 12594
polarization: Vertical -27500  FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

### لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا

## ئێعدامکرانی ٥٢ کەس، دەسبەسەرکرانی ٧ هەزار کەس، کوژران و برینداربوونی ٢٩٠ کۆڵبەر لە کوردستان



کۆماری ئیسلامیی ئێران لانیکەم لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا لانی کەم ٥٦٥ کەسی بە تۆمەتی جۆراوجۆر لە سێدارە داوە کە ٥٢ کەس لەوان کوردن.

لەو لانیکەم ٥٦٥ کەسەی بە تاوانی جۆراوجۆر و زۆر لەوان بە هۆکاری سیاسی لەسێدارە دراون، ٥ کەسیان منداڵی خوار تەمەن ١٨ساڵن کە لەم دواییانەدا لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیم دەسبەسەر و سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپێندرا. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە ٦٥ لەسەدی سزای ئێعدامی ئەو کەسانە بەنهێنی و دوور لە چاوی ڕاگەیاندن لەدار دراون و سزای لەسێدارەدان بە بەراوەرد بە ساڵی ڕابردوو سەتا ٨٨ زیادی کردووە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستانیش دەڵێن لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ٥٢ کەس لە کوردستان، بە تۆمەتی جۆراوجۆر کە ژمارەیەک لەوان زیندانیی سیاسی بوون، ئێعدام کراون. هەر لە ساڵی ڕابردووی ٢٠٢٢ی زایینیدا زیاتر لە ٧ هەزار کەس دەسبەسەر کراون کە ١٥٥ کەس لەوان سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها لە درێژەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ٢٩٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد، ڕاستەوخۆ بە تەقەی هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیمی ئێران لە سنوورەکانی کوردستان گیانیان لەدەست داوە یان بریندار بوون.

## لە شۆڕشی ژینادا ٤٩ ڕۆژنامەنووس گیراون، ٢٢ کەسیان ژنن



کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور کە دوو دامەزراوەی جیهانی بواری ئازادیی ڕاگەیاندنن ڕێژیمی ئێرانیان لە سەرەوەی ئەو وڵاتانەدا پلەبەندی کرد کە وەک زیندان بۆ ڕۆژنامەوانان دادەنرێت.

کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەوانان ڕایگەیاندووە کە ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢دا دوای وڵاتانی چین، میانمار، تورکیە و بێلاڕووس لە سەرووی ئەو وڵاتانەدا جێ دەگرێ کە بە زیندان بۆ ڕۆژنامەنووسان دادەنرێت و لە ئێستاشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی ڕۆژنامەنووس لەو وڵاتە زیندانی کراون.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بڵاوی کردەوە کە لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە پاییزی ئەمساڵەوە ئەو ڕێژیمە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستی کردووە بە دەسبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران، بە ڕادەیەک کە ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ئەو کارەی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی بە «سەرکوتی گەورە» ناو بردووە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە ڕێژیمی ئێران تەنیا مانگێک دوای ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، بە دەسبەسەرکردن و زیندانیکردنی ٤٩ ڕۆژنامەنووس بە سێیەمین زیندانی گەورەی ڕۆژنامەنووسانی جیهان دادەنرێت. کریستۆف دولوار، سەرۆکی یەکەمی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لەو بارەوە ڕایگەیاند کە «تەنیا وڵاتانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆن کە بە دەسبەرسەرکردن و بەندکردنی ڕۆژنامەنووسان، زیندانەکانیان سیخناخ دەکەن و، ئێمە دەبێ لە بەرانبەر ئەم ڕێژیمەدا ڕاوەستین و پێش بەو کارانەیان بگرین». ئەو ڕێکخراوەیە ڕایگەیاندووە کە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا ٥٣٣ ڕۆژنامەنووس لە سەرتاسەری جیهان دەسبەسەر کراون، ٥٧ ڕۆژنامەنووسیش گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ٦٥ ڕۆژنامەنووس بەبارمتە گیراون و ٤٩ ڕۆژنامەنووسیش بێسەروشوێن کراون.

کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاندووە لەنێو ئەو ٤٩ ڕۆژنامەنووسەی لە ڕەوتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا دەسبەسەر کراون، ٢٢ کەسیان ژنن.

## خەڵاتی سیمۆن دوبووار بە یادی ژینا ئەمینی دەدرێتە ژنانی کوردستان و ئێران



هەیئەتی داوەرانی خەڵاتی سیمۆن دوبووار ڕایانگەیاند ئەوان پشتیوانی لە ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» دەکەن و خەڵاتی ئەمساڵیان بە یادی ژینا ئەمینی پێشکێش بە ژنانی کوردستان و ئێران دەکەن.

خەڵاتی سیمۆن دوبووار لە ساڵی ٢٠٠٨ی زایینییەوە هەموو ساڵێک بە کەسێک یا گرووپێکی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ دەدرێت. لە بەیاننامەی هەیئەتی داوەراندا هاتووە ئەمڕۆکە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لەلایەن هەزاران هەزار کەسی خۆپیشاندەر بە ژن و پیاوەوە دەگوترێتەوە.

ئەو ڕێکخراوەیە دەڵێ ڕاپەڕینی ژنان لە ئێران بووەتە سیمبولێک بۆ ئازادی و ئێمە ئەو خەڵاتە بە یادی ژینا ئەمینی دەدەین بە ژنانی کوردستان و ئێران.

### بەر لە ماڵاوایی

# دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامیی ئێران



ئامانج زیبایی

بە درێژایی مێژووی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هەڵگرتنی درووشمی توندوتیژ و گرتنەبەرت سیاسەتی چەوت و دانانی ستراتێژی ناڕیالیستی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژیمی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دوور خستۆتەوە و تیۆەگلانی بەرپرسانی باڵای ئەم ڕێژیمە لە کردوە تێرۆریستییەکان و هاندانی لایەنگرانی خۆیان بۆ نانەوەی ئاژاوە و بشێوی ڕووخسارێکی تا بڵێی کرێت و دزێویان لە ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە پێشان داوە. ڕوویەکی دیکەی ئەو واقعە مامەڵەی وڵاتانە کە لە سۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنیەتییەکانیان هەوڵیان داوە لەگەڵ ڕێژیم هەڵ بکەن و بە گوشاری کەم تا زۆر هەوڵ بدەن ڕەفتاری ڕێژیم گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا ئەم واقعەی گۆڕی.

گۆڕینی نیگای کۆمەڵگەی جیهانی ئەگەرچی کارتێکەریی کوژرانی حکوومەتیی ژینا و وەڕێکەوتنی لافاوی تووڕەیی خەڵک بۆ ڕاماڵینی ڕێژیمی لەسەرە، بەڵام بێگومان کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەش هەن کە وا دەکەن وڵاتان چیدی ئامادە نەبن بە هەموو تێچوویەک درێژە بە پێوەندییە پڕکێشەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بدەن. هەڕشە کردن لە وڵاتان، دەستتێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتانی تر، پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکی و ئەتومی، پێشێلکردنی هەراوی مافی مرۆڤ، سەرکوتکردنی خەڵک لە خۆپێشاندانەکان، پشتیوانیی لۆجێستیکی و ماڵی لە میلیشیا چەکدارەکان و بەکارهێنانیان وەک کارتێکی فشار بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و جیهان، پێدانی دڕۆنە خۆکوژەکان بە ڕووسیە و بەشداریکردن لە شەری ئوکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسیەدا، بەشێک لەو فاکتەرانەن کە لە تەنیشت ئاخێزی ئەمجارەی خەڵکی ئێران ڕوانگەی دنیای دەرەوەی بەنیسبەت کۆماری ئیسلامی گۆڕیوە.

بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی یەکێک لە پارادایمە هەرە بەهێزەکانی سیاسەت کردن و داڕشتنی پێوەندیی دوولایەنەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پاراستنی بەرژەوەندی هەردەم دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی نێوان دوو لایەن یان خود نەمانیان، واتا بێتوو بەرژەوەندی وڵاتێک یان چەند وڵاتێک لە مەترسییش بکەوێت ئەوە هۆکاری سەرەکییە بۆ پچڕان یان کەمکردنەوەی پێوەندیی نێوانیان.

یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ئەم دواییانە سەردانی بەرپرسانی چین بوو بۆ عەرەبستانی سعودی. چین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا وەک هێزێکی کاریگەر لە جیهاندا و وەک ڕکەبەری ئامریکا ناوی دێت، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستی بە ئارامی و سەقامگیرییەکی درێژمەودا هەیە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. کاتێکیش هەست بە وەکرا کە کۆماری ئیسلامی و هەوڵە تێکدرانەکانی دەتوانێت بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت لە بواری وزەدا بخاتە مەترسییەوە، بەبێ دوو دڵی وازی لە لایەنە لاوازەکە (ئێران) هێنا و ڕووی لە وڵاتانی عەرەبی کرد کە کەرتی وزەیان لە بەردەستدایە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا سیاسەتی نیزیکبوونەوە لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی (چین و ڕووسیە) لە دەستووری کاری خۆیدا پەیڕەوی کردوە و ئەم بابەتەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بە دوورکەوتنەوەی خۆویستانە لە وڵاتانی ڕۆئاوایی. لەو سۆنگەیەوە دەبینین بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆماری ئیسلامی ئێران گرەوی لەسەر ئەسپی تۆپیو کردووە.

بە سەرنجدان بە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی گرینگیی ئەم وەرچەرخانەی چینمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕوونە کە هێرش و هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر عەرەبستان و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە بەرژەوەندییەکانی چین لە مەترسی داوێت و نائارامی لە بواری وزەدا بە تایبەت لە کەنداو و گەرووی هوورموز لە پێش هەموو لایەنێکدا زیان بە وڵاتێکی وەک چین دەگەیەنێ و گرینگتر لە هەموو ئەم بابەتانش ئەوەیە کە نیزیکبوونەوەی عەرەبستان لە چین ئیدارەی بایدن و دێموکراتەکانی تووشی سەرسوورمان کردووە. بۆیە ئەوانیش بۆ ئەوەی هاوپەیمانێکی گرینگی وەک سعوودی لە کیس خۆیان نەدەن، دەبێ زیاتر لە جاران ئاور لەم وڵاتە بدەنەوە و بابەتی پاراستنی ئەم وڵاتش دەبێتە بابەتێکی هەستیار و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نێوان چین و ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێتە کێبڕکێی نیوانیان.

تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی تایبەت بەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی ئەم ڕێژیمە نییە و هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری ئەم ڕێژیمە بە هۆی پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزم و هێرشکردنە سەر بالیۆزخانەی ئەمریکا لە خاکی ئەم وڵاتە و هەوڵدانیان بۆ نانەوەی بشێوێ و ناسەقامگیری لە ناوچە دەستی پێ کرد و ئێستاش بەهۆی بەردەوامییان لەو سیاسەتە و پەرەپێدان بە سیاسەتی تێرۆر لە نێوخۆ و دەرەوە و سەرکوتی ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان متمانەیەکیان بۆخۆیان لای هیچ وڵاتێک نەهێشتۆتەوە.

دادگایی خەڵکیی ئابان لە لەندەن، دادگایی و بەندکردنی حەمید نووری لە سوئێد و ئێستاش دانانی کۆمیتەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کوشتاری خۆپێشاندەران چەند نموونەیەکن لە کاردانەوەی کۆمەڵگەی جیهانی کە دەیانەوێ سنوورێک بۆ ئەو ڕێژیمە دابنێن. دەرکرانی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە یەکێک لە لێکەوتەکانی ڕاپەڕینی ژینا بوو، ڕای گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر دۆخی ڕاستەقینەی واقعە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران چڕ کردۆتەوە.

تێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی ئوکراین و فرۆشتنی دڕۆنی خۆکوژ بە ڕووسیەش هۆکارێکی ترە بۆ هەرچی زیاتر تەریککەوتنەوەی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بوونی پاڕلمانەکانی ئوروپا بە تریبوونی خۆپێشاندەران و پرسی وەکالەتی سیاسیی دەسبەسەرکراوەکانی ڕاپەڕینی ژینا لەلایەن پاڕلمانتارانی ئوروپاوە نیشانەکانی دیکەی تەریککەوتنەوەی ئێران و بە بۆنبەستگەیشتنی سیاسەتەکانی ڕێژیمن.

هاوکێشەکە ڕوونە: بەرجام بۆ هاوبەشە ڕۆژئاواییەکان لە ڕۆخی مردندایە. ئێران کە بەتەما بوو پشکێکی زۆری لە بازاڕی گازی ئوروپا هەبێت، بەهۆی پشتیوانیی لە ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین ئەو دەرفەتەشی بۆخۆی لەبار برد کە بێگومان لە غەیری ئەوەشدا ڕووسیە ئەو ئیزنەی نەدەدایە. سپای پاسداران هەتا دێ پتر لەسۆنگەی مەترسییەکانی بۆ سەر ئەمنییەتی جیهانی ئیزۆلە دەکرێ و ئەوانەش نیشانەکانی پتر داڕمانی هەیکەلی کۆماری ئیسلامی وەک وڵاتێکی یاخی و سەرەڕۆیە.